# پیاوە

قامچی بەدەستەکە

# پیاوە قامچی بەدەستەکە

نووسەر: جەبار عوسمان

بابەت : ڕۆمان

دیزاین:  ئومێد محەمەد

بەرگ: ئارام عەلی

هەڵەبڕی و زمانەوانی: سەلام مستەفا

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٠

تـــــــیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی چوارچرا

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی ( ٢٦٩٠ ) ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

ڕۆمان

# پیاوە
# قامچی بەدەستەکە

جەبار عوسمان

2020

لەناخی هەموو مرۆڤێکدا چەند تابلۆیەک هەن، کە وێنای ئازارەکانی ژیانی دەکەن، ئەو ئازارانەی، کە ژیان پێی چەشتووە و وەک ژەهرێک ڕۆچۆتە نێو هەموو کەلەبەرەکانی ناخییەوەو بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە.

**نوسەر**

کاتێک ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، بۆمن گرنگ نییە چلۆن بیر لە چیرۆکی تابلۆکانی ژیانم دەکەیتەوە، گرنگ ئەوەیە لەنێو تابلۆکانی یادەوەری ژیانی خۆتدا وێنەی مەرگی خۆت بناسیتەوە.

**سەناریا**

# هۆڵی
# پێشانگای
# تابلۆکان

# ١

پێنجەم ڕۆژی کۆتایی پێشانگەکەم بوو، هێشتا هۆڵەکە لەبینەرانی جمەی دەهات، لەڕوخساری هەموو ئەو کەسانەی بەتاسەوە لەتابلۆکانیان دەڕوانی هەستێکی خۆشبەختی بەدەرونە شێواوەکەم دەبەخشی. هەندێکیان وەکئەوەی بیانەوێت چیرۆکی پشت تابلۆکان بخوێننەوە و لەهەستی خۆیاندا وێنایەکی دروستی بۆبکەن، لەبەردەم تابلۆکاندا تەواو ڕامابوون. لەو ساتەدا هەموو هەستەکانم لەنێو ناخی ئەواندا تەواو ئاوێتە ببوون، بەڵام ئەوەی تەواو پێچەوانەی بیرو خوێندنەوەی هەموو ئەو میوانانە بوو، کە بەهێمنی تابلۆکانیان بەسەر دەکردەوە ئەوە بوو، دڵنیابووم لەوەی، ئەوان لەهەستێکی ڕابردووی ژیانی خۆیانەوە خوێندنەوەیان بۆتابلۆکان دەکرد، زۆرینەی خەڵکیی تەنها لە ناو ژیانی ڕابردووی خۆیاندا دەژین، هەرگیز ناتوانن دەستبەرداری بن و ژیانێکی نوێ بۆخۆیان دروستبکەن، هەربۆیە هەموو خەونێکی داهاتووی خۆیان تەنها دوبارە بوونەوەی ئەو ژیانەیە کەوەک بازنەیەک بەدوریدا دەسوڕێنەوە، بەڵام ئەوەی من دەمویست بە بینەرانی بگەیەنم و لە تابلۆکاندا بەرجەستەم کردبوون، چیرۆکێکی پڕ لەئازاری ژیانی منداڵێکی لەدایک نەبووبوو، کە هێشتا لەناوسکی مندا لەچاوەڕوانی هاتنە نێو ئەم ژیانە بێنرخەدایە،

که بۆخۆیشی نازانێت چ چارەنوسێکی نادیارو دژوار چاوەڕێی دەکات، ئایا ئەوە پرسیارێک لەلای بینەران دروستدەکات و بەخۆیاندا دەهێنێتەوە و لەژیانی دوبارەی خۆیان ڕادەمێنن؟یان تەنها وەک ڕوداوێکی ڕاگوزەر لێی دەڕوانن؟!.

ئای ئەوە چ هەستێکی نامۆ و دژوارە، واملێدەکات هەموو هەستەکانم پێچەوانەی هەمووئەو مرۆڤانە بێت، کە لەوانەیە پێیان وابێت داهاتووی مرۆڤەکان لەبەرکەوتنی خودی خۆیانەوەیە بۆژیان، نەک وێناکردنێکی پێشوەختەی نادیار، کە چارەنوسی مرۆڤێکی لەدایک نەبووی پێ دیاری بکرێت.

ئایا من لەو بۆچوونەمدا دروستبووم؟ یان تەنها ئەندێشەیەکی پوچ و پێشوەختەبوو بۆ کپکردنەوەی ئازارەکانی ناخم. ئایا هێڵی ژیانی هەموو مرۆڤێک مەرجە بەنێو هێڵی ئازارەکانی ئێمەدا تێپەڕێت و هەمان چیرۆکی پڕلەئازاری ژیان لەخۆیدا وێنا بکاتەوە؟ یان ژیان بەئاراستەیەکی تردا دەیبات و ڕۆدەچێتە ناو خۆشبەختیی چێژی ژیانێکی ئەفسوناوی، کە هەمیشە مرۆڤایەتی خەونی پێوە دەبینێت؟!.

ئەوەی لەبیری مندا هەبوو، وێناکردنی ژیانێکی پڕلە ئازاری خۆم بوو بۆ ئەوکچە نازدارەی کە هێشتا چاوەکانی بە دیمەنی قێزەونی ئەم ژیانەدا هەڵنەهێناوە، دەبێت ئەو کچە کێ بێت؟ئایمن چەند شتەکان لەیاد

دەکەم، لەبیرم چوو پێتان بڵێم ئەو کچەی، کە هێشتا چەند ڕۆژێکی مابوو بێتە میوانی ئەم ئازارانەی ژیان، ناوم لێنابوو (پەریسا) ئا پەریساکەی من، ئەوەی لەنێو ڕۆحی مندا دەژی، ئەو کچەی چارەنوسی ژیانی خۆم پێوە بەند کردبوو، دڵنیام ئێوەش ئەو ناوەتان بەلاوە خۆشە. زۆر جار وێنای دیمەنی ڕوخسایم دەکرد، پرسیاری ئەوەم لەخۆم دەکرد «دەبێت پەریسا تەواو بەوێنەی خۆم بچێت و ڕەفتارە بزێوەکانی تەواو بچێتەوە سەر منداڵیی خۆم، یان هەندێک شێوەی ڕوخساری باوکی هەڵگرتبێت» ئۆففف ئەو بەراوردکردنە چەند ئازاری ئەدام، دەبێت پەریسا لەکام باوکی بچێت؟ تۆبڵێی تەواو بچێتەوە سەر باوکە مۆن و کەم دووەکەی، کە باوکی ڕاستەقینەی خۆیەتی، یان شێوەی چاوە هەنگووینییەکانی ئەو باوکە میهرەبانەی هەڵگرتبێت، کە ژیانێکی پڕلە ئابڕوبەرانەی بۆ نەخشاندووە. ئۆف خودایە ئەوە چ هەستێکی نامۆیە چارەنوسی من و پەریسای خستۆتە دوڕیانێکەوە، کەبۆخۆیشمان نازانین بەکامیاندا ڕێدەکەین!.

لەگەڵ ئەو ئەندێشەیەی خۆمدا هەستم بە دابەزینی فشاری خوێنم کرد، بینابیم کەمێک تاریک بوو، سەرم تەواو سوڕی دەخوارد، بۆئەوەی بە زەویدا نەکەوم، بەئاستەم لە جێگەی خۆمەوە لەسەر کورسیەکە دانیشتم، لەو ساتەدا هەستمدەکرد لەناو بەلەمێکی بچووکی تێکشکاودام و شەپۆلی دەریایەکی بێئامان

گەمە بە ژیانم دەکات. تابلۆکان لە پێش چاومدا دەهاتن و دەچوون، بینابیم هێزی ئەوەیان نەمابوو لەنگەرێک لەسەر دیمەنی تابلۆک بگرن، لەناکاوێکدا هەستم بە جوولەی پەریساکرد، وەکئەوەی بیەوێت لەم ناوەختەی تەمەنیدا بێتە دەرەوە و بەچاوەکانی خۆی لە دیمەنی تابلۆکان بڕوانێت.

وای ئەوە چ هەستێک بوو لەمندا دروستبوو، ئەوەندە بەخۆمزانی پەریسا دەست و مەچەکە خرپنەکانی لەپێستی سکم گیر کرد، لەهەوڵی ئەوەدا بوو بەدووی شوێنێکدا بگەڕێت تا لێوەی بێتە دەرەوە، من بیرم لەوە دەکردەوە چلۆن بتوانم هاوکاری پەریسابکەم تا لەو دۆخە دژوارەی تێی کەوتووە قوتاری بکەم، بەڵام ئەو بێئارام بوو، پەلەکانی بە هەموو شوێنێکی ناوسکمدا دەبزواند، هەستمدەکرد وەکئەوەی لەناو میزڵدانێکی پڕلە ئاودا بێت بەهەموو لایەکدا دەسوڕا. کاتێک بەخۆمزانی سەری پەریسا لەنێو لەشمدا لەگەڵ خوێنێکی ڕەشی لینج هاتە دەرەوە، ئەو بەردەوام شەپۆلی بەجەستەی خۆی ئەدا بۆئەوەی چی زووترە لەو زیندانەی جەستەی من بێتە دەرەوە، منیش لەگەڵ ئازارێکی بەسوێ، کەهەموو کەمەرو پشت و لەشمی تەنیبوو، هاوارم دەکرد و دەمگوت «پەریسا هێشتا زۆرت ماوە بۆئەوەی لەدایک بیت» ئای ئەوە چ گەمژەییەکە منداڵێک لەکاتی لەدایکبوونیدا بدوێنیت، کە هێشتا بۆخۆیشی مانای

بوونی خۆی نازانێت، بەڵام ئەو بەردەوام بوو لەهەوڵی هاتنە دەرەوەی، تا بەتاوێک بەجستەیەکی خوێناوی لینجەوە خۆی هاویشتە سەر کاشی هۆڵی پێشانگەکە.

من لەخەمی ئەوەدا بووم پەریسا بەهۆی کەوتنە خوارەوەی زیانێکی پێ گەیشتبێت، هەربۆیە بەپەلە ویستم تاوی بدەم و لە ئامێزی خۆمی بگرم، بەڵام پەریسا وەک ماسییەک لەنێو دەستەکانم بەدەم گریانێکی سامناکەوە خلیسکاو کەوتە بەرپێی ئەو میوانانەی، کە لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا دەهاتن و دەچوون، سەراپای جەستەم قورس و گرانبوو هێزی ئەوەم نەبوو لە شوێنی خۆمدا ببزوێم، هەموو خەیاڵم لەسەر پەریسابوو، ترسی ئەوەم هەبوو میوانەکان بەهۆی بینینی ئەو دیمەنە نامۆیە بشڵەژێن و پەریسا بکەوێتە ژێر پێکانیانەوە، یەکێک لەو ژنانەی لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا وەستابوو لەتابلۆکانی دەڕوانی، کاتێک پەریسای بینی پڕبە هەموو گەرووی هاواریکرد «ئەم منداڵە زۆڵە کێ فڕێی داوەتە ئەم شوێنەوە»؟.

بەدەم هاوارێکی تاساوەوە بەخۆم هاتمەوە، لەو ماوەیەی بەهۆی دابەزینی فشاری خوێنمەوە کەوتبوومە ئەو خەیاڵە سامناکەوە، نەمدەزانی چەندێک دەبوو لە ناو ئازارەکانی خۆمدا ڕۆچووبووم، دەنگی ئەو کەسانەی تاک و تەرا لەهۆڵەکە دەچوونە دەرەوە بەئاگایان هێنابوومەوە، هەندێکیان لەبەردەمی ئەو دەفتەرەی، کە بۆ نوسینی سەرنجەکانیان لەسەر مێزێک دامنابوو

تا بۆچوونی خۆیان لەسەر چۆنیەتی تابلۆکانم بنوسن نۆرەیان گرتبوو.

لەسوچێکی هۆڵەکەدا لەسەر کورسییەک دانیشتبووم، لەچاوەڕوانی ئەوەدابووم هۆڵەکە تەواو چۆڵ بێت و تابلۆکان کۆبکەمەوە، لەنێوان ئەو چەندکەسەی لە هۆڵەکەدابوون، کەهێشتا چاوەکانیان لە دیمەنی نامۆی تابلۆکان تەواو تێرنەبوو بوو ژنێکی بالآپۆشی ڕەشم بینی، کە لەبەردەم تابلۆی (ژنی بەردەم ئاوێنەکە) ڕامابوو، پێدەچوو لەهەستی خۆیدا وێنای چیرۆکی پشت تابلۆکەی بەرجەستە کردبێت، بەو ڕەفتارەی کەچاوە گەورەو بزێوە کانی بەناو هۆڵەکەدا دەگێڕا و لەسەرم لەنگەریانگرت، لەوە تێگەیشتم مەبەستی بێت بەدووی مندا بگەڕێت، هەربۆیە بەهێمنی خۆم گەیاندە لای و بە نیگایەکی پڕلە خەندەوە وتم:

–فەرموون خاتوون پرسیارێکتان هەبوو؟

ئەو ژنەبەسەرنجە تیژو پڕلە گومانەکانی کەلەسەر چاوەکانم نابووپێدەچوو بمناسێت، بەڵام بە زەردەخەنەیەک ئەو گومانەی لە مندا ڕەواندەوە، بەبێئەوەی پرسیاری ئەوەم لێبکات کە کێ خاوەنی پێشانگەکەیە وتی:

–تابلۆکانت زۆر جوان و مانابەخشن، بەڵام ئەستەمە هەموو کەسێک بتوانێت وەک خۆیان بیانخوێنێتەوە.

منیش بەخەندەیەکی تاڵەوە وتم:

-بەدڵنیاییەوە هەموو تابلۆکان چیرۆکێکی تایبەت لە پشتیانەوە هەن، بەڵام هەرکەسێت لە دەرونی خۆیەوە دەتوانێت چیرۆکێکی بۆداڕێژێت کە هاوتای ناخی خۆی بێت.

پێدەچوو بیر لەقسەکانم بکاتەوە، کەمێک لەخۆی ڕاماو پاشان وتی:

-دەتوانیت چیرۆکی ناو تابلۆکانتم بۆ بگێڕیتەوە.

ئەو پرسیارەی خەندەیەکی لە سەر لێوەکانم دروستکرد، کەمێک لەچاوە کانیم ڕوانی و وتم:

-خاتوون، پێویستە تۆبۆخۆت بیانخوێنیتەوە من بۆئەوە نمایشم کردوون، کە بینەران لەناخی خۆیانەوە خوێندنەوەیان بۆبکات، پاشان کات زۆر درەنگی کردووە منیش زۆر ماندووم پێویستە کۆیان بکەمەوە و بڕۆمەوە.

ئەو بەنیگایەکی پڕلە میهرەبانییەوە لەجەستەمی ڕوانی، کەلەژێرعەزییەکی تەنکی فراواندا کەمێک سکە گەورەکەمی شاردبۆوە وتی:

-بەم سکەتەوە چلۆن دەتوانیت ئەو کارە بکەیت، لێم گەڕێ بامن هاوکاریت بکەم.

بۆئەوەی خۆمی لێ قۆتاربکەم وتم:

-خاتوون منماڵم زۆر دوورە لەدەرەوەی سنوری شار دەژیم، پاشان کاتەکەش بۆئێوە زۆر درەنگ دەکات، سوپاست دەکەم.

ئەو دیاربوو زۆر مەبەستی بوو ئەو کارەبکات،

هەربۆیە بەخەندەیەکەوە وتی:

-تکادەکەم بەڕێز ڕێگر مەبە، من بەتایبەتی هاتووم بۆبینینی تابلۆکانت، ئەگەر بەڕێزتان لاریتان نەبێت پێم خۆشە هاوکاریت بکەم پێکەوە تابلۆکان کۆبکەینەوە، هەڵبەت ئەگەر بەمیوانم پەسەند بکەن ئەوە زۆر خۆشحاڵتر دەبم، لەماڵەوە بەدەم خواردنەوەی (چا) یەکەوە باسی تابلۆکانتم بۆبکەی.

ئەو بەو قسانەی هیچ بوارێکی بۆمن نەهێشتەوە، کە بتوانم لەوە زیاتر ڕێگری بکەم. ئەو ئێوارەیە پێکەوە هەمووتابلۆکانمان کۆکردەوە و بەهێمنی لە سندوقی ئۆتۆمبێلەکەمدا هەڵمانچنی و بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوتین.

## ٢

که گەیشتینە ماڵەوە زەردەپەڕدیمەنێکی جوانی بەحەوشەی ماڵەکەم بەخشیبوو، چۆلەکەی سەر دارتووەکەمان وەکئەوەی بەهاتنەوەمان بەختەوەربن جریوە جریوێکی بەسۆزیان بەگوێماندائەدا. ئەو ژنەنامۆیەی کە لەماوەی چەند کاژێرێکدا ناسیم، داوای لێکردم بچمە ژوورەوە و دەرگای سەرەکی ماڵەکەم بکەمەوە، کەدەرگاکەم والاکرد بۆخۆی تاوی دایە تابلۆکان و هەموویانی لە گۆشەیەکی ژووری میوانەکەمدا هەڵپەسارد، ئەوەی جێگای سەرنجم بوو ڕەفتاری ئەو ژنەبوو، بەو تەمەنەیەوە کە بەهێندەی پەنجاساڵێک دەچوو وەک کیژێکی هەرزەکار ڕەفتاری دەکرد، کاتێک لە سیما درێژکۆلەکەی و پێستە سپییەکەیم دەڕوانی لەگەڵ بەرزی باڵاکەیدا، جوانییەکی بێئەندازەم تیا دەبینی، کە هێشتا جوانی لاوێتی خۆی بەتەواوی ون نەکردبوو.

ویستم داوای لێبکەم پشویەک بدات تا چایەک ئامادە دەکەم، بەڵام بەهۆی پەرش و بڵاوی ماڵەکەمەوە بیرم تەواو شێواو بوو وتم:

–ببورە خاتوون ناوی بەڕێزتانم نەزانی.

ئەو بەبێئەوەی گوێ بەقسەکانم بدا بەدەنگێکی نەرم وتی:

–ناوم (ماریا) یە، من ناوی ئێوەم لەڕیکلامی پێشانگەکەدا زانی، تکادەکەم خۆت ئەوەندە ماندوو مەکە، کارکردن

بۆژنی دووگیان بەهۆی قورسی جەستەیەوە کەمێک ئەستەمە، پاشان بامنداڵەکەت زیانی پێ نەگات بەسکتا دیارە هەشت مانگی تێپەڕاندووە، دڵنیام مانگی خۆتە.

بەگومانێکەوە لە چاوە تیژو پڕ لەپرسیارەکانیم ڕوانی کەلەسەر جەستەی من لەنگەریان گرتبوو، هەناسەیەکی پڕلە ئازارم هەڵکێشا کە هەست و ناخی (خاتوووماریا) ی بەتەواوی بزواند وتم:

-کێشە نابێت وەک هەموو ڕۆژێک کارەکانی خۆم دەکەم.

لەگەڵ تەواو بوونی قسەکانم هاتە نێزیکمەوە و تاوی دایە هەنگڵم و بە تۆپزی داوای لێکردم دابنیشم وتی:

– لەماڵی کەسێکی وەک بەڕێزتانا خۆم بەمیوان نازانم، بۆخۆم پێمخۆشە خزمەتت بکەم، ژن کە دووگیان بوو جەستەی قورس دەبێت و تەمبەڵ دەبێت پێویستە پشوو بدات.

بەو ڕەفتارەی ناچاری کردم داواکەی پەسەند بکەم، هەرچەند لەناخی خۆمەوە ئەوە بۆمن ئەستەم بوو ڕێگە بەمیوانێکی ناوەخت بدەم لەماڵەکەمدا بۆخۆی کار بکات.

ئەو ئێوارەیە خاتوو ماریا بەگورجی (چایی)یەکی دەم کردوو لەسەرسینییەک دووپیاڵە چایی هێنایە ژووری میوانەکەو لەسەر ئەو مێزەی لەناوەڕاستی ژوورەکەمدا بەگوڵی نایلۆن ڕازاندبوومەوە داینا، پاشان بەهێمنی دەستی بۆپیاڵە چاییەکە بردوو قومێکی لێداو چاوێکی بە ژوورەکەمدا

گیرا، بەردەوام لەدیمەنی ئەو گوریسەی دەڕوانی کەوەک پەتی سێدارە لەناوەڕاستی بنمیچی هۆڵەکەدا شۆڕببۆوە، دواتر چاوەکانی لەسەر وێنەی ئەو ژنەی (نامۆ) بە چەقۆی میوە هەڵیکۆڵیبوو لەنگەریانگرت، پێدەچوو مەبەستی بێتلەو وێنە هەڵکۆڵدراوەدا بەدوای شتێکدابگەڕێت، بەردەوام لێی دەڕوانی.من کەجەستەم تەواو ماندوێتی پێوە دیاربوو لەسەر کورسیەکە پاڵمدابۆوە و بیرم لەخۆمدا ڕۆچوو بوو، خاتووماریا بەپرسیارێک هەموو ناخمی هەژاند، وەکئەوەی بەزۆر بمخەنە نێو ئاگرێکی بەتینەوە، لە ترسا هەموو جەستەم تەواو دەلەرزی وتی:

-خاتوو سەناریا باوکی منداڵەکەت کەی لەسەر کار دەگەڕێتەوە؟

ئای ئەو پرسیارە تۆقێنەرە چی بوو پێشبینیم نەکردبوو! نەمدەزانی وەڵامی ئەو پرسیارە بەئازارە چلۆن بدەمەوە. ماوەیەک لە خۆمدا ڕامام، بەدووی وەڵامێکدا دەگەڕام، کە لەو دۆخە دژوارە قوتارم کات، بەڵام پێدەچوو مانەوەی خاتووماریا کاتێکی دیاری کراوی نەبێت تا بەدرۆیەکی سادە بەڕێی بکەم. لەو ساتەدا هەستمدەکرد قورسایی هەموو ئەو ماڵە لەسەرسنگی مندا لەنگەری گرتووە، لەچاوە قاوەییەکانی وردبوومەوە، کەلەچاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەیدا بەردەوام لەسەرم بوون، دیاربوو لەنیگاکانمدا هەستی بە دڵەڕاوکەی ناخم کردبێت.لەو ساتەدا پێویست بوو چی بڵێم، چلۆن وەڵامی ئەو ژنە نامۆیە بدەمەوە کە

وەک جنۆکەیەک هاتۆتە ماڵەکەمەوە و دەیەوێت ناخم بدۆزێت؟ ئۆففف ئەوە چ دۆخێک بوو منی تێکەوتبووم، خۆم بە تاوانکارێک دەزانی لەبەردەم دادوەرێکدا بم و ناچاربم ددان بەهەموو نهێنییەکانی ناخمدا بنێم تا ئارامیی بەڕۆحی پڕلەئازارم ببەخشم.

ئای ئەوە چ تەلیسمێک بوو لەو چاوانەیدا، وەکئەوەی هێزێکی ئەفسوناوی تیابێت و کارلەڕۆحی پەشموردەم بکات، بۆخۆیشم نەمدەزانی لە کوێوە وەڵامێک بدۆزمەوە تا خۆم لەو نیگا تیژانەی بدزمەوە، کەوەک دەرزی بەناخمدا دەچەقن. بەئازارەوە هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، تا بەخۆم بێمەوە و نهێنییەکانی ناخم لەسیما ترساوەکەمدا بشارمەوە، بە دەنگێک کەبۆخۆم واهەستمدەکرد زۆربەئاسایی ئەدوێم وتم:

–پێویست بوو تۆ لە تابلۆکاندا وەڵامی ئەو پرسیارەت بدۆزیبایەتەوە، تابلۆکان چیرۆکی هەموو ژیانی منن، هەموویان ئازارەکانی ژیانی من لەخۆیاندا وێنا دەکەن.

خاتووماریا بەردەوام چاوەکانی لەسەرم بوون، بەبێئەوەی ورتەیەک لە دەمییەوە بێتە دەرەوە، پێدەچوو لەچاوەڕوانی ئەوەدا بێت بۆخۆم زێدەتر لەوەی هەیە بۆی بدوێم، خولەکێک بێدەنگی ئێمەی لەخۆیدا نوقم کردبوو، ئەو بەپرسیارێک ئاوەدانی بەنێوانمان هێنایەوە و وتی:

–من لەزمانی تابلۆکان تێناگەم هەربۆیەلەهۆڵەکەدا داوای ئەوەم لێکردیت بەڕێزتان خوێندنەوەیان بۆبکەن، پاشان باوکی منداڵەکەت چ پەیوەندییەکی بەتابلۆکانەوە هەیە.

بۆئەوەی کۆتایی بەو بارگرژییە بێنم کە ناخم پێوەی ئازاری ئەچەشت وتم:

-باوکی منداڵەکەم نکوڵی لەوە دەکات ئەم منداڵە لەخوێنی خۆی بێت، هەرلەبەرئەوەیە تا ئێستاش دادگاڵە چاوەڕوانی ئەوەدایە ئەم منداڵەی نێوسکم ئەوە یەکلا بکاتەوە.هەرئەوەش وای لێکردووم من لەم خانووەدا بەتەنێ بژیم، بۆخۆیشم نازانم چارەنووسی خۆم و منداڵەکەم بەکوێ دەگات.

لەسیمای خاتووماریا دا دیاربوو لەخۆیدا بیر لە شتێک بکاتەوە ماوەیەک بێدەنگ بوو، چاوەکانی لەسەر ئەو پیاڵە چاییە بوو کەلەسەر مێزەکە دایدابوو، نیوەی کردبوو، بە جەستەیەکی گرانەوە پیاڵەچاییەکەم لەسەر مێزەکەی نێوانمان داناو لە چاوەڕوانی ئەوەدابوو بەپرسیارێک هەموو ناخم لەخۆیدا کۆبکاتەوە، ئەو ماوەیەک ڕامابوو نازانم بۆچی ئەو ژنە چوست و چالاک و بزێوە وەها گرمۆڵە بووە و خۆی دەخواتەوە؟پاش کەمێک سەرێکی بڵند کرد وئاراستەی چاوە کزو ماتەکەمی کردو وتی:

-تۆدڵنیاییت لەوەی ئەو منداڵە لە هاوسەرەکەی خۆتە.

من کە ناخم لە گومانێکی بێئەندازەدا ڕۆچووبوو، نەمدەزانی چلۆن وەڵامی بدەمەوە، ئەو لەنیگاکانمدا ئەو گومانەی لەناخمدا دەخوێندەوە هەربۆیە وتی:

-متمانەم پێبکە سەناریاگیان، ئەوەی لەناختدایە پێم بڵێ تا بتوانم هاوکاریت بکەم، ئێمەی ژن لەپەیوەندی

هاوسەرگیریدا هەمیشە دەکەوینە دۆخێکەوە لێی پەژیوان دەبینەوە، چونکە هاوسەرگیریی لێرە بەهۆی کۆت و بەندی کۆمەڵایەتییەوە تەنها خەونێکی هەرزەکارانەیە، بۆئەوەی پێی بگەین چەندین درۆ لەگەڵ خۆماندا دەکەین و بەو دەمامکەوە ڕەفتار دەکەین. کاتێک ئەزموونی دەکەین و حەزی هەرزەکاریمان دادەمرکێتەوە، ئەوکات خۆمان ئەدۆزینەوە و هەستدەکەین ئەوەی هەڵمان بژاردووە ئەو کەسە نییە کە بەڕۆح و دڵمان ئاشنا بێت، زۆر جار ئەو کەسەی لەگەڵ ویستی دڵ و ڕۆحماندا دەگونجێت زۆر درەنگ دێت، یان هەرگیز نایەت، لێرە هەمیشە خەونەکان بەویستی ئێمە ناتەبایە. قسەم بۆبکە کچی خۆم، مەهێڵە خەمەکانت ناخت ئازاربدات، پاشان ئێستا هەمووشێک ڕویداوە، دڵنیام گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانت ئارامیی بەناخت دەبەخشێت.

من چلۆن ئەوهەموو ئازارە بگێڕمەوە کە منی بەم دۆخە گەیاندووە، بیرم تەواو پەرش وبڵاو بوو، بۆخۆیشم نەمدەزانی لە کوێوە دەستپێبکەم، پەژیوان بووم لەوەی ناخم لەبەردەم ئەم ژنە نەناسەدا هەڵڕشت، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەو هەستێکی پڕلە ئاوەدانی بە ناخم دەبەخشی وتم:

–ئەوە چیرۆکێکی درێژخایەنە ئەستەمە لەئێستادا بتوانم بۆت بگێڕمەوە بابەڕێزتان بەخۆمەوە زێدەتر ئازارنەدەم، لێگەڕێ باهەرلەناخی خۆمدابێت، تادەمگەیەنێتە ئەو ڕۆژەی

مەرگ قوتارم دەکات.

ئای ئەو چەند بەهەستێکی پڕلە میهرەبانییەوە لێمی دەڕوانــی، لەچاوەکانیدا هەستم بە خەمی ناخی دەکرد کەبۆمنی دەچەشت هەستمکرد چاوەکانی تەواو تەڕببوون، ئای ئەوە چەند نیگەرانی کردم، بەپەنجە درێژو سپییەکانی چاوەکانی سڕی و وتی :

-ئێستا دەزانم لەچ دۆخێکی دژواردا دەژیت، ئەگەر ڕێگر نەبیت پێمخۆشە تا منداڵەکەت دەبێت لەلات بم و چاودێریت بکەم.

-ئۆی خاتووماریا ئەوە چلۆن دەبێت، بەڕێزتان کارو ماڵو منداڵی خۆتان هەیە، ناکرێت ئەو ئەرکە بخەمە سەر ئێوە.

-نا.. ئەوە ئەرک نییە، پاشان من ماڵ و منداڵم نییە، زۆرنابێت هاوسەرەکەم مردووە هەست بەتەنیایی دەکەم، هەربۆیە مانەوەم لێرە بۆهەردووکمان شتێکی باش دەبێت.

وامهەستدەکرد ئەو ژنە فریشتەیەک بێت بەهانامەوە هاتبێت، هەربۆیە بەخۆشحاڵییەوە پێم وت:

-بەڕێزتان تاچەند پێتان خۆشە لێرە بن، ئێرە ماڵی خۆتە.

ئەو قسانەم زەردەخەنەیەکی شیرینی خستە سەر لێوە ئەستورەکانی و وتی:

-باشە.. تۆلەوەگەڕێ، چیرۆکی منداڵەکەت بۆنەگێڕامەوە ئەوە چلۆن ڕویدا ئەوسکە چلۆن دروستبوو؟.

بێئاگا لەخۆم خەندەیەک لێوەکانمی بەڕویدا نەخشاند کە تەواوپێچەوانەی هەستەکانی ناخم بوون، ئەو بەچێژەوە لە چاوەڕوانی ئەوەدابوو چیرۆکی منداڵەکەمی بۆ بگێڕمەوە، بەڵام ئەوەی لەناخمدا مۆڵی خواردبوو وەک گڕکانێک لەچاوەکانمدا هاتنە دەرەوە، ئەوەندە بەخۆم زانی دەگریم، هەستم بەخلیسکانی ئەو فرمێسکانە دەکرد کە چاوەکانی لەخۆیدا نقوم کردبوو بەگەرویەکی توندەوە وتم:

–هەموو ئەو تابلۆیانەی، کە تامەزرۆی بیستنی چیرۆکەکانیت، هەرلە ژنی بەردەم ئاوێنەکەوە تادەگاتە کۆتایان، هەموو چیرۆکی ژیانی پەریسا یە، کەهێشتا چاوە گەشەکانی بەم ژیانەدا هەڵنەهێناوە، نازانم ژیان بۆچی هەمیشە بەویستی خۆی وێنامان دەکات، ئەوە خەمی منە بەتەنێ یان میراتی ئازاری منە بۆکۆرپەیەک کە هێشتا مانای تاوان و ئازار ناناسێت، من لەکوێوە دەستپێبکەم، لەکوێوە چیرۆکی ئەم منداڵەت بۆبگێڕمەوە، کە بۆخۆیشم کەوتوومەتە گومانێکەوە نازانم باوکی ڕاستەقینەی کێیە، وەرە باچیرۆکی تابلۆکانت بۆبگێڕمەوە، سەرەتا دەمەوێت لەو تابلۆیەوە دەستپێبکەم کە وێنای یەکەمین بەرکەوتنی من بوو بە مەرگی خۆم و لە خەونی ژیاندا ڕایچڵەکاندم، ئەو تابلۆیەی کە بووە دەستپێکی دروستبوونی چیرۆکی ژیانی من و پەریسا.

# تابلۆی ژنی
# بەردەم ئاوێنەکە

# ١

ئەو ڕۆژە کزەبای پایز گەمەی لەگەڵ مەرگی گەڵای درەختەکان دەکرد، لە مندا تەواو پێچەوانەی ئەو هەستە، ژیلەمۆی عەشقێکی ئەفسوناوی هێشتا لەسەرەتای گەشانەوەیدا بوو، لەنێو هەموو جەستەو ڕۆحمدا جۆش و خرۆشێکی بێسنوری بەخەونەکانم دەبەخشی، من لەو جیهانەدا دەژیام. خەونەکانم پێشبینی تابلۆیەکی پڕلە ئومێدو ژیانی بۆدەکێشام، ئەوە من بووم زۆرێک لەشەوەکان پەنجەکانم وەک پەڕموچەیەک بەنێو هەموو جەستەی (جوامێر) دا دەگێڕاو هەرشەوەو تابلۆیەکی ئەفسوناویم لەسەر جەستەو ڕۆحی ئەودا دەنەخشاند، کە ئێمەی لەگەڵ خۆیدا پەلکێش دەکرد بۆناو ئەو چێژە ئەفسوناوییەی کەمانای تەواوی ژیانی بەڕۆحی هەردووکمان دەبەخشی، ئەوە ئێمە بووین لەهەموو ساتەکانی ژیاندا، هەموو هەستەکانمان تەنها لە وشەیەکدا کۆدەکردەوە و بەئاوازێکی پڕلە خۆشەویستی بەگوێی یەکتریدا دەمانچپاند.

ئای ئەو ڕۆژانە چەند جوان و سەراسیمەبوون، ئەو عەشقە چ ئەفسونێکی هەبوو، کە ئێمەی لە خۆیدا نغرۆکردبوو، ئای ئەو هەستە چەند خەونی سەوزی لە هەستی ئێمەدا ڕواند و بۆهەمیشە لەنێو بەهاری خۆیدا چرۆی حەزی منداڵێکی وەک (پەریسا)ی پێدەبەخشین،

ئەوە ئەو ناوە بوو لە یەکێک لەو شەوە ئەفسوناوییانەدا بەخشیمان بە یەکەمین کۆرپەلەی کچ. ئێمە ئاوا لە ژیانمان دەڕوانی.

ئایا هەموو ئەوانە تەنها خەونێکی پوچی من بوون بۆژیان؟ یان ڕاستییەکی تاڵی ئەو ڕۆژانە بوون کەئێستا وەک خەونێکی ڕابردوو لە یادەوەریمدا خۆیان وێنا دەکەن.لەو ڕۆژەدا من لەو ژیانەدا چلۆن بەخۆم هاتمەوە چلۆن زانیم ئەم ژیانە پوچە هەمووی درۆیەکی مەزنە تەنها خۆمان متمانەی پێدەکەین، ئەوەی منی بەم هەستانە ئاشناکرد ئەو نامەیە بوو، کە منی گەیاندە بەردەم دەرگای ئەو قاوەخانەیەی کە هەرەسی بە هەموو خەونەکانم هێناو منی خستە نێو گومانی ژیانەوە، بۆخۆیشم نەمدەزانی چلۆن لەو جیهانەدا هاتمە دەرەوە و کەوتمە ناو جیهانێکی پڕلە گومان و بێئومێدی.

من ئەو ڕۆژە هێشتا لە ئۆتۆمبێلەکەی خۆمدا بووم، بەدووی شوێنێکی گونجاودا دەگەڕام، کە ئۆتۆمبێلەکەمی لێ پارک بکەم، بینینی ئۆتۆمبێلەکەی جوامێرلەبەردەم قاوەخانەکە گومانی منی لەمەبەستی ئەو نامەیەی لەڕێگەی ڤایبەرەوە بۆم هاتبوو پشتڕاست کردەوە، وەکئەوەی بەبینینی ئۆتۆمبێلەکەی هەست بەبوونی خۆی بکەم لەپشتی ئەوەوە ئۆتۆمبێلەکەم پارک کرد، نازانم لەو ساتەدا بۆچی ئەو بڕیارەمدا چەند جارێک بیرم لەوە کردەوە ئۆتۆمبێلەکەم بگوێزمەوە بۆ شوێنێکی نادیار،

بەڵام تامەزرۆییم بۆ بینینی جوامێر، ناچاریکردم بەپەلە خۆم بگەیەنمە نێو دەرگای سەرەکی قاوەخانەکە.

دەرونم بە وێنەی سەرو پرچ و دەمووچاوم تەواو ئاڵۆزو شێواو بوو، نەمدەزانی چلۆن ڕفتارلەگەڵ ئەو دۆخەدا بکەم «ئەی خودا من چیم بەسەر هاتووە، ئەمە خەونە یان ڕاستیی، مرۆڤ چلۆن لەناکاوێکدا هەموو بیرو هەستەکانی بەنامەیەک تەواو ئاوەژوو دەبێتەوە و خۆشەویستی یەکساڵەی لێدەبێتە مرۆڤێکی قێزەون و بەدرەفتار» ئەوە بیری من بوو لەو ساتەدا کە ناخمی لەنێوان ڕاستی و گوماندا قەتیس کردبوو، ئارەزووی ئەوەم دەکرد هەموو ئەو شتانەی لەو نامەیەدانوسراوە، کە نەمدەزانی لەلایەن کێوە بۆم هاتووە هەمووی درۆیەکی هەڵبەسراو بێت و بینینی دیمەنی قاوەخانەکە ئاسودەییەک بە دەرونە شێواوەکەم بدات.

بەدەم هەناسەیەکی قووڵی پڕلە ئازارەوە خۆم بە قاوەخانەکەدا کرد، بەهێمنیی و دڵێکی نائارام و پڕلەترسەوە چاوێکم بۆئەملاو ئەولای خۆم گێڕا، جوامێرم نەبینی، قاوەخانەکە خانوویەکی کۆن بوو، داڵان و بەشێک لە حەوشەکەی دەورووبەری بۆفراوانبوونی قاوەخانەکە سەقفەکەی دارەڕا کرابوو، دیوارەکانی بەشی پێشەوەی بەدرێژایی ڕووی قاوەخانەکە کرابوون بەپەنجەرە، لەوێوە باخچەکەو دیمەنی دەرەوە بەڕوونی دەبینران، سەقفی حەوشەکە وەک خانووە کۆنەکان

دارەڕا کرابوو، کە دیمەنی خانوویەکی دێرینی کوردەواری بەناوەوەی قاوەخانەکە بەخشیبوو،

من لە شوێنی خۆمدا تەواو ڕامابووم، ترسی ئەوەم هەبوو جوامێر بمبینێت و نهێنی کارەکەی بشارێتەوە، بەڵام وتەی ئەو لاوەی لەپشت مێزی ئەو کاژێرەی کە بەشێوەی دیوارێکی نزم کتێبخانەیەکی بەدەوری خۆیدا دانابوو وتی:

-فەرموون خانم بەدوای کەسێکدا دەگەڕێیت یان دەتەوێت لەشوێنێکدا دانیشیت؟

دڵنیابووم ئەو هەستی بەنیگا شپرزەکەم کردبوو، نەمدەزانی چلۆن وەڵامی بدەمەوە، بیرم لەوە کردەوە لەشوێنێکدا دانیشم تا بیرم لەو دۆخە دژوارەدا کۆبکەمەوە، دوابڕیاری ئەوە بدەم کە ڕاستەوخۆ بچمە ژوورەکانی قاوەخانەکە وە و وەک بۆمبێک بەسەریدا بتەقمەوە و ئابرووی بەرم، یان بەهێمنی چاودێری بکەم تا دڵنیا دەبمەوە لە ڕاستی و دروستی ئەو نامەیەی کە گومانی داوێنی پیسی جوامێری لە دڵمدا ڕوواندووە، دواجار وتم:

-دەکرێت لەم نزیکانەدا دانیشم.

قاوەخانەکە ئەوەندە قەرەباڵخ بوو مێزێکی چۆڵی تیا نەمابوو، کوڕەکە چاوێکی بەمێزەکاندا گێڕا بۆئەوەی شوێنێکی گونجاوم بۆ بدۆزێتەوە، کە بینی هەموو مێزەکان گیراون وتی:

-ئەگەر ئارەزوو دەکەیت  بچۆرە ژوورەوە لەوانەیە مێزی چۆڵ هەبێت.

ترسی ئەوەم هەبوو لەچوونەژوورەوەمدا پلانی نامەکە تێک بچێت، هەربۆیە لەو گۆشەیەی، کە دەکەوتە نێزیکی ئەو پەنجەرەیەی بەڕووی باخچەکەی دەرەوەی قاوەخانەکەدا دەیڕوانی، مێزێکم بینی تەنها (نامۆ) ی لێ دانیشتبوو، پێدەچوو بەتەنێ بێت بەدەستێکم ئاماژەم بۆمێزەکە کردوو وتم:

-دەچمە ئەوێ دائەنیشم

کوڕەکە بەخەندەیەکی تاڵەوە وتی:

-ئارەزووی بەڕێزتانە فەرموون.

ئەو ڕۆژە یەکەم جارم بوو، کە (نامۆ) م تیا ناسی، کاتێک گەیشتمە بەردەم مێزەکە نامۆ  بەتەنێ دانیشتبوو چاوەکانی لە پەنجەرەکە بڕیبوو بۆ دوور دەیڕوانی، پێدەچوو لەناو خەیاڵێکی قووڵدا ڕۆچوو بێت، سەرەتا ویستم پرسی پێ نەکەم و لەو دۆخەدا بەئاگای نەهێنمەوە، دواتر بڕیاری ئەوەمدا، نەکا هاوڕێیەکی لەتەکدابێت و ئارامیی و ئازادییان لێ بشێوێنم هەربۆیە بەتۆنێکی نەرم و لەرزۆکەوە وتم:

-بەڕێز.. دەتوانم لێرە دانیشم.

نامۆ  وەکئەوەی لەخەونێکی قووڵدا  بەئاگابێتەوە، بەچاوە هەنگوینییە گەورەکانی کەمێک لە سیما هەڵبزرکاوەکەمی  ڕوانی، سەرەتا وەکئەوەی بمناسێت،

یان شێوەی کەسێک لە مندا وێنابکات لێم ڕامابوو، پاشان بەبێئەوەی گرنگی بە قسەکانم بدات بەو دەستە لەرزۆکەی کە جگەرەیەکی لەنێو پەنجەکانی نابوو بەدەم مژێکی قووڵەوە، کە دوکەڵەکەی سەرو قژە شێواوەکەی داپۆشی، ئاماژەیەکی ڕەزامەندی بۆ دەربڕیم و ڕۆچووە نێو ئەندێشەکانی خۆیەوە.

گومانی ئەو نامەیەی لەڕێگەی تەلەفوونەکەمەوە لە ناکاوێکدا بۆم هات ناخمی تەواو تەنیبوو، ئەوەی زیاتر دەروونمی ئاڵۆزکردبوو خاوەنی ئەو نامەیەبوو، کەچلۆن من دەناسێت و بۆچی دەیەوێت لەم داوێن پیسییەی جوامێر ئاگادارم بکاتەوە؟ بیرم لەو وشانە دەکردەوە کەلەنامەکەیدا بۆی نوسیبووم:»هەرئێستا بچۆ بۆ قاوەخانەکە، بەچاوەکانی خۆت جوامێری هاوسەرت ببینە، لەگەڵ ژنێکدا دانیشتووە دەیەوێت بیکاتە هاوسەری خۆی» کاتێک نامەکەم خوێندەوە گومانم لە ڕاستی و دروستی هەبوو وتم:»پێدەچێت یەکێک بێت لە هاوڕێکانم و بیەوێت گەمەیەکم لەتەکدا بکات» بەڵام کە تەلەفوونم بۆئەو ژمارەیە کرد، کەنامەکەی لێوە هاتبوو، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە و بەڕوومدا تەلەفوونەکەی داخستەوە، پاش خولەکێکی تر بەنامەیەکی تر وەک بیەوێت زێدەتر دڵنیام بکاتەوە نوسیبووی «پێویست ناکات من بناسیت بەدووی چارەنووسی خۆت کەوە و خۆت لەو دۆخە یەکلا بکەرەوە» ئای ئەوە چ دۆزەخێک

بوو تێی کەوتبووم! لەجێگەی خۆمدا واهەستمدەکرد لەسەر ئاگرێکی بەتینیان ناوم، لەو کەشی ساردی پایزەدا ئاو لەژێر جلەکانمەوە بەهەموو جەستەمدا دەهاتە خوارەوە، نەمدەزانی ئەوهەموو ئارەقەکردنەوەیە لەو دۆخەدژوارەی ناخمەوە سەرچاوەی هەیە، یان گەرمی کەشی قاوەخانەکەیە.

دەبوو لەو دۆخەدا چیم بکردایە، چلۆن ڕەفتاربکەم، لە خۆمدا تەواو ڕۆچووبووم.ئەو کچەجەستە گۆشتن و کورتەبالآیەی لە قاوەخانەکەدا کاری دەکردوو تاو ناتاوێک ئەو مێزانەی بەسەر دەکردەوە کە کچان و کوڕانی لاو بەدەم کێشانی نێرگەلەوە لەناو خەندەو پێکەنین و ڕازو نیازی دڵیان ڕۆچوو بوون، بەدەنگی نەرم منی بۆ قاوەخانەکە هێنایەوە، دەبەیەک ئاوی کانزایی و پەرداخێکی پڕسەهۆڵی لەبەردەمم داناو بەدەنگێکی نەرم وتی»

-بەڕێز ئارەزووی چی دەکەیت بۆتان بێنم.

دڵم تەواو گیرابوو، نەمدەزانی بۆچی و چلۆن هاتوومەتە ناوئەو قاوەخانەیەوە، لەتاو ئازاری ناخم بۆئەوەی خۆمی لی قوتار بکەم بەتۆنێکی خەمناکەوە وتم:

-تەنها قاوەیەک بێنە.

کچەکە بەبێئەوەی گرنگی بدات بە ڕوخسارە شێواوو بێ ماکیاژەکەم، سەرێکی بەڕێزەوە دانەواندو بەدووی کاری خۆیەوە چوو.

دەبــوو مـن چیم بکردبا؟بیرم لــەوە دەکــردەوە ڕاستەوخۆ بچم هەموو ژوورەکانی قاوەخانەکە بپشکنم و لەهەرشوێنێکدا لەگەڵ ئەو ژنـەدا ببینیم کە ناپاکی لەتەکدا دەکات، ئابرووی هەردووکیان بەرم و بۆدواجار ماڵئاوایی لێ بکەم و بەجێی بێڵم و لێی جودابیمەوە.

هەستمدەکرد هەناسەم لەسینەمدا پەنگی خواردۆتەوە کەمێک لە نامۆم ڕوانی کەلەبەردەم مێزەکەیدا دانیشتبووم گومانی ئەوەم هەبوو هەستی بە نائارامیی ڕەفتارەکانم کردبێت، کە بێئاگایانە نینۆکە درێژەکانم بەددانەکانم دەکرۆشت، بەڵام ئەو وەکئەوەی لە قاوەخانەکەدا نەبێت بەردەوام لەخەیاڵی خۆیدا تەواو ڕۆچووبوو، بەردەوام جگەرەی بەدوای یەکدیدا دادەگیرسان. پێدەچوو بیرلە کێشـەیەکی قووڵی خۆی بکاتەوە، بـەردەوام لە خۆیدا دەژیا.

گوڕێکم بەقاچەکانم داو خۆمدا بەهەستێکی پڕلە هەڵچوون و ئاڵۆزەوە بەرەو ڕووی ئەو دەرگایە چووم، کە لێوەی دەچووە ناو ژوورەکانی قاوەخانەکە، چاوم بە ژوورەکاندا گێڕا، لەژووری یەکەمدا ئەوم نەبینی، بە هێمنی کە قاچەکانم بە ئاستەم بە دومدا دەهات خۆم گەیاندە بـەردەم دەرگـای ئەو ژوورەی، کە دەکەوتە قووڵایی خانووەکەوە، لەبەردەم دەرگاکەوە جوامێرم بینی کەپشتی لەدەرگاکەبوو، لەگۆشـەیەکی ژوورەکەدا لەگەڵ ژنێکی جوانی هاوتەمەنی خۆم دانیشتبوو، ماکیاژە

تۆخەکەی سیما پان و سپی و گەشەکەی زێدەتر زەقتر کردبوو، بەردەوام دەستە گۆشتن و سپییەکانی لەگەڵ قسەکانیدا دەبزواند، وەکئەوەی لەناو کێشەیەکی قووڵ و دژواردابێت.

چاوە بادەمییەکانی لەنێو چاوانی جوامێر نابوو، جوامێریش بەڕەفتارەکانی زۆرئارام دەهاتە پێش چاوەکانم وەک دادوەرێک دەمبینی، کە گوێبیستی سکاڵایەک بێت. جوانی ئەو ژنە هەستێکی پڕلە ئیرەیی لادروستکردم لەبەرامبەریدا هەستم بە کەمیی خۆم دەکرد، بە خاتووماریا م وت «تۆلۆمەی ئەوەم مەکە بۆچی ئەو هەستەم لادروستبوو، بۆخۆت دەزانیت کێشەی زۆری ژنەکان ئەوەیە، هەمیشە ئیرەیی بەجوانی یەکتری دەبەن، بەردەوام چاودێری ڕەفتاری یەکتری دەکەن بۆئەوەی هەرچی جوانی هەیە تەنها لە خۆیاندا کۆی بکەنەوە، هەرئەوەش بوو کە گومانێکی بەردەوامی لەناخمدا دروستکرد».

لە جێگەی خۆمدا تەواو قەتیس مابووم لە ڕەفتارەکانی جوامێردا شتێکی ئەو تۆم نەبینی جێگەی گومان بێت، هەربۆیە گومانی ئەوەم هەبوو کە ئەو دیمەنە بۆنی پەیوەندییەکی سۆزداری لێبێت. بەهێمنی و بەدڵێکی پڕلە گومانەوە گەڕامەوە شوێنەکەی خۆم، ئەوەندەی نەبرد کچی قاوەخانەکە، کوپێک قاوەی بۆ هێنام و لەسەر مێزەکە دانا، بۆئەوەی دەرونم کەمێک ئارام بکەمەوە

قومێکم لە قاوەکەدا، لەو ساتەدا نازانم چلۆن ئارەزووی ئەوەم دەکرد جگەرەیەک بکێشم هەستمکرد بەتەواوی سروشتی خۆم لە دەستدابێت، بێشەرمانە داوای جگەرەیەکم لە نامۆ کرد، کەپاکەتی جگەرەکەی لەسەر مێزەکە دانا بوو، بۆئەوەی بەویستی خۆم ڕەفتار بکەم بەڕێزێکەوە پاکەت و چەرخەکەی لێ نێزیک کردمەوە، بەشەرمێکەوە جگەرەیەکم دەرهێناو دامگیرساند، لەگەڵ یەکەمین مژی قووڵدا هەستمکرد سەرم تەواو سڕدەبێت و دەسوڕێت، بەتامی تاڵی جگەرەکە دڵم تێک هات، بەڵام گرژیی دەرونم وای لێکردم چێژ لەو مەستییە کاتییە ببینم، کە لەگەڵ بەردەوامی کێشانی جگەرەکەدا منی خستە ئەندێشەیەکی ئاڵۆز و چڕەوە.

کەمێک بەخۆمدا چوومەوە تا بیر لەوە بکەمەوە دەبوو چ هەڵوێستێک شیاو بێت بۆئەوەی لەو دۆخەدا گومانەکەی ناخم، کە نائارامیی بە ڕەفتارەکانم بەخشیبوو ئەنجامی بدەم. لەجانتاکەمدا تەلەفوونەکەم دەرهێناو زەنگێکم بۆ جوامێر لێدا، دڵنیابووم لەوەی ئەو لەقاوەخانەکەدا هەستی بە بوونی من نەکردبوو، هەربۆیە لەدوای یەکەمین زەنگ بە تۆنێکی ئارام وەک هەموو ڕەفتارەکانی جارانی وەڵامی دامەوە و وتی:

-بەڵی گیانەکەم کارێکت هەبوو؟

نەمدەزانی چ هۆکارێک بۆئەو پەیوەندیکردنە

بدۆزمەوە، دڵنیابووم لەوەی جوامێر لەقسەکانمدا هەست بەو ڕاڕاییەی ناخم دەکات، وتم:

-گیانەکەم ئێستا لە کوێی بەچییەوە سەرقاڵیت؟

لەو کاتەدا جوامێرم بینی لە دەرگای ناوەوەی قاوەخانەکە هاتە دەرەوە و تەلەفوونەکەی بە گوێیەوەبوو، من لەو ساتەدابەپرتاو ڕووم بۆلای دیوارەکەی بەرامبەرم وەرگێڕا بۆئەوەی نەمبینێت، سەرم نەوی کردبوو ئەو بە گومانێکەوە، کەلە تۆنی دەنگیدا ڕەنگی ئەدایەوە وتی:

-گیانەکەم دیارە چویتە دەرەوە گوێم لە غەڵبە غەڵبە دەنگیشت تەواو نییە خۆ ناساغ نیت؟

ترسێک هەموو جەستەمی تەنییەوە، نەمدەزانی خۆم بە کوێی ئەو قاوەخانە فراوانەدا بکەم و خۆمی تیا حەشار بدەم، گومانی ئەوەم هەبوو هاتبێتە دوامەوە و خۆیم نیشان بدات. هەر ئەوەندە بەبیرمدا هات وتم:

-بەڵێ کەمێک بێزاربووم لەماڵەوە، وتم باهەوایەک هەڵمژم، ئەڵێم تۆ پێت نەوتم بەچییەوە سەرقاڵیت؟

بە بێئەوەی هەست بە گومانێک بکەم لە تۆنی دەنگیدا وتی:

-لە قاوەخانەیەک دانیشتووم گوێ لەخانمێک دەگرم، کێشەیەکی خێزانیی هەیە. پێی شیاو نەبوو پێش سکاڵاکەی سەردانی بنکە بکات، هەربۆیە بەناچاری لێرە دانیشتووین.

ئـەو وەڵامــە هەناسـەیەکی خۆشبەختیی بەناخم بەخشی، بۆئەوەی گومان لە هاتنم نەکات و کۆتایی بەتەلەفوونەکە بێنم وتم:

-باشە گیانەکەم باڵەوە زیاتر سەرقاڵت نەکەم خوات لەگەڵ.

بەڵام ئەو بە هەستێکی پڕلە خۆشەویستییەوە پێی وتم:

-گیانەکەم ئاگات لە خۆت بێت ئەگەر ناساغیت ئێستا دەگەمەلات و دەتبەم بۆنەخۆشخانە.

-نا گیانەکەم پێویست ناکات من باشم تۆزێکی تر دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە.

-باشە گوڵەکەم خوات لە گەڵ.

-خوات لەگەڵ.

کـاتـێک تـەلـەفـوونـەکـەم داخـسـتـەوە ئـارامـییـەک جەستەمی تەنییەوە، بۆئەوەی هەست بەبوونم نەکات لەهەمان قاوەخانەم و ئۆتۆمبێلەکەم نەبینێ، کەلەپشت ئوتۆمبێلەکەی خۆیەوە پارکم کردبوو ویستم بڕۆمە دەرەوە، بەڵام کاتێک ئاوڕم دایەوە ئەو ژنەی لەگەڵیدا دانیشتبوو بەتەنێ لە دەرگاکە هاتە دەرەوە، من لە پەنجەرەکەوە بە نهێنی چاودێری ئـەوم دەکـرد تالە دەرگای سەرەکی قاوەخانەکە دەرباز بوو.

بۆئەوەی جوامێر نەمبینێت سـەرم نەوی کردبوو هەستمدەکرد لـەسـەر کورسییەکە هێندەی تۆزێکم

ماوەتەوە بواری ئەوەم نەمابوو لە پێش جوامێردا بێمە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبێلەکەم ببم و خۆمی لێ بزر بکەم، لە جێگەی خۆمدا دۆش دامابووم نەمدەزانی چلۆن لەو دۆخەدا هەڵبێم و گومانێک لە دڵی ئەودا دروست نەکەم.

لەدڵی خۆمدا نەفرەتم لەخاوەنی ئەو نامەیە دەکرد «دەبێت چ کەسێکی بەدکاربێت بیەوێت نێوانمان بشێوێنێت، یان چ مەبەستێکی ئەهریمەن ئاسای هەبێت لەم کارەیدا» بیرم لەوە کردەوە ئەگەر جوامێر هەست بە بوونم بکات ئەو دۆخەی بە شێوازێک بۆ ڕوون بکەمەوە و پێی بڵێم : « ڕێکەوتێک بووە هەردووکمانی لەم قاوەخانەیەدا کۆکردۆتەوە»من لەپەنجەرەکەوە لە دیمەنی گەڵای ئەو درەختانەم دەڕوانی بەهۆی بارانێکی بەلێزمەوە لەپەلی درەختەکان دەبوونەوە و بەسەمایەکی مەرگ ئاساوە دەهاتنە خوارەوە. لەو کاتەدا جوامێرم بینی سویچی ئوتۆمبێلەکەی بەدەستەوە بوو لەدەرگاسەرەکییەکەی قاوەخانەکەوە چووە دەرەوە، منیش بەپەلە چوومە بەردەم کاژێرەکەو پارەی قاوەکەم داو بەدویدا چووم، کاتێک گەیشتمە بەردەم دەرگای قاوەخانەکە ئەوەم بەچاوەکانی خۆم بینی. لەسەر ئەو شەقامەی کەپێچپێکی کەمی تێدابوو دەگەیشتەوە سەرشەقامی سەرەکی سالم، لەخوارەوە ئەو ژنەی لەقاوەخانەکەدا لەگەڵیدا دانیشتبوو بەچاکەتە

ڕەنگ سورو پرچە زەردەکەیدا ناسیمەوە لەخوارەوە چاوەڕوانی دەکرد. جوامێر لەبەردەمیدا وەستاو لەگەڵ خۆی سواری ئوتۆمبێلەکەی کردو بەخێرایی خۆی بەیەکێک لەکۆڵانەکاندا کردوو لێم بزربوون.

## ٢

ئایا جوامێر هەستی بەمن کردبوو لەناو قاوەخانەکەدا چاودێریم دەکرد؟ئایا ئەو ئۆتۆمبێلەکەی منی بینیبوو یان بەهۆی لێزمەی بارانەکەوە بواری ئەوەی نەبوو سەرنجی بدات؟ ئەگەر نا بۆچی ئەو ڕەفتارە نامۆیانەی نواندوو ئەو ژنەی لەخوار قاوەخانەکەوە سواری ئۆتۆمبێلەکەی کرد! نەمدەزانی متمانە بە جوامێر بکەم یان بەو نامانەی وەک ژەهرێک ڕۆچووبووە مێشک و ئەندێشەمەوە، واهەستمدەکرد کەللەی سەرم چەند هێندەی خۆی گەورەتر بووە، هێندە قورس ببوو توانای هەڵگرتنیم نەمابوو بەودۆخەوە خۆم گەیاندەماڵەوە خەریک بوو لە خۆم دەچووم هەموو ئەندێشەم لە ناو گومانی ڕاستی و دروستی ئەو دیمەنەدا کۆبوو.

کە گەیشتمەوە بۆ ماڵەوەبەجەستەیەکی قورس و هەستێکی پڕلە نیگەرانییەوە خۆم بە ژووری نوستنەکەدا کردولەسەر سیسەمەکەم بەپشتا پاڵکەوتم، بە بێئەوەی ئاگام لەخۆم بێت، نەمدەزانی ئەو فرمێسکانەی لە چاوەکانمەوە بە خوڕدەهاتنە خوارەوە لەو هەستە نیگەرانییە پەنگخواردووەی ناخم بوو، یان گریانێک بوو لەلاوازیمدا؟ ئۆفف خودایە ئەوە چ دۆخێکە منی تێکەوتووم، نازانم چەند خولەک بوو لەو دۆخە

دژوارەدا ناخی خۆم دەخـواردەوە، لەناکاوێکدا ئەوەم بەبیرهاتەوە پەیوەندی بەو کەسەوە بکەم کەمنی خستە ئەو دۆزەخەوە.

موبایلەکەم لەناو جانتاکەم دەرهێناو زەنگێکم بۆلێدا، هەتا زەنگەکە تەواو بوو ئەو وەڵامی نەدامەوە نائارامیی هەموو جەستەی تەنیبوومەوە، ئەوەندە لەخۆم بێزاربووم ئارەزووی ئەوەم دەکرد کۆتایی بەژیانم بێنم. ماوەیەک لە نائومێدی ژیان و جەنگی ناو خۆمدا نغرۆبووم، زەنگی نامەیەک بەخۆمی هێنامەوە، کە سەیرمکرد ئەو کەسە نەفرەتییە بوو نوسیبووی «پێویست ناکات بمناسیت، ئەوەی گرنگە بۆتۆ بینینی ڕاستییەکانە بەچاوەکانی خۆت، دەزانـم ڕاستیەکان ئەوەندە تاڵ و قێزەونن، زۆرجـار مرۆڤ بەرگەیان ناگرێت، ئێستا بیر لەخۆت بکەرەوە تۆ لەنێوان دوو هەڵبژاردەی ژیانی خۆتدایت یان دەبێت ڕاشکاوانە بەرەو ڕووی هاوسەرەکەت بیتەوە و کۆتایی بە پەیوەندی نێوانتان بهێنیت یان دەبێت وەک ژنێکی بەئەزموون لەهەولێ ئـەوەدا بیت دڵی جوامێر بۆلای خۆت بهێنیتەوە» کە ئەو نامەیەم خوێندەوە ئەو کات زانیم کەوتوومەتە بەردەم دووڕییانێکەوە بەهەرکامێکیان بڕۆشتبام دەیگەیاندمە ئەو دۆزەخەی کە بەوێنای ژیان دەرگاکانی خۆی نەخشاندبوو.

لەوەڵامدا بۆم نووسی «تۆ چلۆن ئەو هەموو شتانە پێدەزانیت؟ ئەگەر هەموو ئەوانەی تۆ باسی دەکەیت

ڕاستی بن، بۆچی خۆتم پێ ناناسێنیت بۆئەوەی من بڕیاری کۆتایی بدەم؟» ماوەیەک لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووم وەڵامی نامەکەم بداتەوە، بەڵام وەڵامی نەبوو، بەجەستەیەکی گران و دڵێکی پڕلە ئازارەوە پۆشاکەکەم گۆڕی و ماکسیەکەم لەبەر کردوو کەمێک لەپەنجەرەی ژوورەکەمەوە لەدیمەنی ئەو بارانە بەخوڕەم دەڕوانی، کە «با» لەگەڵ خۆیدا ڕوخساری منی لەو دیوو پەنجەرەکەوە پێ دەشوشتەوە «بۆچی ناپاکیت لەگەڵ کردم، ئایا من شیاوی تۆنە بووم؟ جەستەیەکی نارێک و بێ هەستم هەیە یان ڕووخسارم هێندە ناشرین و قێزەونە، کەناتوانێت جوانی بە نیگاکانت ببەخشێت، ئەگەر وایە بۆچی لەسەرەتادا عاشقم بوویت و چەندین خەونی جوانی ژیانت لە دڵی مندا ڕواند؟ جوامێر تۆ چلۆن مرۆڤێکیت چلۆن بیرلە من و ژیانت دەکەیتەوە؟» ئەوە وڕێنەی من بوو لەو ساتەدا بەتەنێ لەو ماڵە چۆڵەی، کە وەک قەبرسانێک وێنای مەرگی بە هەستەکانم دەبەخشی.

زەنگی نامەیەک منی گەڕاندەوە بۆلای تەلەفوونەکەم، ئەو کەسە نەناسراوە نوسیبووی «دەزانم ساویلکانە لەنێو سەرابی عەشقێکدا ڕۆچوویت، من تەنها دەمەوێت بەژیانی ڕاستی خۆت بناسێنم، ئەگەر دەتەوێت خۆت بدۆزیتەوە و بزانیت لە کوێی ئەم گەمەیەدایت، پێویستە بەردەوام چاودێری بکەیت تا دەگەیتە

ئەوەی نەفرەت لەو ساتە چێژ بەخشانە بکەیت، کەبە جوامێرت بەخشیبوو» ئەو ڕۆژە ئەوە دوا نامەی ئەو کەسەبوو، کە وەک ئەهریمەنێک خۆی هاویشتە نێو ئەندێشەکانمەوە.

کات درەنگی کردبوو بەرەو ئێوارە دەچوو..دڵم تەواو گیرابوو، ئارەزووی هیچ شتێکم نەمابوو، بەدووی شتێک دەگەڕام کەمێک ئارامیی بە ئەندێشەی پەرتبووم بدات، نازانم چلۆن ئەوەم بەبیردا هات چوومە چێشتخانەکەوە، یەکێک لەو بوتڵە شەرابانەم لەکەوانتەرەکە دەرهێنا، کە زۆرێک لەشەوەکان جوامێر بەدەم خواردنەوەیەوە لەگەڵ دیمەنی ئەو سەمایەی بەعەشقەوە بۆم دەکردپێی مەست دەبوو، دوا پەرداخی دەخواردەوە، پاشان بە هەستێکی پڕلە خۆشەویستییەوە لە ئامێزی خۆی دەنام، بۆن و بەرامەی تاڵی ئەو شەرابەی دەمی پڕکردبوو بە هەموو جەستەی دەبەخشیم. منیش بە دڵێکی تەواو مەستی خۆشەویستییەوە، چێژم لەو چرکەساتانە دەبینی کە زمانی بە هەموو جەستەمدا دەهێناو موچوڕکێکی پڕلە خۆشی بەهەموو جەستە سپی و نەرمۆڵەکەم ئەدا. ئای ئەوە چ خەونێک بوو منی تیا دەژیام!

پەرداخێکم لەو شەرابە پڕکرد، کەڕەنگی بە هێندەی ناخم تاریکبوو، سەرەتا بۆنی شەرابەکە هێڵنجێکی بە گەرووم بەخشی دواتر وەکئەوەی خواردنەوەیەکی

ئازار شکێن بێت بە چەند قومێک هەموویم خواردەوە، پاش چەند خولەکێک هەستمکرد پەرداخێک ناتوانێت ئازاری ناخم خامۆش بکات، هەربۆیە پەرداخێکی ترم پڕکردەوە و لە موبایلەکەمدا گۆرانییەکی (یاسەمین لێڤی) م دۆزییەوە و هەموو دەنگەکەیم بڵند کرد.

لەناو ئەو ژوورەدا، کە تاوناتاوێک هەورەبروسکە ڕوناکییەکی ترسناکی بەجەستەم دەبەخشی، بەدەم خواردنەوەی شەرابەوە هەموو پۆشاکەکەم لە جەستەی خۆم داماڵی و بەدەم ئاوازی غەمگینی گۆرانییەکەوە لە ناوەڕاستی ژوورەکەمدا بە جەستەیەکی ڕووتەوە سەمام دەکرد. بۆخۆیشم نەمدەزانی ئەو سەمایە بۆ ڕاکێشانی سەرنجە پڕلە شەهوەتەکانی جوامێر بوو، یان ئازاری خەمێکی قووڵی ناخم بوو هەموو جەستەمی دەلاواندەوە؟

ئەو شەوە تا دەرەنگانێک بەدەم خواردنەوەی شەرابەوە لەگەڵ ئازارەکانی خۆمدا سەمام دەکرد، تائەو کاتەی بەخۆمزانی هەموو جەستەم لەئارەقەی گەرمی جەستەمدا نغرۆبووە.وای ئەوە چیبوو منی خستە نێو ئەفسونێکەوە، کە تەنها هەستم بە بوونی خۆم دەکرد! تەنها لەگەڵ خۆم ئەدوام، واهەستمدەکرد لەبەرزی ئاسمانەوە بەتەنێ دەفڕم.

لەناو ئەو ژوورە نیوە تاریکەی، کە تەنها گڵۆپی تەنیشت سیسەمەکەم ڕۆشنایی بەچاوەکانم دەبەخشی،

بەدەم وتنەوەی ئەو گۆرانییەی، کە دەیگوت «دەخۆمەوە بۆئەوەی تۆڵەیاد بکەم» خۆم ئەلاواندەوە تائەو کاتەی ئەژنۆکانم تەواو شەکەت بوون و توانای ئەوەی نەمابوو ئەو جەستە نەرمۆڵەو ئێسک باریکەم ڕاگرن.

لەناکاوێکدا لەناوەڕاستی ژوورەکەدا کەوتمە سەر ئەو مافورە تیسکنەی، کە بە وێنای چەندین گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ ڕازێنرابۆوە. هەستمکرد سەرم تەواو گێژی دەخوارد، نیگاکانم لەگەڵ دیمەنی ژوورەکەدا تەواو ناتەبابوون، وامدەزانی وێنەکان لەبەرچاوەکانم هەڵدێن، منیش لەهەوڵی ئەوەدا بووم لەنیگایەکدا لەنگەریان لەسەر بگرم «من بۆچی دەگریەم، بۆچی چاوەکانم بەخوڕ فرمێسکیان لێدەچۆڕێن؟» ئەو پرسیارەم لەخۆم کرد، کاتێک لەقووڵایی دڵمەوە هەنسکم ئەدالەهەوڵی ئەوەدا بووم خۆم لەو دۆخە دژوارەدا بدۆزمەوە، گوڕێکم بەئەژنۆکانم داو بەرەو ئەو ئاوێنە چووم، کە ڕۆژانە بۆپەراوەی پۆشاکەکانم خۆم لەبەردەمیدا نمایش دەکرد.وێنەی خۆم بە تەڵخیی دەهاتە پێش چاو، نازانم بۆچی چاوەکانم وەها کزو لاواز ببوون، بەچەند هەنگاوێکی تێکەڵ، کە گەمەی بە جەستەم دەکرد تاومدایە ئەو کورسییە بچکۆلەیەی، کەلەبەردەم ئاوێنەی مێزی ئارایشگاکەدا بوو، هێنامە بەردەم ئاوێنەکەو لەسەری دانیشتم و بە وردییەوە

له دیمەنی شێواوی خۆمم دەڕوانــی «ئـەوە کێیە لە ئاوێنەکەدا بە نیگایەکی گرژو تاڵەوە لێم دەڕوانێت، هەستدەکەم شێوەی لە بیرو ئەندێشەمدا نامۆ نەبێت، پێدەچێت ئەوە وێنەی تەمەنێکی پاش بیست ساڵ، نا لەوانەیە بیست و پێنج ساڵی داهاتووی خۆم بێت» من ئاوا خۆم لەو ئاوێنە تەڵخەدا دەبینی «ئەو ئاوێنەیە چەند درۆزن و دوو ڕووە، سپێدە وێنـای ڕاستی خۆمی نیشان ئەدام، ئێستا دەیەوێت بەو وێنە ناشرین و شـێـواوە بڵێت «ئـەوە وێنەی ڕاسـت و دروستی ئێستای تۆیە».

من ئاوا بەتەنێ لەگەڵ خۆمدا ئەدوام، ناخم تەواو هـەژابـوو، هەڵچوونێک هەموو جەستەمی گرتەوە، نەستیانە تاوم دایە کورسییەکەیژێرم و بە هەموو هێزم کێشام بە ڕوخساری ئەو ژنە نامۆیەی، کە لە ناو ئاوێنەکەدا خۆی بەمن دەناساند. بەزمانێکی تێکەڵ و دڵێکی پڕلە گریانەوە قیژاندم و وتم «ئـەوە من نیم هەی درۆزن.. وێنەی ڕاستی خۆم نیشاندەرەوە.. هەی نەفرەتی دووڕوو» ئەو شەوە تادرەنگانێک من لەگەڵ ئاوێنەی ژوورەکەمدا ئەدوام و ئەجەنگام، لە هەوڵی ئـەوەدا بووم وێنەی ڕاستەقینەی خۆمی تیا بدۆزمەوە.

## ٣

ئایا من لە هۆش خۆم چوو بووم؟ یان بە هۆی خـواردنـەوەی بوتڵە شـەرابـەکـەوە ڕۆچـووبـوومـە خەونێکی زۆر قووڵەوە، تەنها ئەوەندەم زانی گرمەی هەورە بروسکەیەک ڕای چڵەکاندم و بەئاگای هێنامەوە. نەمزانی چەندێک دەبوو لە ژیان بێئاگابووم، کاتێک لە کاتژمێری ژوورەکەم ڕوانی «دوو و نیو» ی سپێدە بوو. لەرزێک هەموو جەستەمی تەنییەوە، لەجێگەی خۆمەوە بڵند بووم و دەستم دایە پۆشاکەکانم ولەبەرمکردن.

تاوی ئەو بارانەی بەباوە دەباری، بەڕووی پەنجەرەی ژوورەکەمدا وەک فرمێسکی چاوەکانم دەهاتە خوارێ، ئارامیی کەمێک مێشک وجەستەی تەنیبوومەوە، بەڵام لەرزی ئەو سەرمایەیلەکاتی خەوتندا دزەی کردبووە نێو جەستەمەوە  کەمێک سەری قورسکردبووم، چەند پژمینێک، موچوڕکێکی گەرمی بەجەستەمدا هێنایەوە، ئەوەی ئەندێشەمی لەخۆیدا کۆکردەوە، دیمەنی شکاوی ئەو ئاوێنەیە بوو، کەلە کاتی مەستیدا کورسیەکەم پیاکێشابوو، پارچە وردەکانی  ئاوێنەکە لەبەر ئەو بروسکەیەیپەنجەرەی ژوورەکەمی ڕۆشندەکردەوە دەبریسکانەوە. « ئایا من خۆم شکاند یان ئاوێنەکەم؟ « ئەوپرسیارە منی لە خۆیدا نقوم کرد.

بەو سپێدەیە هەموو هەستەکانم گەڕانەوە بۆ دیمەنی

شێواوی خۆم، کەلە ئاوێنەکەدا بینیم، ترسێک هەموو ناخمی تەنییەوە، گومانی ئەوەم دەکرد لەڕاستیدا سیمام بەو شێوەیەی بەسەر هاتبێت، بەپەلە چوومە بەردەم ئاوێنەی مێزی ئارایشتەکە و بە ترسێکەوە لەخۆم ڕوانی، کەوێنەی خۆم بەڕاستی بینی ئەوکات زانیم ئەو دیمەنە شێواوە وێنای هەستە پەشموردەکەی ناخم بووە.

ئاخر ژن هەرچەندە بەڕوخساریش خۆی لا جوان بێت، بەهێندەی ئەو جوانییە نییە، کەلە دیدی خۆشەویستەکەیەوە وێنای دەکرێت، ئەوە من بووم خۆم لە چاوەکانی (جوامێر) ە وە دەبینی، دڵنیابووم ئێستا ئەو بە وێنەی دیمەنی ئاوێنەکە لە من دەڕوانیٚ، ئەوە ئەو هەستە ڕاستەقینەیە بوو، کە جوامێر بۆ من هەیبوو، لەو سپێدە بێدەنگ و شومەدا، کەتەنها دەنگی لێزمەی باران وەک سەمفۆنیایەکی غەمگین تێکەڵ بە هەڕەشەی مەرگی هەورەکان دەبوو، لە ژوورەکەمدا دەنگی ئەدایەوە، چاوەکانم لە خەو تۆرابوون، هەموو ئەندێشەم لەنێو دیمەنی خۆمدا مۆڵ ببوو.

ئای ئەوە چ چارەنوسێک بوو دووبارە منی بە کێشانی تابلۆکان ناساندەوە، نازانم بۆچی لەو ساتەدا وێنای هەموو تابلۆی ئەو گوڵە هەمەڕەنگانەی پێش ناسینی جوامێر کێشابووم وەک تابلۆیەکی دڕک و پوش و پەلاش و بیٚ مانا هاتەوە یادم؟»ئای جوامێر تۆ چلۆن وەک ئەهریمەنێک خۆت خزاندە ناو ئەو

ژیانە سادەیەم و بەو دەمامکە ئارایشتکراوەت بە ئەفسونی خۆشەویستی منت لەو هەستەجوانانە تۆران، من هەموو ژیانم لەجوانی دیمەنی ئەو گوڵانەدا دەبینییەوە، کە ئارامیی و خۆشبەختیی بە هەستەکانم ئەدا، تۆ چلۆن مرۆڤێکیت.. چلۆن توانیت گەمە بە هەستەکانم بکەیت و وەک کاڵایەکی بێ نرخ فەرامۆشم بکەیت»

من لەو ئەندێشە دژوارانەدا ئازارم ئەچەشت، بۆئەوەی ئەو خەمە لەخۆمدا خاڵی بکەمەوە و بەڕووی تابلۆیەکدا بیڕێژم، هەرئەو ساتە خۆم گەیاندە ئەو ژوورەی نێزیکی ساڵێک دەبوو هەموو کەرەستەکانی وێنەکێشانم تێیدا فەرامۆش کردبوو، هەموویانم لەناو ئەو دۆڵابەی، کەتایبەت بوو بەکارەکانی خۆم دەرهێناو لە ژووری نوستنەکەمدا بڵاوم کردنەوە.

سەرەتا ستاندەکەم ڕێکخست و لەنێزیکی ئاوێنەی ئارایشتەکە چەسپاندم، پاشان کانڤاسێکی خاوێنم پیا هەڵواسی و کورسییە بچکۆلەکەم هێناو بەرامبەر ستاندەکە دامناو لەسەری دانیشتم، بەدەم کێشانی جگەرەیەک، کەلەگەڵ هەموو مژێکی قووڵدا ئەندێشەمی دەبردەوە بۆ ئەو ساتە مەستییانەی وێنای خۆم لە ئاوێنەکەدا دەبینی.

دەبوو چلۆن وێنای ئەو ئازارەی ناخم لەو تابلۆیەدا وێنا بکەم؟ ئەوە هەستێک بوو منی خستە دیمەنێکەوە،

کە لەپشتەوە جەستەی ڕووتی خۆم دەهاتەپێش چاو، وەک ئەو ساتانەی لەنێوان دوو ئاوێنەدا ئـارەزووی ئـەوەم دەکـرد جـەسـتـەی خـۆم لەپشتەوە لەنیگانی جوامێردا زێدەتر بەچێژتر بنوێنم. من لەنێوان دوو ئەندێشەی دژواردا لەخۆم ڕامابووم «ئایا وێنای خۆم لەنێگای ئـەودا بکێشم، یان لەهەستە پڕلە ئازارەکانی خۆمەوە، ئاخر لە ناو دڵێکی ناسک و بچووکدا چلۆن ئازاو خۆشبەختی تیا جێدەبێتەوە؟» ئەوە من بووم لەو دۆخەدا لەخۆم ڕامابووم.

سەرەتا لەسەر پالێتەکەی دەستم چەند ڕەنگێکم ڕۆکرد و بە پەڕموچەیەکی گەورە لەسەر کانڤاسەکە ڕەنگی قاوەیی و سـەوزم بـڵاوکـردەوە، تائەو کاتەی دیمەنێکی تاریکی سـەوز بـاوی بە ڕووی کانڤاسەکە بەخشی، بەچەند هێڵێک ڕووی تابلۆکەم تەواو داپۆشی، سەرەتا وێنەی ئاوێنەکەم بە هەمان ئەو دیمەنەی لە کاتی مەستیدا خۆم تیابینی ئاوا کێشا، لەبەر دەمیدا وێنەی جەستەی ڕووتی خۆم لەپشتەوە بە شێوازێک کێشا، کە لەئاوێنەکەوە تەنها دەمووچاوە چرچ و تاریک و خەمبارەکەمی لێوە بـەدەر دەکـەوت، لەگەڵ مەمکە شۆڕەوە بووەکانم، کە وێنای مەمکی ژنێکی بەتەمەنی دەنواند.

وێنەی جەستەی خۆم لەبەردەم ئاوێنەکەدا لەپشتەوە ئەوەندە ناسک و دڵبەر کێشابوو وێنای ئەوەم دەکرد

هەستی هەموو پیاوێکی دەبزواند، بە تایبەت گوپی سمتە خڕو گۆشتنەکەم، کەلەسەر کورسییەکەدا بڵاو ببووەوە، دڵنیابووم هێڵی نێوان سمتم دەبێتە جێی سەرنجی هەموو ئەو پیاوانەی ڕۆژانە لە بازاڕو شوێنە گشتیەکاندا بەتاسەوە لێی دەڕوانن. پرچە لول و شێواوەکەم تەواو وەک خۆی وێنا کردبوو، تەنها لە ئاوێنەکەدا چەند تاڵێکی سپی، جیاوازی لەگەڵ خۆمدا دروستکردبوو.

«ئای.. دەبێت چاوەکانم چلۆن وێنا بکەم، کەتەنها لە ناو ئاوێنەکەی بەردەممدا خۆم دەبینم» ئەو چاوانەی، کە هەمیشە ژیانی بە جوانی دەبینی، لە نێو ئاوێنەکەدا دیمەنێکی پڕلە پرسیارو گومان و خەمناکی لە خۆیدا نواندبوو، من بەو سپیدەیە کاتێکی زۆرم بەچاوەکانمەوە بەسەر برد، دڵنیابووم لەوەی مرۆڤ هەمیشە لە چاوەکانییەوە دەتوانێ وێنای ڕاستەقینەی ناخی بەرامبەری بدۆزێتەوە، دەبوو من ئەوەم بکردبا تا هەستی هەموو ئەو پیاوانەی لە جەستەمدا چێژیان دەبینی بە نیگای چاوەکانم وەڵامێکی ڕاستەقینەی هەستی خۆمیان بدەمەوە.

دوای تەواو بوونی دیمەنی خۆم لە پانتایی تابلۆکەدا، لەپشتی ئاوێنەکەدا وێنای نیوە تاریکی ژوورەکەی خۆم کێشا، کە سیسەمە پەرش و بڵاوەکەمی تیا دەبینرا، لەگەڵ ڕۆشنایی کزی ئەو لامپەی لە نێزیکیەوە دانرابوو، لە تابلۆکەدا ڕەنگەکان بەپێی سروشتی خۆیان لەگەڵ

وێنەکاندا تەواو تەبابوون، کاتێک لە کێشانی تابلۆکە بوومەوە، پرشنگی سپێدە ژوورەکەمی ڕۆشنکردبۆوە، هەستمکرد جەستەم تەواو شەکەت و گران بووە، تابلۆکەم هەربەو شێوەیەی، کەلەسەر ستاندەکە بوو ئاوا لێگەڕام تاکو بێتە وەڵامێکی هەستە شێواوو نائارامەکەم بۆ جوامێر، تائەو کاتەی لە کار دەگەڕێتەوە دەبێت ئەو چلۆن تابلۆکەم بخوێنێتەوە؟ ئایا ئەو بەو هەستە قێزەونەی خۆیەوە دەتوانێت ئازارەکانی من لەخۆیدا بەرجەستە بکات؟

ئەو شەوە دوای نانخواردن چیرۆکی تابلۆی (ژنی بەردەم ئاوێنەکە)م ئاوا بۆ ئەو ژنە نامۆیە گێڕایەوە، کە لەناوەختا بووە میوانی ماڵەکەم، کە لە قسەکانم بوومەوە خاتووماریا لە شوێنی خۆی هەڵساو بە چاوە پڕلە پرسیارەکانی کەمێک لە دیمەنی تابلۆکەی ڕوانی و بەهەناسەیەکی پڕلە ئازارەوە نیگاکانی بۆسەر ڕوخسارە ساردەکەم گواستەوە و بەدەنگێکی غەمگینەوە وتی:

-پیاوەکان هەرگیز ناتوانن وێنای ئازارەکانی ناخی ژنان بخوێننەوە!

لەقسەکانی خاتوو ماریا دا هەستم بەخەمێک دەکرد، پێدەچوو ئەزموونێکی پڕلە ئازاری لەگەڵ پیاواندا هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کەلەدیمەنی جوانی و سەرنج ڕاکێشی چاوەکانیم دەڕوانی، بیرم لەوە دەکردەوە «لەکاتی لاوێتیدا یان لەهەمان تەمەنی مندا دەبێت چەندپیاو

عاشقی بووبێت، ئاخر پیاوان کاتێک بەڕاستی ئاشقی ژنێک دەبن، هەرگیز هیچ ژنێکی تر جگە لەو بەجوانتر نابینن، ئایا تا ئێستا هیچ پیاوێک عاشقی خاتووماریا نەبووە، یان هیچ کەسێک نەیتوانیووە هەست بەناخی بکات و دڵی بلاوێنێتەوە» کاتێک لەسیمای سپی و چاوە هەنگوینییەکانیم دەڕوانی، متمانەم بەوە نەبوو ژنێک بەو هەموو جوانییەوە نەیتوانیبێت تائێستا دڵی پیاوێک داگیر بکات و جێگەی خۆی لەنێویدا بکاتەوە، ئەو ئێوارەیە من ئاوا بیرم لە هەستەکانی خاتوو ماریا دەکردەوە.

# تابلۆی گومانەکان

## ١

هێزێکم بەجەستە گرانەکەمدا تا بەقەدی دیواری ژوورەکـەدا تابلۆکان ڕیزبەند بکەم، بەهۆی ئـازاری پشتمەوە دەستێکم لەکەمەری خۆم نابوو بۆئەوەی هاوسەنگی خۆم بپارێزم، خاتووماریا  بە گوڕێکەوە لێم هاتە پێشـەوە و وتی:

-هەموو ئەوانە لێگەڕێ بۆخۆم، تۆ بەم حاڵەوە نابێت دەست بۆئەم کارە قورسانە بەریت.

خاتووماریا هەموو تابلۆکانی بەقەدی دیوارەکەدا ڕیزبەند کرد و هاتەبەرامبەرم و دانیشت، لەنیگای چاوە گەورەکانیدا هەستم بە تامەزرۆیی ئەوە دەکرد، بزانێت لە دوای ئەوە چی ڕویداوە، وتی:

-ئـێ..خـاتـووسـەنـاریـا لـە دوای ئـەوە چـی ڕویـدا، چیتکرد؟

لەگەڵ تەواو بوونی قسەکانیدا، هەستم بەجوڵەیەکی پـەریـسـاکـرد، پێدەچـوو بیەوێت بــەدووی شـوێـنێکدا بگەڕێت تالیۆەی بێتە ئـەم ژیانە قێزەونەوە، یان بە بیستنی ئەو چیرۆکانەی، کە نەخشـەی ژیانی داهاتووی دەنەخشێنێت، نیگەران بێت.لەناو سکمدا پەلی بەهەموو شوێنێکی خۆیدا دەکوتا، بە هەردوو دەستەکانم سکملە ئامێز گـرت بـۆئـەوەی ئارامیی پێببەخشمەوە، دواتـر ڕوومکردە خاتووماریاو وتم:

-دەبوو چیم بکردبا، ها؟ لەچاوەڕوانی هاتنەوەی بوومایە و شەڕێکی چارەنووسازم لەگەڵیدا بخولقاندایەو کۆتایم بە هەموو شتێک بهێنیبایە، یان وەک هەموو ڕۆژانـــی ئاسایی نانی سپێدەم ئامادە بکردایەو لەچاوەڕوانی ئەوە بوومایە لەگەڵ هاتنەژوورەوەیدا لە دەرگاکەوە بەماچێک پێشوازیم لە هاتنەوەی بکردبا تا هەستی تامەزرۆیی خۆمی بۆ دەربڕم؟

من لەچاوەڕوانی وەڵامـی ئەو پرسیارەدا بێدەنگ بووم، خاتوومار‌یا بە بێئەوەی بیرلە وەڵامی پرسیارەکەم بکاتەوە وتی:

-مـن هەمیشە باجی هـەموو ئـەو هـەڵانـەم داوە، کەبەهۆی هەڵچونمەوە بڕیارم لـێداون، لـەو دۆخـەدا پێویست بوو هێمن و وریا بیت تابەردەوامی بەچاودێری کردنی جوامێر بدەیت، بۆئەوەی بگەیتە ئامانج.

بەخەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە کەمێک لێم ڕوانی و وتم:

-ئەوە بۆمن زۆر ئەستەم بوو بمتوانیبا هەموو ئەو هەڵچوونەی ناخم لە ژێر دەمامکێکی ئارایشتکراو دا حەشار بدایە، هەربۆیە پێش ئـەوەی جوامێر بێتەوە، بڕیاری ئـەوەم دا هـەموو پـەرش و بـڵاوی ژووری نوستنەکەم کۆبکەمەوە، بـەڵام تابلۆی (ژنـی بـەردەم ئاوێنەکە)م لەجێگەی تابلۆی ئەو ژنە هەڵواسی، کە بەپۆشاکێکی نیمچە ڕووتـەوە لەبەرامبەر سیسەمی

خەوتنەکەمان هەڵواسرابوو، جوامێر لەو شەوانەی بێداریی ئێخەی دەگرت، هەمیشە بەئەندێشەیەکی قووڵەوە لێی دەڕوانی.

پاشان چوومە ناندینەکەو نانی سپێدەم وەک هەموو ڕۆژانی تر ئامادەکردوو هەرلە ناندینەکەدا لە چاوەڕوانی ئەو دا بەجەستەیەکی گرانەوە لەچاوەڕوانی ئەودا بووم، کاتێک ئەو لەئێشکگری بنکە گەڕایەوە، لەهەوڵی ئەوەدا بووم ئەو هەڵچوونەی ناخم لە سیمامدا بشارمەوە. ئاخر مرۆڤ هەمیشە نیگای چاوەکانی وێنانی ناخی دەکەن تەنها ئە مرۆڤانە نەبێت، کە ئەزمونێکی درێژخایەنیان لەگەڵ دەمامکەکاندا هەیە، هەربۆیە کاتێک هاتەوە کوڵمی چەپمی لەبری سڵاوێک ڕاموسی و کەمێک لە نیگا شێواوەکەمی ڕوانی و وتی:

–جەستەت گەرمە.. من دڵنیابووم دوێنێ بەهۆی ساردی کەشەکەوە نەخۆش کەوتبیت، وەرە با بتگەیەنمە نەخۆشخانە.

بۆئەوەی ئەو گومانەی، کەلە نیگاکانمدا دەیبینی بڕەوێنمەوە بە خەندەیەکی دەستکردەوە وتم:

–پێویست ناکات، هیچ شتێکی وەها نییە هەتا تۆی پێوە ماندوو بکەم.

ئەو بەردەوام چاوە تیژو پڕلە گومانەکانی لەنێوچاوەکانم نابوو، بۆئەوەی خۆمی لێ قوتار بکەم سەرنجەکانم بۆسەر مێزی ناندینەکە گواستەوە و وتم:

-وەرە با نانەکەمان بخۆین.

ئەو هەڵوێستانە بۆمن زۆر ئەستەم بوون، نەمدەزانی بە چ شێوازێک ڕەفتار بکەم تا هاوشێوەی ڕەفتاری ڕۆژانـی تر بێت، هەربۆیە بە تۆنێکەوە، کەتێکەڵ بە نەرمەکۆکەیەک بوو وتم:

-کێشـەی ئـەو ژنـەی دوێنێ باستکرد چی بەسـەر هات؟

جوامێر وەک هەموو ڕۆژانی تر، کەچیرۆکی تاوان و ڕووداوەکانی  ئەم شارەی بۆ دەگێڕامەوە وتی:

-هیچی وانەبوو تەنها لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا بەشـەر هاتبوو، دەیویست بە نهێنی سکاڵای لەسەر تۆمار بکات، دواجارکە هاتمە دەرەوە بۆئەوەی بگەڕێمەوە بۆ بنکە، ئەو داماوە لەبەردەم ئەو بارانە بەخوڕەدا لە چاوەڕوانی تەکسیدا وەستا بوو، منیش بەناچاری بەئۆتۆمبێلەکەی خۆم تانێزیکی ماڵەوەیانم گەیاند.

کـە جوامێر ئـەوەی بـۆ گـێـڕامـەوە، هەناسـەیەکی شـادمانی هـەمـوو ناخە ئاڵۆزەکەمی ئـارام کـردەوە، بەڵام ئەو جەنگە وەک ئاگرێکی خامۆش، کە گومانی گەشانەوەیم دەکرد، لەناخمدا ئاسەواری هەرمایەوە.

## ٢

تائەوکاتەی سکرتێری پزیشکیی ژنانەکەم بۆمەبەستی پشکنینم بەتەلەفون ئاگاداری کردمەوە سەردانی بکەم، ژیانم وەک ڕۆژانی تر ئارام بوو. ئاااى خاتوون، مرۆڤ لەناو خۆیدا چەند بوونەوەرێکی هەست ناسک و لاوازە، وشەیەکی کوشندە، یان ڕەفتارێکی نامۆ دەتوانیت لەچرکەساتێکدا هەرەس بەهەموو خەونەکانی بهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا وشەیەکی جوان و پڕلە هەستێکی خۆشەویستیی، مرۆڤدۆستی چەندین خەونی جوان و هیوای ژیان لە ناخیدا سەوز دەکات.

ئەو ڕۆژە لەگەڵ جوامێر چووم بۆ نۆرینگە، پزیشکەکەم دوای ئەوەی جەستەی پشکنیم وتی:

-منداڵدانت ئیلتهابێکی زۆری هەیە، بۆیە سک ناکەیت، پێویستە ئەو چارەسەرانەی بۆت دەنووسم بەباشی و لە کاتی خۆیاندا بەکاریان بهێنیت.

لەگەڵجوامێرلەنۆرینگەی پزیشکەکەم، هاتینە دەرەوە، لەدەرمانخانەیەک هەموو چارەسەرەکانمان کڕی و بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەو گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە، کەچوینە ژوورەوەجوامێر لەئامێزی خۆی نام و بە هەستێکی پڕلە خۆشەویستییەوە وتی:

-گیانەکەم نیگەران مەبە ئێمە هێشتا لەسەرەتای هاوسەرگیریمانداین، پەلەی منداڵت نەبێت، ژیان هێشتا لەپێشمانەو زۆری ماوە.

ئەو ڕۆژە باران ئەوەندە بە لێزمە دەباری، لەماوەی ئەو چەند خولەکەی بەپەلە خۆمان خزاندە ئۆتۆمبێلەکە هەموو جەستەمان لەبارانـاودا نغرۆ ببوو، هەربۆیە جوامێر بەپەلە خۆی گەیاندە ژووری نوستنەکە، بۆئەوە بۆشاکەکەی بگۆڕێت، لەو ساتەدا بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ جوامێر کاتێک تابلۆکە دەبینێت، چ هەستێکی لا دروست دەبێت و بە چ شێوازێک پێشوازی لێدەکات؟ کە هاتە دەرەوە لەسیمایدا پێدەچوو ڕەچـاوەی ئەو گۆڕانکاریانەی نەکردبێت، هەربۆیە بەئاسایی لە نێزیکی ئاگری زۆپاکەوە دانیشت و کۆنترۆڵی تەلەفزیۆنەکەی بەدەستییەوە گرت، کەوتە گەڕان بەشوێن ئەو کەناڵانەی فیلمی ئەکشنانەی نمایش دەکرد.

ئەو ڕۆژە تاکاتی نوستن، من خەریکی کارەکانی ماڵەوە بووم، بێئاگابووم لەوەی بەهۆی کپکردنی زەنگی تەلەفونەکەمەوە لای پزیشکەکەم نامەیەکی ترم لەو کەسە نەناسراوەوە بۆهاتبوو، لە ژووری نوستنەکەم، دوای ئـەوەی خۆم گۆڕی ونامەکەم خوێندەوە، بۆی نوسیبووم «کێشەی ژنەکان ئەوەیە زوو متمانە بە پیاوەکان دەکـەن، هەربۆیە پیاوەکانیش بە دەمامکە سۆزدارییەکانیان فریویان ئەدەن، لەچاوەڕوانی ئەوەدابە بۆژوانێکی تر ئاگادارت بکەمەوە».

ئەو نامەیە جارێکی تر منی گەڕاندەوە بۆئەو دۆخە دژوارەی ئـازارم پێوە دەچـەشت، نائارامیی دووبـارە

هەموو جەستەمی تەنییەوە، لەبیری خۆمدا وتم»ئەی خودایە ئەمە چ مرۆڤێکی دڕندەیە گەمە بە هەستەکانم دەکات»بیرم تەواو ئاڵۆز ببوو، هەستمکرد ئەو گومانەی ناخی تەنیبووم خەریکە یەکلا دەبێتەوە و ڕاستییەکی تاڵ هەموو بیرم تەواو داگیر دەکات، هەستەکانم ئەوەیان پێدەگوتم»خاوەنی نامەکە ڕاست دەکات، ئەگەرنا کەسێکی نەناس، بۆچی خۆی بە منەوە سەرقاڵ دەکات و دەیەوێت بمگەیەنێتە کەنارەکانی ڕاستی» بەنێو یادەوەرییەکانی خۆمدا ڕۆچوومەوە، سیمای ئەو ژنەی بەچاوە خومار و مەکراوییەکانی لەجوامێری دەڕوانی، پێدەچوو نهێنییەکی زۆری لەخۆیدا حەشار دابێت، من گوێملە قسەکانی نەبوو، بەڵام ڕەفتارەکانی وێنای پەیوەندییەکی سۆزداریی لەخۆگرتبوو، هەربۆیە ناخم لەو پرسیارەدا کۆبووەوە «ئایا جوامێر بەڕاستی عاشقم بوو، یان تەنها خۆشەویستییەکی سەرپێیانەی خۆی بوو، کە خۆی لە جەستەی مندا نواند و منی خستە ناو ئەفسونی عەشقێکەوە، کەبەتەنێ لە خۆمدا خەونەکانم لەسەر هەڵچنیبوو؟ ئایا عەشق دەمرێت؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێت لە نێو قووڵایی عەشقدا بەخۆی بێتەوە و خۆی بناسێتەوە؟» ئەوە منم بووم، کە ئەستەم بوولەو هەستەدا بمتوانیبا بەخۆم بێمەوە و وێنای ڕاستی جوامێر بناسمەوە.

ئای مرۆڤەکان چەند دەمامکدارن، هەرگیز ناتوانن وێنای ڕاستەقینەی خۆیان نیشان بدەن، ئاخر مرۆڤ

کاتێک بەڕاستی عاشق دەبێت هەرگیز درۆ ناکات، هەرگیز ناتوانێت وێنای کەسێکی دی لەخۆیدا جێ بکاتەوە، دەبێت جوامێر چلۆن لە من بڕوانێت! ئایا لەلای ئەو عەشق بوونی هەیە؟ یان ڕەفتارەکانی تەنها دەمامکێکە بۆ شاردنەوەی خودی خۆی؟!.

لە خۆمداتەواو ڕۆچوو بووم، جوامێر بەپرسیارێک منی بەخۆ هێنایەوە و وتی:

-گیانەکەم بیر لە چی دەکەیتەوە؟

بۆخۆیشم نەمزانی ئەو قسانە چلۆن لە دەمم هاتنە دەرەوە، ڕاستە و خۆ پێم وت:

-وەرە با بچینە ژووری نوستن بزانە ئەمشەو چلۆن تابلۆیەکم کێشاوە!

بە بێئەوەی بیر بکاتەوە وتی:

-کێشانی تابلۆ بەدەم خواردنەوەی شەرابەوە!

ئەو قسانەی منی بردەوە بۆئەو بۆچوونەی، «جوامێر خۆی لە ڕاستیەکان گێل دەکات و دەیەوێت چاودێری ڕەفتارەکانم بکات» هەربۆیە وتم:

-تۆ چلۆن دەزانیت من شەرابم خواردۆتەوە؟

بە خەندەیەکی تاڵەوە وتی:

-کاتێک لە ژووری نوستنەکە خۆم گۆڕی، بۆنی شەرابم کرد.

هێشتا خەندە تاڵەکەی لەسەر لێوەکانی مابوو، هاتە نێزیکمەوە و بەو دەستانەی کە هەمیشە تینووی جەستەم بوو کەمێک لە ئامێزی گرتم، پاشان بەتوندی دەستی چەپی گوشیم و بەرەو ژووری نوستنەکە بە دوای خۆیدا ڕایکێشام

کەچوینە ژوورەوە بەردەوام لەتابلۆکەی دەڕوانی، کەمێک چاوە زیتەکانی بچووککردەوە، دەیویست هەموو سەرنجەکانی لە تابلۆکەدا کۆبکاتەوە، دوای چەند خولەکێک ئاوڕێکی بۆ ئاوێنە شکاوەکە دایەوە، منیش بۆئەوەی بەپرسیارێک لە نیگاکانیدا ڕاستی ناخی بدۆزمەوە وتم:

–لەو تابلۆیەدا چی دەبینیت؟

ئەو بە نیگەرانییەوە کەمێک لێی ڕوانیم و وتی:

–ژنەکان هەرچەندە جوان و سەرنج ڕاکێش بن، بەڵام کاتێک خەمباردەبن و لەبەر ئاوێنە لەخۆیان دەڕوانن، تەنها ئەو هەستە بەخۆیان دەبەخشن، کە ئاوێنەکە درۆیان لەگەڵدا دەکات، هەربۆیە کاتێک خۆیان لا پەسەند نییە ئاوێنە بەنەفرەت دەکەن.

بە هەستێکی پڕلە هەڵچوونەوە وتم:

–دەبێت چی وا لە ژنەکان بکات ئاوێنە بەنەفرەت بکەن؟

پێدەچوو پرسیارەکەم ناخی بزواندبێت، بۆیە بە چەند وتەیەکی دەمامکدار لە هەوڵی ئەوە دابوو ئەو

گومانەی ناخی لە نیگاکانمدا بسڕێتەوە، هاتەبەرامبەرم و لێوەکانی لەگوێم نێزیک کردەوە ووتی:

–ئازیزەکەم هەرگیز ئاوێنە ناتوانێت جوانی ڕاستەقینەی ژنەکان وێنا بکات، تەنها ئەو پیاوانە نەبێت، کەبەڕاستی لە هەستێکی پڕلە عەشقەوە جوانیی ناخی ژن دەبینن. من لەناخی خۆمەوە هەست بە جوانی تۆدەکەم.

بەدەم ئەو قسانەوە کەوتە ماچکردنی لاملم و گەردنم، لەناخەوە وامهەستدەکرد لێوەکانی پشکۆیەکن و بە جەستەمدا دەچزێن، بەڵام ئەو بەردەوام بوو، منیش لەناخەوە ئەندێشەم لە خۆمدا دژوار بوو، هەستەکانم بەو ڕفتارە بزوێنەرانەی تەواو خامۆش بوون، هەربۆیە لەو ساتەدا هەستمبەوە کرد ئەو عەشقەی لە نێومدا بوو، وەک هەورێکی بەهاری بەخێرایی ڕەوییەوە، ئەو کاتە هەستمکرد عەشق لەناخی مندا مرد. «عەشق هەرگیز نامرێت عەشق ئەفسونێکە لە ڕۆحی مرۆڤدا لەدایک دەبێت و هەر لە ڕۆحدا دەمێنێتەوە» ئەوە هەستی من بوو، لەو ساتانەی کەلە خەونەکانمدا ڕۆچوو بووم، بەڵام ئەو ڕۆحی منی کوشت، ئەو ئاگرەیلەهەستی پڕلە عەشق و خۆشەویستییەوە گەرمی دەکردمەوە، بوو بەبەستەڵەکێکی ساردو سڕ، هەربۆیە کاتێک تاوی دایە ماکسیەکەم و بەجارێک لەبەری داکەندم،

دڵنیابووم لەوەی هەستی بەساردی و لەرزینی جەستە نەرمۆڵەکەم کردبوو، بەڵام بۆئەوەی گومانەکانی ناخم بڕەوێنێتەوە، بە ماچە هەستبزوێنەکانی بەردەوام لێوە ئەستورەکانی دەمژیم و خۆی لە نێو بۆن و بەرامەی جەستەمدا ونکردبوو.

ئەو بەردەوام بە دەستەکانی جەستەمی هەڵدەگلۆفی و منیش لەناخەوە ئازارم دەچەشت، کاتێک تاوی دایە جەستەم و لەسەر سیسەمەکە ڕایکێشام، چاوەکانم لەسەر تابلۆکەبوو، کەبەردەوام ئەو ساتانەی دەهێنامەوە یاد کە شەو بەدەم خواردنەوەی شەرابەوە لەناخی خۆمدا لەهەوڵی سڕینەوەی جوامێردا بووم. ئەو بەتاسەوە تەکانی لێئەدام و منیش چاوەکانم لەسەر دیمەنی خۆم بوو، کەلە ئاوێنەکەدا وێنای ڕاستەقینەی ناخمی دەنواند، هەتا ئەو ساتەی بەدەم گەیشتن بە لوتکەی چێژی جەستەم دەیناڵاند من لە ئەندێشەی خۆمدا بووم، ئەوە من نەبووم کەوەک بوکەڵەیەکی بێ گیان لە ژێریدا کەوتبووم، دڵنیابووم لەوەی لەئەندێشەو هەستی خۆیدا وێنای منی بەو ژنە سۆزانییەی قاوەخانەکە شوبهاندبوو، کە پێدەچوو ماوەیەک بێت پەیوەندی لەگەڵدا بەستبێت، بۆیە زۆر لەشەوەکان بەسەرمەوە و بەدەم تەکان لێدانەوە نیگای چاوەکانی بۆ دیمەنێکی نادیار دەیانڕوانی.

## ٣

«ئێمە بۆچی ناتوانین وێنای ڕاستەقینەی خۆمان بۆ ئەوانیتر نیشان بدەین؟ ئایا ئێمە لە بوونی ڕاستەقینەی خۆمان دەترسین؟ یان گومانمان لەهەستەکانی خۆمان دەکەین؟ نازانم مرۆڤ بۆچی ناتوانێت وەک خۆی بدوێت، وەک خۆی بیر بکاتەوە و خودی خۆی وێنا بکات» ئەوە پرسیاری من بوو لە دوای گێڕانەوەی چیرۆکی گومانەکانم بۆ خاتوو ماریا، ئەویش چاوێکی بە تابلۆکاندا گێڕا، کە بەقەدی دیواری ژوورەکەمدا هەڵپەسێنرابوون، دیاربوو ئەیویست بیرلە وەڵامێکی گونجاو بکاتەوە، یان پێدەچوو پرسیارەکەم ئاڵۆزیی لەبیر کردنەوەیدا دروستکردبێت، پاش ڕامانێکی قووڵ سەرنجەکانی منی لە خۆیدا کۆکردەوە و وتی:

–ئێمە هەر لەدایکبوونمانەوە، خودی خۆمان نین، ئەوە ئەو ژیانە نەفرەتییەیە، کەوامان لێدەکات لە خۆیدا ونمان بکات، هەربۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەداین خۆمان بدۆزینەوە، بەڵام هەرگیز ئێمە ناتوانین وێنای ڕاستەقینەی خۆمان نیشان بدەین. گرفتی ئێمە لەوەدایە، کەبەویستی ئەوانی تر وێنای خۆمان دەکەین و ڕەفتار دەکەین، بۆیە لە نێو خۆماندا بەردەوام لەجەنگێکی بەردەوامدا ژیان دەکەین. تۆلەوە گەڕێ نازدارەکەم، ئەو چیرۆکەی بۆت گێڕامەوە لە کام تابلۆکاندا وێنای خۆیان دەکەن؟ دەشێت من لەدیدی خۆمەوە وێنایەکی ترم بۆکێشابێت!

بە خەندەیەکەوە قسەکانیم لە لێوە هەست بزوێنەکانی قۆستەوە و وتم:

–چاوێکبە نێو تابلۆکاندا بگێڕە، بزانم دەتوانیت ئەو چیرۆکە لە نێویاندا بدۆزیتەوە؟

خاتوو ماریا لەجێگەکەی خۆی بڵند بووەوە، بەهێمنی چاوێکی بەهەموویاندا گێڕاو پاشان لەبەردەم تابلۆیەک هەڵوێستەیەکی کرد، نازانم ئەو ژنەی، کەبە ڕەفتارەکانی پێدەچوو هیچ ئەزمونێکی لەگەڵ هونەری تابلۆدا نەبێت، چلۆن توانی چیرۆکەکانم لەو تابلۆیەدا بدۆزێتەوە! ئەو بەردەوام لە تابلۆکەی دەڕوانی، کە چەند هێڵێکی خوارو خێچ و ڕەنگاو ڕەنگبە شێوەیەکی ستونی و بەتەنیشت یەکەوە کێشابوو، وەک سێبەر هەموو پانتایی تابلۆکەی داگیر کردبوو، لەناو هەموو ئەو هێڵانەدا، وێنەی چەند دەمووچاوێکم کێشابوو، کەلە مرۆڤی ڕاستی نەدەچوون، بەڵکو بە چەند هێڵێک وێنای ڕووی مرۆڤی لەخۆیاندا دەنواند، دەموو چاوەکان لەیەکدی جیاواز بوون، هەریەکەیان وێنای ژن، یان پیاویان تیا دەبینرا، هەندێکیان وەکئەوەی بگرین، دڵۆپە فرمێسکێک بە شێوەی سێگۆشەیەکی ڕەنگ سورو شین لەنێزیکی چاویانەوە هەبوو، هەموو دەموو چاوەکان کەلە سێ کەس پێک هاتبوون، کاتێک لـەدوورەوە لێت دەڕوانی واهەستت دەکرد هەرسێکیان لە ناو کەللەسەی مرۆڤێکدا خۆیان نیشان ئەدەن.

خاتوو ماریا بەخەندەیەکەوە وەک بیەوێت گەمەم لەگەڵدا بکات پەنجەی بۆتابلۆکە ڕاکێشاو وتی «ئەوەیە» منیشبە

خەندەیەکەوە سەرێکی دڵنیاییم بۆدانەواند.تابلۆکەی هێنایە نێزیکمەوە و کەمێک بە تاسەوە لێی ڕوانی، پاشان نیگا دڵبەرەکانی بۆ چاوەکانم گواستەوە و وتی:

–کاتێک لەپێشانگەکەدا بووم خۆم لە ناو زۆرینەی تابلۆکاندا بینییەوە، بە تایبەت ئەمەیان زۆر سەرنجی ڕاکێشام سەرەتا وێنای ئەوەم کرد ئەم تابلۆیە وێنای خێزانێک بێت منداڵێک لە نێوانیاندا بێت، بەتایبەت کاتێک تۆم بینی بە دووگیانیی سەرپەرشتی پێشانگەکەت دەکرد وتم:»پێدەچێت ئەوە وێنای خۆی بکات» هەرچەندە من ئاشنایەتیم لەگەڵ تابلۆکاندا نییە، بەڵام نازانم تاچەند نێزیک بوومەوەتەوە لە هەستەکانت؟

قسەکانی خاتووماریا هەموو ناخمی هەژاند، بەدڵێکی پڕلە ئازارەوە وتم:

–تابلۆکان هەرگیز لەهەستێکی دیاری کراودا خۆیان وێنا ناکەن، مرۆڤ کاتێک دەیەوێت ئازارێکی خۆی لە تابلۆیەکدا بەرجەستە بکات، واهەست دەکات هەموو ناخی دەبێتە ڕوبارێک لە ڕەنگ و لە ناو پەڕموچەکەی دەستیدا خۆیان دەنوێنن، بە بێئەوەی ئاگات لە خۆت بێت ئازارەکانی ناخت کۆنترۆڵی جوڵەی دەست وپەنجەکانت دەکەن، ئیتر ئاراستەی ئەو پەڕموچەیە بەویستی ناخت دەبزوێت، کەدەگەیتە کۆتایی تابلۆکە، ئەوکات دەزانیت ناخت بەتەواوی لەنێو ئەو تابلۆیەدا هەڵڕشتووە. هەرئەوەشە واتلێدەکات لەدوای هەموو تابلۆیەکدا هەست بەئارامیی و خاڵبوونەوەی ئەو ئازارانە بکەیت، کە لەنێو

خۆتدا هەڵتگرتوون. بەڵام ئەوە تەنها هەستێکی کاتییە، وەک ئەو مادە بێهۆشکەرانەی بۆماوەیەک هەستەکانمان سڕدەکەن و دەمانخەنە نێو دۆخێکەوە، کە وێنای ژیانێکی ئەفسوناویمان پێ دەبەخشێت، بەڵام کاتێک بەخۆمان دێینەوە ئەوکاتە دەزانین ئازارەکان لە ڕۆحماندا ئاوێتە بوون و هەتا مردن لەگەڵمان دەژین.

ئەو بەتاسەوە لە قووڵایی چاوەکانمی دەڕوانی، پێدەچوو بەدووی شتێکدا بگەڕێت، یان گومانی لە هەستەکانی خۆی هەبێت، کەلە تابلۆکەدا وێنای کردبوون. بە خەندەیەکەوە بۆئەوەی ئەو گومانە لە نێویدا بڕەوێنمەوە وتم:

–بەدڵنیاییەوە بۆچوونەکەی بەڕێزتان هەمان وێنای ناخم دەکات.

لەدوای ئەو قسانەم، بە نیگایەکی گەشەوە کەمێک لێمی ڕوانی، پاشان بە تامەزرۆییەوە ئاوڕێکی بۆدیمەنی تابلۆکان دایەوە و وتی:

–ئەی چیرۆکی ئەوانی تر چییە؟

هەستمدەکرد هەناسەم توند دەبێت، بە هێمنی لە شوێنی خۆم بڵند بووم، خاتووماریا بە چاوێکی پڕلە ترسەوە لێمی دەڕوانی، وەکئەوەی پێشبینی دۆخێکی خراپی تەندروستیم بکات، کاتێک بەئاستەم هەناسەم ئەدا دڵنیابوو لەوەی بە هۆی پەریساوە دۆخم تێک چووە هەربۆیە وتی:

–ژنانی دووگیان لەکاتی نێزکبوونەوەی منداڵەکانیاندا زۆرجار تۆشی ئەو هەناسە توندییە دەبن، هەوڵ بدە بەردەوام بجوڵێیت بۆئەوەی بەئارامیی هەناسە بدەیت،

ئەوەندەت نەماوە لەو بارگرانییە ڕزگارت دەبێت.
دوای ئەوەی کەمێک بە ژوورەکەدا پیاسەیەکم کرد، گەڕامەوە بۆلای و لە نێزیکیەوە دانیشتم خاتووماریا وتی:
-ئەگەر باشتر بوویت پێم خۆشە چیرۆکی تابلۆکانی ترم بۆ بگێڕیتەوە؟
بە تاسەوە لەو چاوانەیم دەڕوانی، کە تامەزرۆی بینینیان بووم، بە خەندەیەکەوە وتم:
-تۆ بڕیارت دابوو تا پەریسا لەدایک دەبێت لێرە بمێنیتەوە، پەلەت نەبێت کاتمان زۆرە بۆئەوە، بەڵام پێت نەوتم ئێستا لە کوێ دەژیت، تۆش چیرۆکی ژیانی خۆتم بۆ بگێڕەرەوە؟
دیاربوو خاتووماریا بیری لەشتێک دەکردەوە، تۆزێک لە خۆی ڕامابوو، بە نیگایەکی خەمناکەوە وتی:
-من لەهەندەران دەژیم، چەند ڕۆژێکە گەڕاومەتەوە، چیرۆکی ژیانی من بەهێندەی تۆ بەئازارە، پێدەچێت لە زۆری تابلۆکانتا وێنای ئازارەکانی من هەبێت، لەوانەیە لەهەندێکیاندا بونم هەبێت. دڵنیابە لەناو هەموو چیرۆکی تابلۆکانتا خۆمی تیا دەبینمەوە، تۆجارێ لە ژیانی من گەڕێ، با چیرۆکی تۆ تەواو بێت ئەوەکات پێت دەڵێم ئازاری من لە کوێی چیرۆکی تابلۆکانی تۆدا بونی هەیە!
ئەو شەوە هەردووکمان ماندوو بووین، هەربۆیە بەدەم ئازاری چیرۆکی تابلۆکانەوە ڕۆچوومە خەونێکی دژوارەوە لە چاوەڕوانی ئەو سپێدانەی کە هەمیشە دووبارە بوون چاوەکانم لێکنا.

# تابلۆی چێژو
# ئازارەکان

## ١

بـەردەوام هـاوارم دەکـرد بـەڵام دەنگم لەخۆمدا تاسابوو، تابلۆکان بەشێوەیەکی بازنەیی بـەدەوری پەریسادا دەسـوڕانـەوە، پەریسا وەکئەوەی بەدوای مندا بگەڕێت، بەگاگۆڵکێ چاوە گەش و گەورەکانی لەدیمەنی تابلۆکان بڕیبوو، منیش لە دوایـەوە پڕبە گـەرووم هـاوارم دەکـرد «پـەریـسـا پەریسا مـەڕۆ، بۆکوێ دەچیت من لێرەم» هەرچەندم دەکرد ئەو گوێی لە دەنگم نەبوو، گومانی ئەوەم دەکرد پەریسا کـەڕولاڵ بـوو بێت، ئەگەرنا بۆچی ئـەو تەنها چەند هانگاوێک لێمەوە دوورە ئـاوڕم بۆناداتەوە؟ کاتێک زانیم لە(تابلۆی قامچییەکاندا) ئەو پیاوە قێزەونەی قامچییەکی درێژی بەدەستەوە بوو، بە ڕاوەشاندنێک قامچییەکەی لە ملی پەریسا گیر کـردوو بە هێمنی بـەرەو قـووڵایـی تابلۆکەی خـۆی ڕایکێشا، وای لە ئازاری من، وەی جەرگی من بۆکوێ چوو؟ من تا ئەو کاتەی پەریسا لە ناو ڕەنگەکانی تابلۆکە تەواو بزر بوو، دەمقیژان و هاوارم دەکردو بانگم دەکرد.

کاتێک بە ئاگا هاتمەوە تەواوی جەستەم لە ئارەقەی خۆمدا خوسابووم، خاتوومـاریـا بەسەرمەوە وەستا بوو، هاتە نێزیکمەوە و بەهێمنی پەنجە باریک و درێژەکانی بەسەرمدا هێناو وتی:

-ئارامبەرەوە ئەزیزم، زانیم لەخەونێکی ناخۆش و دژواردا بوویت، دەزانم لەم دۆخەتدا بە هۆی تێکچوونی باری دەروونتەوە خەونی ناخۆش دەبینیت.

لەو ساتەدا پەریسا لەناو سکمدا دەبزوا، قاچەکانی لەسکم دەکوتا، لە ناخی خۆمدا وتم «ئارامبەرەوە نازدارەکەی دایە، پەلەی هاتنە دەرەوەت نەبێت، دەزانم چارەنوسێکی تاریک چاوەڕێت دەکات، خۆزگە دەمتوانی بۆهەتا کۆتایی ژیانم تۆم لە هەناوی خۆمدا هەڵبگرتباو نەمهێشتبا بهاتیتایە ئەم ژیانەوە، بەڵام چیبکەم سروشتی ژیان وەهایە دەبێت بە ناچاری ئەوەی بەسەرماندا دێت پەسەندی بکەین» خاتووماریا بە تاسەوە لە نیگای چاوەکانی منی دەڕوانی، کە بۆ شوێنێکی نادیار ڕۆچوو بوو، بە دەنگێکی میهرەبانییەوە وتی:

-هەڵسە کچم نانی بەیانیم ئامادەکردووە.

کاتێک لەخەودابوومبەو سپێدە زووە خاتووماریا بازاڕی کردبوو، لە دووکانەکەی نێزیکی ماڵەوە بەرچایی و نانی گەرمی لە نانەواخانەکەهێنابوو، بەرخوانێکی ڕازاوەی ئامادە کردبوو. بەدەنگێکی نەرم بەدەم تێکردنی چاییەکەوە وتی:

-خەونەکەت چیبوو؟

ترسێک هەموو جەستەمی تەنییەوە، هێزی ئەوەم نەبوو دووبارە ئەو دیمەنە ترسناکە بەبیری خۆم بێهنمەوە بەڵام بۆئەوەی ئەو ترسە لە خۆمدا بڕەوێنمەوە خەونەکەم بۆ گێڕایەوە و وتم:

-لەخەونمدا هەموو تابلۆکان هاتبوونە گۆ، هەموو وێنەو کەسایەتی نێو تابلۆکان بوونەڕاستی و پیاوی قامچی بەدەستەکە لەناو تابلۆکە هاتە دەرەوەو پەریسای لێ فڕاندم. وەیشش خاتووماریا، ئەوە چ خەونێکی ناخۆش بوو بینیم؟

ئەو بەخەندەیەکی شیرینەوە پیاڵە چاییەکەی لەبەردەمم داناو وتی:

-کچەکەم نیگەران مەبە مرۆڤ هەمیشە خەونی ناخۆش و دژوار دەبینێت، هەوڵبدە لە یادی بکەیت، دایک هەمیشە لەکاتی دووگیانیدا هەموو هەستەکانی لای مناڵەکەیەتی دەیەوێت بەردەوام بیپارێزێت.

لەو ساتەدا هەموو ئەندێشەم لە چیرۆکی تابلۆکاندا کۆببۆوە وتم:

-تۆ هێشتا چیرۆکی  هەموو تابلۆکانت نەبیستووە، ئەگەر پیاوی قامچی بەدەستەکەی ناو دیوارەکان بناسیت، ئەستەمە بە ئارامیی بژیت!

کاتێک ئەوەم وت بەنیگایەکی ترسەوە چاوەکانی لەقووڵایی چاوم بڕی، کەمێک لە سیمای تۆقیوم ڕاما پاشان بە گومانێکەوە وتی:

-ئەو پیاوەی تۆ باسی دەکەیت بەڕاستی بوونی هەیە، یان تەنها خەیاڵی ترسێکی خۆتە؟

دڵنیابووم لەوەی خاتووماریا گومانی لەقسەکانم هەبوو، هەربۆیە دوای نانخواردنی بەیانی، کە سفرەکەی

کۆکردەوە و دووقاوەی ئامادەکردو چوینە ژوورەکەی پێشەوە دانیشتین، لەگەڵ خۆم (تابلۆکەی دایک)م هێناو لەسەر کورسییەک دامنا، پاشان قومێکم لە قاوەکەداو کەمێک لە تابلۆکەم ڕوانــی، خاتووماریا بەبێدەنگی دانیشتبوو چاوەکانی لـەسـەرم بــوون، لە نێگاکانیدا ئەوەم دەبینی بە تامەزرۆوە لە چاوەڕوانی گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بوو.

نێزیکی هەفتەیەک بەسەر ڕوداوی قاوەخانەکەدا تێپەڕیبوو، جوامێر هەموو هەفتەی ڕۆژێک لەبنکەی پۆلیس نۆرەی ئێشکگری هەبوو، هەتا سەعات هەشتی سپێدە لەوێ دەمایەوە، ئەو ڕۆژە هێشتا جوامێر خۆی ئامادە نەکردبوو، ئەو کەسەی وەک مۆتەکەیەک لە ژیانمدا ڕای دەچڵەکاندم بەنامەیەک جارێکی تر خستمیە نێو دۆخێکی تەواو دژوارەوە نوسیبووی «ئەمڕۆ لە هەمان قاوەخانە لەگەڵ ئەو ژنەداکەناوی «گوڵنار» ە ژوانیان هەیە، ئەمجارە کاتت بە فیڕۆ مەدە، یان بوونی خۆتی بۆ بسەلمێنە، یان ئەوەتا لێی گەڕێ با لەگەڵ ئەو ژنە شۆخەدا هاوسەرگیری بکات» ئۆفف خودایە من کەوتوومەتە نێو چ دۆزەخێکەوە نازانم ژیان بۆچی لە چرکە ساتێکدا ئـاوەژوو بـوو، ئەمە چلۆن ژیانێکە تێی کـەوتـووم ئیرەیی ناخم وای لـێدەکردم هەست بەکەمیی خۆم بکەم، خۆم وەک مرۆڤێکی قێزەون و ناشرین دەهاتە پێش چاو، ئاخر ئەو ژنە دەبێت جوانی

لە کوێدا بێت وا جوامێر بە دووی کەوتووە، ئایا لە من بەشیاوتری دەزانێت، جوامێر چلۆن ناخی ئاسوودە دەبێت بیر لەکەسێکی دی بکاتەوە و من فەرامۆش بکات، باشە گەر وابێت بۆچی کاتێک دێتەوە ماڵەوە بە دەمامکێکی ترەوە ڕەفتارم لەگەڵدا دەکات؟ بۆچی ڕاشکاوانە پێم ناڵێت «من ناتوانم لەگەڵ تۆدا بژیم» ئەو چلۆن دەتوانێت لەخۆیەوە ئەو قسانە بکات، خۆ ئێمە هیچ کێشەیەکی وامان لەنێواندا نییە تا بیکاتە هۆکارێک بۆ جیابوونەوەمان.

بەو ڕەفتارانەی جوامێر دەیکات، ئێمە خێزانێکین لە لوتکەی بەختەوەریدا دەژین. ئایا جوامێر ناپاکیم لەگەڵ دەکات و لە ژێرەوە بەنهێنی دەیەوێت ژنێکی تر بێنێت، یان ئەو کەسەی بەردەوام بە نامەکانی ژیانی تاڵکردووم دەیەوێت ئەو گوومانە لەناخمدا بڕەوێنێت و بیکاتە هۆکارێک بۆ جیابوونەوەمان؟ پێدەچێت ئەو کەسەی نامەکان دەنێرێت هەر ئەو ژنە خۆی بێت، کە بەردەوام لە کاتی ژوانەکانی ئاگادارم دەکاتەوە.پێدەچێت بیەوێت من بخاتە دۆخێکەوە بۆئەوەی ڕێگای ئامانجەکانی خۆی خاوێن بکاتەوە، دڵنیام ئەو دەیەوێت جوامێر لە من داگیر بکات، باشە ئەگەر جوامێر بۆخۆی ئارەزووی بینینی ئەو ژنە قەرەجە ناکات، بۆچی بەردەوام لەو قاوەخانەیە ژوان دەبەستێت؟ ئەگەر کێشەیەکی هەیە بۆچی ڕاستەوخۆ لە بنکە دانانیشێت و چارەسەری

بکات، ئایا لەو بنکەیەدا تەنها جوامێر ئەفسەرە و دەبێت تەنها لەگەڵ ئەودا کێشەکانی خۆی بکاتە سکاڵا.

من لەو ئەندێشە دژوارەی خۆمدا تێکئاڵابووم، لە هەوڵی ئەوەدا بووم لەخۆمدا ڕێگایەک بدۆزمەوە، ئای مرۆڤ چەند بوونەوەرێکی سەیرە، لەوانەیە بەرگەی هەموو تاڵییەکانی ژیان بگرێت، بەڵام ئەستەمە لەبەردەم ئازاری هەستەکانیدا بتوانێت خۆی ڕاگرێت، کاتێک مرۆڤ لەعەشقدا دڵی دەشکێت، هەموو ژیان بەتاریکی دەبینێت تەنانەت ئەگەر لە شارێکی قەرەباڵغیشدا بژی هەست بە تەنیایی خۆی دەکات.

بۆئەوەی لە قاوەخانەکەدا هەموو شتێک لە نێوان گوڵنارو جوامێردا یەکلا بکەمەوە و خۆم لەو دۆزەخەی تێی کەوتووم قوتاربکەم، بڕیاری ئەوەمدا بەنهێنی چاودێرییان بکەمەوە و سەردانی قاوەخانەکە بکەم.

## ٢

ئەو ڕۆژە تیشکی خۆر کەشەکەی گەرم کردبوو، ئێمە لە نێوەڕاستی پاییزدا بووین، کەوتنی گەڵای درەختەکان دیمەنێکی ئەفسوناوییان بە شۆستەی شەقامەکانی شاری سلێمانی بەخشیبوو، بەڵام ئەو دیمەنە بۆمن ئازارێک بوو مەرگی خۆم لە هەڵوەرینی ئەو گەڵایانەدا دەبینییەوە، کەلە کەنارو کەلێنی شەقامەکاندا تەنیا کەوتبوون.

هەرئەو کاتەی جوامێر بەرەو بنکە ڕۆیشت، لەدوای چەند خولەکێک خۆم گەیاندە قاوەخانەکە، کاتێک چوومە ژوورەوە شیمانەی ئەوەمکرد هەردووکیان لەشوێنێکی چەپەکی قاوەخانەکەدا دانیشتبن، هەربۆیە گوڕێکم بە قاچەکانم داو بە دەرونێکی ئاڵۆز و پڕەوە بەناو هەموو ژوورەکاندا گەڕام، لەیەکێک لەو ژوورانەی دەکەوتە پشتی قاوەخانەکەوە ئەو ژنە ناشرین و قێزەونەم بینی، کە وەک شەیتانێک خۆی لەسەر مێزەکە مەڵاس کردبوو، تاوناتاوێک لە کاتژمێرە بچکۆلەکەی دەستی دەڕوانی، بەوەدا زانیم هێشتا لەچاوەڕوانی جوامێر دایە، بۆئەوەی پلانەکەم نەشێوێنم بەهێمنی بێئەوەی پێم بزانێت هاتمە دەرەوە و بەدووی شوێنێکی چەپەکدا گەڕام تا چاودێری

هاتنی جوامێربکەم، چوومە سەر ئەو مێزەی نامۆ ی لێبوو، پێدەچوو وەک پیشەی ڕۆژانەی ئەو شوێنەی دیاری کردبێت.

نامۆ بەتەنها بوو، جگە لەخۆی و دوو کورسی بەتاڵ، کەسی تر لەتەنیشتیەوە نەبوو، کە چوومە نێزیکیەوە سەری بەسەر دەفتەرێکدا شۆڕکربۆوە و خەرێکی نوسین بوو، بەشەرمێکەوە وتم:

–دەتوانم لێرە دانیشم؟

کاتێک لێمی ڕوانی لەنێو چەوانیدا برینێکم، بینی پێدەچوو شتێکی قورسی بەرکەوتبێت، کەمێک خوێن قەتماخەی لەسەر برینەکەی نێو چەوانی دروستکردبوو، بە نیگایەکی خەمناکەوە سەیرێکی کردم، بێئەوەی هیچ شتێک بڵێت تەنها بەسەری ئاماژەی ڕەزامەندی پێدام و خۆی بەنوسینەکەیەوە مژوڵکرد، منیشبە هێمنی جانتاکەم لەسەر مێزەکە داناو لە پەنجەرەکەوە چاوەکانم بڕییە نێو دەرگای دەرەوەی قاوەخانەکە.

من لەخۆمدا تەواو ڕۆچوو بووم، وێنای ئەوەم دەکرد جوامێر چلۆن لەماڵەوە بە قاتێکی کەشخەوە بەدەم گۆرانییەوە لەبەردەم ئاوێنەی کەنتۆرەکە لەخۆی دەڕوانێ و دواتر دەستدەبات بۆشوشە بۆنەکەو چەند پڕژەیەکئەکات بەلای شان و ملیدا، ئابەو شێوەیە خۆی بە قاوەخانەکەدا بکات و بە خەندەیەکی

خۆشبەختییەوە بچێتە لای ئەو ژنە ڕەزا گرانەی لە چاوەڕوانیدا دەیەوێت هەرەس بە ژیانم بهێنێت.

من چلۆن دەتوانم دوبارە ئەو دیمەنە ببینم و بێدەنگ بم؟ لەناخەوە هەڵچوونێکی بێئامان وەک کوورەی ئاگر جۆشی دەخوارد، وێنای ئەوەم دەکرد کاتێک ئەوان لە ناو ڕاز و نیازی دڵی خۆیاندا مەست دەبن، من وەک مۆتەکەیەک دەچمە بەردەمیان و ئەو دەمامکە ناشرینە لەڕووی جوامێر هەڵدە ماڵم و لەو قاوەخانەیەدا ئابرووی هەردووکیان دەبەم.

زەنگی تەلە فوونەکەی نامۆ لە شوێنی خۆمدا ڕای چڵەکاندم، سەرەتا وامزانی جوامێرە پەیوەندیم پێوە دەکات و هاتۆتە قاوەخانەکەوە و هەستی بەهاتنم کردووە، نامۆ کاتێک وەڵامی تەلەفوونەکەی دایەوە، لەژێر لێوەکانییەوە ئەدوا، تەنها گوێم لەوە بوو وتی: «ئێستا دێمە دەرەوە چاوەڕێم بکە» ئەوەندەی وت و بەتەلەفونەکەیەوە چووە دەرەوەی قاوەخانەکەو دەفتەرو قەڵەمەکەی لەسەر مێزەکە بە جێهێشت.

ئەو کچە جەستە گۆشتن و باڵا کورتەی بەردەوام مێزی قاوەخانەکەی بەسەر دەکردەوە، هاتە لامەوە وەک جاری پێشتر وتی:

-خانم شتێک دەخۆنەوە؟

بۆئەوەی وەک جاری پێش و خۆمی لێ قوتار بکەم وتم:

–تەنها قاوەیەک دەخۆمەوە.

دەبەیەک ئاوی کانزایی و پەرداخێکی لەسەر مێزەکەم داناو ڕۆیشت.

ماوەی چەند خولەکێکی خایاند نامۆنەگەڕایەوە، جوامێریش نەهاتە قاوەخانەکەوە، تاوناتاوێک ئاوڕێکم بۆ دەرگاکەی قاوەخانەکە ئەدایەوە و لەدیمەنی دیواری قاوەخانەکەم دەڕوانی، کەبە وێنەی چەندین کەسایەتی ناوداری وەک ئەلبێرت کامۆ و سارتەر و سلاڤۆی ژیژەک و گابرێل گارسیامارکیزو چێ گیڤاراو گاندی ڕازێنرابۆوە، من هەموو خەیاڵم لەسەر وێنەکانی ئەواندا ڕۆچوو بوو، کچێکی تەمەن دوانزە ساڵان بەعەزییەکی ڕەنگ پەمەیی کاڵەوە چەپکێک گوڵی بەدەستەوە بوو بەسەر ئەو مێزانەدا دەگەڕا، کە کچ وکوڕێکی تەنهای لێبوو، بەنیگایەکی خۆشەویستییەوە داوای ئەوەی لەکوڕەکان دەکرد گولێک بۆئەو کچانە بکڕن، کەلە تەکیاندا دانیشتبوو، کوڕەکانیش بەخەندەیەکی شیرینەوە گوڵێکی سوریان هەڵدەگرت و پێشکەشی کچەکانیان دەکرد، ئاخ ئەوە بۆمن چ دیمەنێکی تاڵبوو، وێنای ئەو ساتانەمدەکرد کەلەسەرەتای پەیوەندی خۆشەویستیماندا بووین، جوامێر بەردەوام هەرجارەو بەگوڵێکەوە پێشوازی هاتنمی دەکرد، هەر ئەو ساتانە بوو منی خستە خەونێکەوە، کەهەموو ژیانی داهاتووم لەسەری هەڵچنیبوو.

جەبار عوسمان

لەکاتژمێری تەلەفونەکەم ڕوانی کات نێزیکی «سێ و نیوی» پاش نیوەڕۆ بوو، چاوەکانم لەسەر ئەو پیاوە بوو کەلەلای مێزی کاژێرەکەوە لەدیمەنی قەرەباڵخی قاوەخانەکەی دەڕوانــی، لەوکاتەدا گوڵنارم بینی تەلەفۆنەکەی بەدەستەوە بوو پێدەچوو بیەوێت تەلەفۆن بۆکەسێک بکات، نا.. من دڵنیابووم تەلەفۆن بۆ جوامێر دەکات و بەنیگەرانییەوە پێی دەڵێت:»بۆچی نەهاتیت».

«ئایا جوامێر هەستی بەوە کردووە من چاودێری دەکەم، هەربۆیە نەهاتووە بۆ ژوانەکەی، یان ئەوەی نامەکان باسی دەکات تەنها درۆیەکە دەیەوێت بەفریودانم دەلاقەیەک بدۆزێتەوە بۆدروستکردنی کێشە لەنێوان من و ئەودا» بۆئەوەی گوڵنار نەمبینێت بەپەلە تاومدایە دەفتەرەکەی نامۆ و سەرم بەسەریدا شۆڕ کردەوە و خۆم پێوە مژوڵکرد، بەڵام لەژێرەوە تاوناتاوێک بە تیلەی چاو چاودێریم دەکرد، پاش ئەوەی تەلەفۆنەکەی تەواو کرد لای کاژێرەکە پارەی خواردنەکەی داو چووە دەرەوە.

«ئایا جگە لەمن ژنێکی تر هەیە لەم شارەداکەوتبێتە ناو گومانێکی داوێنپیسیی هاوسەرەکەیەوە، یان تەنها ئەوە منم لە ئازاری گوماندابەتەنێ ناخم دەکرۆژم» من ئاوا لەئەندێشەی خۆمدا ئەدوام، واهەستمدەکرد تەنها ژنێک بم کەوتبێتمە ناو ئەو کێشەیەوە.

دەبوو ئەو ڕۆژە، ئەو گومانەی گەرووی تەنگ کردبووم یەکلایی بکەمەوە، پێشبینی ئەوەم دەکرد جوامێر لەدەرەوە چاوەڕێی بکات، هەربۆیە بەپەلە بەدویدا چوومە دەرەوەی قاوەخانەکە، گوڵنار بەتەنیشتی شۆستەی قاوەخانەکە بەرەو خوارەوە چوو، پاشکەمێک چاوەڕوانی سواری تەکسیەک بوو ڕۆیشت.

من نەمزانی بۆکوێ چوو، چۆن لە چاو تروکانێکدا خۆی لێم بزرکرد!، بەپەلە لەهەوڵی ئەوەدابووم بە دووی کەوم، گومانی ئەوەم هەبوو جوامێر هەستی بەبوونم کردبێت و شوێنی ژوانەکەیانی گۆڕیبێت. بەپەلە سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم و بەدووی تەکسیەکەدا ڕۆیشتم بەڵام نەمدۆزییەوە، کاتێک بەخۆم هاتمەوە بەهۆی شڵەژانمەوە دەفتەرەکەی نامۆم لەگەڵ خۆم هێنابووە ناو ئۆتۆمبێلەکەمەوە، ویستم بگەڕێمەوە بۆ قاوەخانەکە، بەڵام بیرم لەوە کردەوە لەو دۆخەدا کە ژەهری گومان ناخی تەنیبووم، ئەستەم بوو دڵم ئارام بێت.

بێئومێدبووم لەشوێنکەوتنی گوڵنار، دڵنیابووم لەوەی چیتر نایدۆزمەوە، بەڵام هەستێک وایلێکردم ئاراستەی ڕێگاکەم بگوازمەوە بۆلای جوامێر، بۆئەوەی دڵنیابم لەوەی تاچەند لەو پلانە ئاگادارە، ڕاستەوخۆسەردانی

جەبار عوسمان

بنکەکەیم کرد، کاتێک چوومە ژوورەوە ئەو بەکاری خۆیەوە سەرقاڵ بوو، چەند کەسێکیان بەند کردبوو بەنیاز بوو بە نوسراوێک بەرەو لای دادوەری ڕەوانە بکات، کە منی بینی سەرسام بوو خێرا بەرەو ڕووم هات و بە گومانێکەوە وتی:

-گیانەکەم تۆ چیدەکەیت لێرە، خۆ هیچی خراپ ڕووی نەداوە؟

لەو ساتەدا ناچار بووم بۆیەکەمین جار درۆی لەگەڵ بکەم و پێم وت:

-دڵت ئارام بێت گیانەکەم، هیچ نەبووە تەنها پێمخۆش بوو سەردانێکت بکەم.

ئەو بەردەوام بە گومانەوە لێمی دەڕوانی، منیش بۆئەوەی گومانەکەی بڕەوێنمەوە، چەند خولەکێک لەلای مامەوە، دواجار بە دڵێکی ئارامەوە گەڕامەوە بۆماڵەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستێک لەناخمدا وەک خورپەیەک بەبیرمدا دەهات و دەیگەڕاندمەوە بۆنێو تاریکی ناخم.

## ٣

گومان نەخۆشییەکی کوشندەیە، ڕۆحی مرۆڤ دەکوژێت، هەستەکانی ئازاردەدات، ژیانی دەکاتە دۆزەخ، تەنانەت لە خەونەکانیشدا وەک مۆتەکەیەک سنگی دەکوتێت، بۆئەوەی خۆم لەو دۆخە دژوارە قوتار بکەم بەدووی شتێکدا دەگەڕام تا ئاسودەییی بۆ دەرونە شێواوەکەم بگەڕێنمەوە. لەوساتەدا هەموو ئەندێشەم لەو دەفتەرەی نامۆدا کۆبوو، کەلە قاوەخانەکەوە بەبێئاگایی لەگەڵخۆمدا هێنابووم، بەپەلە دەفتەرەکەم لە ناو ئۆتۆمبێلەکە هێنا و بەدەم خواردنەوەی قاوەیەکەوە دەستمکرد بە خوێندنەوەی، نوسیبووی :

ژیان درۆیەکەی گەورەیە، دەبێت هەموومان متمانەی پێبکەین، من زۆر دەمێکە بەئازارەوە لەگەڵیدا دەژیم، بۆخۆیشم نازانم بوونی من لەکوێیدایە! ئەوەندە نەبێت لەچرکەساتێکدا هەستم بەوە کرد، کە زۆر دەمێکە، نا.. بابڵێم هەرلەسەرەتای لە دایکبوونمەوە مردبووم. من تەنها جەستەیەکی ساردو سڕبووم، ژیان وەک بوکەڵەیەک بە ویستی خۆی گەمەی پێدەکردم. ئەوە تاوانی من نەبوو ئەوە ویستی من نەبوو بێمە ئەم ژیانە نەفرەتییەوە، ئەوە هەمووی تاوانی دایکە سۆزانییەکەم بوو، تەنها بۆساتێکی پڕلەچێژی خۆی منی دروستکردو توڕی دامە نێو ئەم دۆزەخەوە.

من ئەو کاتە زانیم هەموو ژیانم لە ناو مەرگدایە، کە نەنکە پیرەکەم، ئەو ژنە میهرەبانەی بەناچاری و بەویستی دایکە سۆزانییەکەم خۆی لێکردبووم بە نەنکم، کاتێک ئەو چەند هەناسەیەکی مابوو بەژیانی بسپێرێت بەچەند وشـەیـەک، کەبە ئـازارەوە لە لێوە چرچەکانی دەهاتنە دەرەوە، بەخۆی هێنامەوە و پێی وتم (دایکت پێشئەوەی ڕەدووی پیاوێک بکەوێت تۆی بەمن سپارد و وتی «باچیتر بەدوومدا نەگەڕێت، پێی بڵێ من مردووم، من لە ژیاندا نەماوم، پێی بڵێ من دایە گەورەتم با هەست بە تەنهایی خۆی نەکات، با نەزانێت لە دایکێکی سۆزانی هاتۆتە ژیانەوە»ئەوە قسەی دایکت بوو، کە تەمەنێکە لەنێو دڵی خۆمدا هەڵمگرتووە، بمبورە کوڕەکەم ئەزانم بەدرێژایی تەمەنت من درۆم لەگەڵ کردیت و خۆم بە نەنکت ناساند، من ناچاربووم لەبری برێک پارە بۆ بژێوی ژیانم درۆیـەک لەناخی خۆمدا هەڵگرم، ئەزانم ئەوە بۆخۆی ئازارێکی سەختە، بەڵام زۆر جار ژیان مرۆڤ ناچار دەکات هەموو ژیانی بەدرۆ ئارایشت بکات).

ئەو قسانەی نەنکە درۆزنـەکـەم، منی لـەم ژیانەدا ڕاچەنی و بەخۆی هێنامەوە! ئایا تەنها ئەوە من بووم هەستم بەمەرگی خۆم کردبێت، یان لە ژیانی هەموو کەسێکدا چرکەساتێک هەیە، کە بەمێژووی مەرگی خۆی دەناسێنێت. لەوانەیە دایکم لەکاتی هاتنم بۆ ئەم

ژیانە بەبوونم بەختەوەر بووبێت، بەڵام دڵنیام ئەویش لەساتێکی ژیانیدا بەرئەو چرکەساتە کەوتبێت، کەهەستی بەمەرگی خۆی کردبێت و لەبوونم پەژیوان بووبێتەوە. ئاخر دایک کە خەون بە منداڵێکەوە دەبینێت، چلۆن بێبەزەییانە تورِی ئەداتە ئەم ژیانە بۆگەنەوە!

ئەم ژیانەی سەراپا بۆخۆی ئازارێکی نەبڕاوەیە، بەردەوام ڕۆحمان دادەکرۆژێت، ئێمە تەنها بەخەون دەژین، تەنها لە خەونەکانماندا وێنای چێژی ژیان دەکەین، لەناو ئەم ژیانەدا دەمەوێت چیرۆکی مەرگی خۆم بنوسمەوە، چیرۆکی ئەو ساتانەی، کە هەستم بە مەرگی خۆم نەکردبوو، دەمەوێت دایکە سۆزانییەکەم بەنەفرەت بکەم، ئەو دایکەی کەبۆ چێژی خۆی ڕەدووی پیاوێک کەوت، بەڵام منی بە نابەختەوەری و مەرگ ناساند.

ئەو ڕۆژەی نەنکە درۆزنەکەم لەگۆڕستان شاردەوە، بەدڵێکی خەمناکەوە گەڕامەوە بۆماڵەوە، بەتەنێ لەو ماڵە چۆڵەدا بە ناو ژوورەکاندا دەهاتم، دەچووم، نەمدەزانی بیر لەچی دەکەمەوە، نازانم چلۆن ئەوە بەبیرمدا هات چوومە ناندینەکە چەقۆیەکی بچووکی میوەم هێناو چوومە بەردەم دیواری ژووری میوانەکەم، کەمێک لەدیوارەکەم ڕوانی، ئەوەندەی لە یادەوەری منداڵیمدا مابێت بەچەقۆکە وێنەی دایکم لە سەر دیوارەکە هەڵکۆڵی، بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووم وێنەکەی

جەبار عوسمان

وەک خۆی جوان و دڵبەر بنوێنێت، نازانم تەواو لە خۆی دەچوو، یان ئەندێشەی خۆم بوو لەو هێڵکارییە پەرش و بڵاوەدا کە وێنەی دایکمی لەهەستمدا دەنواند، بەڵام هەرچۆنێک بێت بەوە ئاسودە بووم وێنەی پرچە درێژو خاوەکەیم وەک خۆی وێنا کردبوو.

شوشە ئارەقەکەم لەناو کەنتۆرەکە دەرهێنا و لەبەرامبەر وێنەکەی دایکم دانیشتم، ئەوەندە هەستم بە ئازاری ناخم دەکرد بۆمن ئەستەم بوو ئەو ئارەقە بتوانێت ئازاری ناخم خامۆش بکاتەوە، هەربۆیە دانەیەک لەو حەبەی هاوڕێکەم پێی دابووم و هێشتا ئەزموونم نەکردبوو، کردە نێو پێکە ئارەقەکەوە و جوان تێکمدا تا بەتەواوی توایەوە، دواجار بەقومێک هەموویم هەڵقوڕاند.

من بەردەوام لەگەڵ وێنەکەی دایکم ئەدوام و بەنەفرەتم دەکرد، نازانم ئەوە خەونبوو یان خەیاڵ، وێنەکەی دایکم لەنێو دیوارەکەدا هەربەو شێوەیەی خۆی، کەلە منداڵیمدا بەئاستەم دەهاتە یادەوەریمەوە وەک مرۆڤێکی تەواو هاتە گۆ وتی «کوڕەکەم گازندەی چیم لێ دەکەیت، بۆخۆت نازانێت باوکت چەند دڕندەیەکی بێبە زەیی بوو! نازانیت چلۆن ئازاری ئەدام و سوکایەتی پێدەکردم» دەستە درێژو باریکەکانی لە نێو دیوارەکەدا هێنایە دەرەوە و وتی «نزیک بەرەوە لێم.. لەگەڵم وەرە با بتگەڕێنمەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە

منداڵ بوویت، بۆئەوەی بە چاوەکانی خۆت ببینیت، کە چلۆن ژیانێکم هەبوو، بەچاوەکانی خۆت ببینە بزانە بۆچی ناچاربووم بە جێتبێڵم و نەفرەتیی لەو ژیانە بکەم کەتێی کەوتبووم».

بەبێئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کەچلۆن دەتوانم بەنێو دیوارەکەدا تێپەڕم، کاتێک لەشوێنی خۆمەوە بڵند بووم بەرەو دیوارەکە چووم، نازانم ئەوە ڕاستی بوو یان تەلیسم، یان ڕۆحی دایکم بوو هاتبووە ناوماڵەکەمەوە، وەکئەوەی بیەوێت چیرۆکی پڕلە ئازاری خۆیم بۆ بگێڕێتەوە و پێم بڵێت «بگەڕێوە بۆیادەوەری منداڵیت و بەچاوەکانی خۆت دڕندەیی باوکە مەستەکەت ببینە، کەچلۆن ئازارم ئەدات».

من لە ژوورەکەی خۆمدا بەدەنگی هاوارو گریانی دایکم بەئاگا هاتمەوە، بەرەو لای ژووری نوستنەکەی دایکم چووم، لەو کونە بچووکەی لەجێگەی کێلونی دەرگاتەختەکەدا بوو لەدیمەنی دایکو باوکم دەڕوانی، باوکم بە پارچە سۆندەیەک لەگیانی دایکم بەربووبوو، لەگەڵ هەرپیاکێشانێکدا دایکم پڕ بەگەرووی هاواری دەکردو دەیقریشکاندو لەباوکم دەپاڕایەوە و دەیگوت «توخوا ئازارم مەدە، متمانەم پێبکە ئاگاداری هیچ نیم» باوکم بەهەناسە بڕکێوە، کەبە دڕندەیەکی ماندوو دەهاتە پێش چاوەکانم، ئەوەندە ترسناک دیار بوو، من لەشوێنی خۆمەوە ترس هەموو گیانی تەنیبووم،

بەدەم هەناسە بڕکێوە چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون دەیگووت «هەی بێڕەشت ناپاکیم لەگەڵ دەکەیت، وادەزانیت من ئاگادارنیم لەگەڵ پیاوی دراوسێکەمان چاوبڕکێ دەکەیت، بۆمن پیاو نیم ناتوانم تێرت بکەم» بەڕەفتارەکانی باوکم پێدەچوو ئەوەندەی ئارەقی خواردبێتەوە هۆشی لەدەست دابێت، تاوناتاوێک بەئەملاو ئەولای خۆیدا دەکەوت، بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە وتی «دەی خۆت ڕووت کەرەوە، بزانە من و دراوسێکەمان کاممان پیاوترین» دایکم بەدەم گریانەوە ئەو ماکسییەڕەنگ مۆرەی لەبەری خۆی داماڵی، کەنیوەی مەمکەکانی لە ئێخەکەیەوە بەدەرکەوتبوون، کاتێک دایکم خۆی ڕووتکردەوە هەموو جەستەی جێگەی ئەو سۆندەیەی پێوە دیاربوو کەباوکم لەوپەڕی مەستیی و بێ بێویژانیدا پیایدا کێشابوو.

لەچاوەکانی دایکمەوە ئەوهەستەم دەبینی، کەلەسەر سیسەمەکە بەپشتا پاڵکەوت و قاچەکانی بۆبڵاو کردەوە، لەناخەوە ئازاری ئەچەشت و بەڕەفتارەکانی وێنای هەستێکی پڕلە خۆشەویستی بۆباوکم دەنواند، من دەمزانی بەو نیگایەی دەیەوێت ئەوە بە باوکم بڵێت «من تەنها تۆم خۆش دەوێت» تەنها لەبەرئەوەی چیتر ئازاری نەدات، باوکم وەک گورگێکی برسی، بەڕووتی خۆی هاویشتە سەری و ڕاستەوخۆ تەکانی لێئەدا، دایکیشم بەدەم گریانەوە چاوەکانی لەبنمیچی ژوورەکە

بڕیبوو، ئەو دەستانەی کەبەدرۆوە ڕەفتاری پێدەکردن لەکەمەری باوکمی گیر کردبوو، کاتێک باوکم بەدەم مرە مرەوە خۆی لەو ئاوەخاڵی کردەوە  کە مێشکی وروژاندبوو، لەسەر دایکم هەڵساو بە تۆنێکی گاڵتە ئامێزەوە پێی وت «بەخوا چاکم گایت..بەدڵت بوو؟» زانیم دایکم بەو قسانەی باوکم هەستی بریندار بوو، وەک ژەهرێکی خەست ڕۆچووە ناخیەوە، هەربۆیە بەو دۆخەی خۆیەوە هەردوو دەستەکانی خستەسەر چاوەکانی و هەموو ئازارەکانی ناخی بەدەم پرمەی گریانەوە هەڵڕشت.

نازانم دایکم بۆچی ڕێگەی بەباوکم دا بەوشێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، بۆچی لێی جودا نەبۆوە و کۆتایی بەو ئازارە نەهێنا؟ ئێستا دەزانم دایکم بۆچی منی نەویستووە، دەزانم منی لەنێوان ئازاری خۆی و چێژی باوکمدا دروستکردووە، بۆیە هەروا بەئاسانی منی توڕدایە ئەم جەنگەڵەوە، ئەو دەیتوانی ڕێگری لەوە بکات ئەوەڕوونەدات بۆئەوەی منیش دروست نەبوومایە.

کاتێک زانیم باوکم دەیەوێت لە ژوورەکەی دایکم بێتە دەرەوە، لەترسی ئەوەی وەک دایکم ئازارم نەدات، بەڕاکردن گەڕامەوە بۆژوورەکەی خۆم و خۆم کرد بەنوستوو، کە بەئاگاهاتمەوە خۆم لەخانووەکەی خۆمدا بینییەوە، هەموو جەستەم لەسەرمادا هەڵدەلەرزی،

بێئاگابووم لەوەی لەدوای خواردنی ئەو حەبە لەگەڵ ئارەقەکەدا هۆشم لەدەستداوە.

خاتوو ماریا چاوەکانی فرمێسکی لێدەچۆڕا، بەدەم هەنسکی گریانەوە وتی:

–تۆ متمانە بەوە دەکەیت دایکی نامۆ ژنێکی سۆزانی بێت!

دڵم تەواو توند ببوو، نەمدەزانی چلۆن وەڵامی ئەو پرسیارەی بدەمەوە، تەنها ئەوەندە نەبێت تابلۆکەم هێناو لەبەردەمیدا دامناو وتم:

–لەتابلۆکە بڕوانە بزانە چی دەبینیت!

خاتووماریا چاوەگەورەکانی لەسەر تابلۆکە نابوو، لەهەوڵی ئەوەدابوو وشەی سۆزانی، یان ڕەفتارێکی لەو شێوەیە لەنێو تابلۆکەدا بدۆزێتەوە.

لەتابلۆکەدا وێنەی ژنێکی باڵابەرزی ڕووتم لەسەر سیسەمێک کێشابوو، لەسەر ڕان و شان و ملیدا چەند هێڵێکم بەڕەنگی سوور کێشابوو، کەبە ئاسەواری لێدان دەچوو، جگەرەیەکی داگیرساوی بەدەستەوە بوو، کە دوکەڵەکەی وێنای ئاگرێکی دەنواند.چاوەگەش و گەورەکانی لەسەر ئەو کاتژمێرە گەورەیەبوو، کەبەدیوارەکەی تەنیشتییەوە هەڵواسرابوو، کات «یەک و نیوی» شەوی نیشان ئەدا، لامپای سەر مێزە بچکۆلەکەی، ڕوناکییەکی مامناوەندی بەژوورەکەی دابوو، لە نێو پانتایی نیوە تاریکی تابلۆکەدا، بەئاستەم

دەرگاكراوەكەی ژوورەكە دەبینرا، كەڕۆشناییەكی كەمی لێدەهاتە ژوورەوە، تەنها لەسەر بەشی خـوارەوەی سیسەمەكە نەبێت، سوخمەو دەرپێكەی خۆی لەگەڵ شـەڕواڵ و كراسێكی پیاوان بەكەناری سیسەمەكەدا شۆڕببۆوە.

خاتوو ماریا تابلۆكەی بـردە سـەر كورسییەك و ماوەیەك لێی ڕوانی، پاشان ئاوڕێكی بۆمن دایەوە و وتی:

-هەرچەند لێی دەڕوانـم متمانە ناكەم ئەم تابلۆیە وێنای ژنێكی سۆزانی بێت.

چاوەكانی لە قووڵایی چاوەكانم بڕیبوو، وەكئەوەی دڵنییایی قسەكانی خۆی لەچاوەكانمدا بدۆزیتەوە، منیش بە خەندەیەكەوە وتم:

-من ناتوانم ئەوە پشتڕاست بكەمەوە، تەنها دەتوانیت لە تابلۆكەدا وەڵامی پرسیارەكەت بدۆزێتەوە.

خاتوو ماریا فرمێسكە قەتیسماوەكانی سـڕی و هەناسەیەكی قووڵی بەئازارەوە هەڵكێشاو وتی :

-تابلۆیەكی زۆر جوانە.

# تابلۆی قامچییەکان

# ١

هێشتا دیمەنی تابلۆکە لەئەندێشەی خاتوومариا دا مابوو، تاوناتاوێک لەتابلۆکەی دەڕوانی، پاشان هاتە تەنیشتمەوە دانیشت، دەستێکی بۆ پاکەتەکەی بردوو جگەرەیەکی دەرهێنان و دایگیرساند، وتم:

–دەتوانیت جگەرەیەکیش بە من بدەیت؟

–تۆ دووگیانیت، چلۆن لەم کاتە ناسکەتدا جگەرە دەکێشیت!

ئەو قسانەی خەندەیەکی لەسەر لێوەکانم نەخشاند، وتم:

–پەریسا ئێستا بێت یان دواتر، هەردەبێت جگەرە بکێشێت!

بەلاقرتێوە سەری ڕاوەشاندو جگەرەیەکی پێدام، منیش بەدەم مژێکی قووڵەوە لەدیمەنی خاتوومariام دەڕوانی، کەلەنێو دوکەڵی جگەرەکەمدا نقووم ببوو، وتی:

–نامۆ لە دەفتەرەکەدا تەنها ئەم چیرۆکەی نوسیبوو؟

کەمێک بەخۆمدا چوومەوە، پاشان بەهەستێکی پڕلە ئازارەوە وتم:

–لە دەفتەرەکەیدا چیرۆکی زۆری تۆمار کردووە، ئێستاش ئەو دەفتەرەم لای خۆم پاراستووە.

لەجێگەی خۆم بڵند بووم و دەفتەرەکەم لە کەنتۆری ژوورەکەی دواوە دەرهێناو نیشانی خاتوومariام دا،

ئەویش دەفتەرەکەی لە دەستم وەرگرت و کەمێک چاوی بە نێو لاپەڕەکانیدا گێڕا پاشان وتی:

-دیارە هەموو تابلۆکانت وێنای چیرۆکی ناو ئەم دەفتەرە وێنا دەکەن؟

دەفتەرەکەی دایەوە دەستم، منیش لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە و بە پەنجەیەکم نێوان دوولاپەڕەم دیاری کردو وتم:

-بەڵێ زۆرینەی تابلۆکان وێنای چیرۆکی ناو ئەم دەفتەرە دەکەن، تۆ جارێ واز لە دەفتەرەکە بێنە، ئەو ڕۆژەی جوامێر لە ئێشکگرتن بوو ئەم تابلۆیەم لەهۆڵەکەدا تەواو کرد، بۆبەیانی کەهاتەوە تابلۆکەی بینی، کەمێک بەتاسەوە لێی ڕوانی و پاشان بەخەندەیەکەوە وتی «زۆرجوانە.. ئەو ژنە تەواو لەخۆت دەچێت، دەزانم لەچاوەڕوانی هاتنەوەمدا لە کاتژمێرەکە دەڕوانی. لێم هاتە پێشەوە لەئامێزی خۆی گرتم و دەمی لە نێو دەمم ناو بەدەم مژینی لێوەکانمەوە جەستە گۆشتن و نەرمەکەمی هەڵدەگلۆفی، لەو ساتەدا من تەواو لە باوەشیدا شل ببووم، خۆشییەک هەموو جەستەمی گرتەوە.

ئەو ڕەفتارەی هەموو گومانەکانی ناخمی ڕەواندەوە، هەربۆیە خۆم لە ئامێزی قوتارکردو وتم «ئێرە ساردە وەرە بابچینە ژووری نوستنەکە» جوامێر تەواو وروژابوو، بۆئەوەی زێدەتر تامەزرۆی بکەم، کاتێک چوینە ژوورەوە بەنمایشێکیهەستبزوێنەوەهەمووپۆشاکەکەمداکەند، ئەویش لەدوامەوە بەتاسەوە لەئامێزی گرتم و کەوتە ماچکردنی

پشتە ملم، منیش هەموو جەستەم وەک زەوییەکی ڕوتەن و وشک تینووی ئەو بوو، بەدەم ماچکردنەوە وتی «ئەمشەو لە بنکە هەموو خەیاڵم لای تۆبوو، وەکو تۆ چاوەکانم لەسەر کاتژمێرەکەم بوو، لە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم زوتر سپێدە بێتەوە بگەڕێمەوە بۆلات» بەدەم ئەو قسانەوە لە باوەشیدا جەستەی خۆم وەرگێڕاو ڕومتێکردو وتم: «منت ئەوەندە خۆش دەوێت؟» کەمێک سەری بۆدواوە برد، وەکئەوەی گومانی لەقسەکانم هەبێت لە چاوەکانی ڕوانیم و وتی «لە تۆزیاتر کەسی تر هەیە بیری بکەم؟» کاتێک ئەوەی وت بۆخۆیشم نەمزانی چلۆن ئەو پرسیارە لە ئەندێشەمدا گەشایەوە، وتم «ئەترسم ئەو ژنانەی سکاڵا لە هاوسەرەکانیان دەکەن و دێنە بنکە بۆلای تۆ لە من جوانتربن» جوامێر بە خەندەیەکی تاڵەوە نیگاکانی بۆسەر سیسەمەکە گواستەوە و وتی «ئەو ژنانەی هاوسەرەکانی خۆیان خۆش دەوێت هەمیشە ئیرەییان پێدەبەن، زۆرجار دەگاتە ئەوەی گومان لە هاوسەرەکانی خۆیان بکەن، هەربۆیە ئەو گومانە ئەوەندە چڕدەبێتەوە دەگاتە ئەوەی داوای جیابوونەوە بکەن، ئایا تۆش ئەو گومانە لە من دەکەیت؟» ئەو لەقووڵایی چاوەکانمی دەڕوانی، منیش لە هەوڵی ئەوەدا بووم ئەو گومانە لەخۆمدا بڕەوێنمەوە، بەڵام لە نیگاکانیدا شتێک هەبوو، کەتوانای خوێندنەوەیم نەبوو، نازانم لە ئەزموونی خۆیەوە ڕووی ڕاستی خۆی لێم دەشاردەوە، یان تەنها لەناخی پڕلە گومانی خۆمەوە ئەوم

ئاوا دەبینی، بۆئەوەی خۆی لەو دۆخە قوتار بکات، بەهەردوو دەستی لەدوامەوە تاوی دایە کەفەڵم و هەڵی دەگلۆفی، بەدەم ماچکردنی لێوە ئەستورەکانمەوە لە خۆیدا نوقمی کردم، ئەوەندە بەخۆمزانی ناولەشم تەڕبوو، ئالۆشییەک هەموو جەستەمی تەنییەوە، ئەو ڕۆژە بەشێوازێک مەستی کردم، هەموو گومانێکی لەناخمدا بەتەواوی ڕەواندەوە.

ئەو ڕۆژە هیچ کەسێک نامەی بۆنەناردم، هەربۆیە بەدەرونێکی ئارامەوە بە بیانووی کڕینی کەرەستەی وێنە کێشان چوومە دەرەوە و سەردانێکی قاوەخانەکەم کرد، بۆئەوەی نامۆ ببینمەوەو دڵنیایی کەمەوە لەوەی دەفتەرەکەی لای من پارێزراوە، کاتێک چوومە قاوەخانەکەوە نامۆ لەوێ نەبوو، پرسیارم لەو کوڕە کرد کەبەردەوام لەسەر کاژێرەکە چاودێری میوانەکانی دەکرد، بە نیگایەکی پڕلە پرسیارەوە وتی «نامۆ لە دوێنێوە نەهاتووە بەڕێزتان دەیناسن؟» بۆئەوەی خۆم لەوەڵامی ئەو پرسیارەی بەدوور بگرم تەنها وتم «ئەگەر هاتەوە پێی بڵێ دەفتەرەکەی لای منە» کوڕەکە وەکئەوەی تامەزرۆی بینینی دەفتەرەکە بێت بە خەندەیەکەوە وتی»

–دەتوانیت لێرە دایبنێی خۆم ئەیدەمەوە.

–نا کێشە نابێت پێم خۆشە خۆم ببینم، ئەگەر هاتەوە پێی بڵێ بەم ژمارە تەلەفوونە پەیوەندیم پێوە بکات.

ژمارەی تەلەفوونەکەم لای کوڕی قاوەخانەکە جێهێشت و چوومە بازاڕ هەندێک بۆیەو کەرەستەم کڕی و گەڕامەوە بۆماڵەوە.

## ٢

ماڵەکەم بەوێنەی دڵی هەردووکمان خامۆش بوو ئەو ژوورەی ئێمە لێی دانیشتبووین کەوتبووە ناو قوڵایی خانووە کەوە، بەئاستەم دەنگی ئەو منداڵانە دەبیسترا، کە لەکۆڵانە تەنگەبەرەکەدا گەمەیان دەکرد، بەهۆی گەرمی کەشەکەوە دەرگای ژوورەکەمان واڵاکردبوو، تاوناتاوێک شنەبایەکی فێنک خۆی بەنێو ژوورەکەدا دەکرد. خاتووماریا بەردەوام چاوەکانی لەسەر دەفتەرەکە بوو وتی:

–ئارەزوو دەکەم ئەمڕۆ چیرۆکی هەموو تابلۆکانم بۆ بگێڕیتەوە.

هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشاو بە تۆنێکی غەمگینەوە وتم:

–دڵنیام بەبیستنی ئەم چیرۆکانە دڵت ئارام نابێت!

دەفتەرەکەم کردەوە و دەستم بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی نامۆ کرد :

دیوارەکان تەنها ئەفسونێکیان هەیە، ئەویش تێپەڕبوونە بە نێویاندا لەلوتکەی خەیاڵدا بۆگەیشتن بە خەونەکان، بەڵام خەونەکانی من چین؟ ئایا لەو دیوارانەدا دەتوانم بچمەنێو خەونەکانمەوە و بەڕاستی خۆمی تیا ببینمەوە، ئایا ئازارەکانی ناخم ڕێگەی ئەوەم پێدەدەن لە لوتکەی خەیاڵدا خۆشبەخت بم؟ من ئارەزووی ئەوە

دەکەم بۆهەمیشە لەو خەیاڵەدا بژیم خۆم لەم ژیانەدا قوتار بکەم، کە کردوومی بەسێبەر، ئایا مرۆڤ لەناو خەیاڵدا خۆی ئەدۆزێتەوە و دەگاتە ڕاستییەکانی ناخی خۆی؟ من دەمەوێت ئەو دەمامکە نەفرەتییەی ژیان پێی بەخشیووم لەخۆمی بکەمەوەو تەنها خۆم بم، ببمە ئەو کەسەی بۆخۆم دەمەوێت ولەخۆمدا ئارەزووی دەکەم، بەڵام مرۆڤ چلۆن دەتوانێت لە ناخێکی پڕلە ئازاردا ڕاستی خۆی بدۆزێتەوە، ئایا من دەتوانم لەناو خۆمدا خۆم بدۆزمەوە؟ منێک کە کوڕی ئەو ژنە سۆزانییەم، کەخەڵکی بەنەفرەتم دەکەن و هاوڕێکانم بەوە ئازارم ئەدەن، کە کوڕی دایکێکی سۆزانیم و لەباوکی خۆم نەبووم، ئەو وشەیە ئازاری ناخم ئەدات، واملێدەکات ببمە شتێکی هێندە بچووک و بێنرخ، کە خۆم نەبینم.

ئای مرۆڤەکان بۆچی ئەوەندە ئازاری یەکدی ئەدەن! ئایا ئەوان بۆساتێک لە ژیانی خۆیاندا هەست بە ئازاری ناخی خۆیان ناکەن، ئایا ئەوان ڕۆژێک بە ئازاری ئەم ژیانەوە هەستەکانیان بریندار نابێت و لەم ژیانە نەفرەتییە بەئاگا نایەنەوە و هەست بە مەرگی خۆیان ناکەن؟ مرۆڤ لێرە بیر لەخۆی نەکاتەوە و خۆی نەدۆزێتەوە هەرگیز هەست بە ئازاری ژیان و مەرگی خۆی ناکات! ئەوە تەنها منم بەردەوام لەخۆمدا ڕۆ چووم و بەردەوام بەدووی خۆمەوەم.

ئەم ئێوارەیە ناخم لە خۆم پڕ بووە، ئارەزووی ئەوە دەکەم خۆم لەم ژیانە نەفرەتییەی، کە هەمیشە مەرگی

خۆمی تیا دەبینم قوتار بکەم، بەڵام چلۆن دەتوانم لەخۆمدا کۆتایی بەو جەنگە بێنم، کە ناخمی تەواو وێران کردووە؟ ئایا خەونەکانم ڕێگەی ئەوەم پێئەدەن لەناو ئەم جەستە هیچ و بێنرخەدا قوتاریان بکەم و بۆدواجار خۆم ڕادەستی ئەو مەرگە بکەم، کەهەر لەمنداڵیمەوە وەک سێبەر بەدوامەوەیە؟

هەستمکرد خەریکە ئازار ناخم بەتەواوی ئەتەنێتەوە، هەربۆیە پەنام بردەوە بۆ ئارەقەکەو حەبێکم تێکردو بەجارێک خواردمەوە، هەروەکو ڕۆژی پێشتر چەقۆ بچکۆلەکەم گرت بەدەستمەوەو بەرامبەر بەدیوارەکە وەستام، بەبێئەوەی بەویستی خۆم بێت، دڵنیابووم ئەوە خۆم نەبووم، ئەوە خەونەکانم بوون ناچاریانکردم وێنەی پەتێکی سێدارە لەسەر دیوارەکە هەڵبکۆڵم، ئەوەندە لەهۆش خۆم بووم، زانیم ئەوە تەنها خەیاڵێکەو کۆتایی بەم ژیانەم ناهێنێت! هەربۆیە چوومە دەرەوە و خۆم کرد بە ژوورە بچوکەکەی ئەو پیرەژنەی بە درێژایی هەموو تەمەنم درۆی لەگەڵ کردم و خۆی بە نەنکم ناساندبوو، لەنێوان ئەو شڕەو پڕڕانەی، کە بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆچی لەوێدا کۆیان دەکاتەوە، ئەو گوریسە ئەستورەم دەرهێنا، کەڕۆژانی بارانبارین بەزمانە لوسەکەی پێی دەوتم «نامۆگیان لەدەوری سەرت گەڕێم گوریسەکە لەگەڵ خۆت بەرەو بە باگردێنەکە سەربانەکە بگێڕە با دڵۆپە نەکات» نازانم ئەو ژنە پیرە

ئەم کەلاوەیەی بۆئەوەندە خۆش دەویست، مانگانە بڕی سەد هەزاردیناری لەمن دەسەند، کەبە کرێکاری پەیدام دەکرد بۆئەوەی بیداتە دەست  ئەو پیاوەپیرە چاوچنۆکەی بێزی لە خانووەکەی خۆی دەکردەوە، تەنها لە بەردەم دەرگا شەق و شڕەکەی دەرەوە چاوەڕێی پارەکەی دەکرد، جارێک پێم وت «خاڵە ویژدانت بێت ئەم خانوو کەڵکی نەماوە جگە لە ئێمە کەس ناتوانێت تێیدا بژی، ئاخر خوا هەڵناگرێت مانگی سەد هەزارمان لێ وەرگریت» وەکئەوەی کۆشکێکی بەکرێدابێت بەدەنگێکی گڕەوە پێی وتم «ئەگەر بەو پارەیە لەوە باشتر تان دەست دەکەوێت، دەتوانن بۆمی چۆڵ بکەن» ئای کە مرۆڤێکی بێ بەزەیی و دڵڕەق بوو.

گوریسەکەم هێنایە ژوورەوە، سەرێکیم بە دارەڕای ئەو سەقفە بۆگەنەی، کە مشک بەردەوام هاتوو چۆی پیادەکرد گرێ دا، سەرەکەی تریم کردە بازنەیەک ویستم ملی خۆمی پیاهەڵواسم، نازانم کێبوو لە دوامەوە ڕای کێشام، لەو ساتەدا گوریسەکە هەر بەملمەوە ئالابوو، هەستمکرد تەواو تاساوم، بیناییم تەواو تاریکببوو، هاوارمکرد «لێمگەڕێ ئەم ژیانە بۆمن جگە لەدۆزەخێک هیچی تر نییە، لێمگەڕێ مردن بۆمن هیچ ئازارێکی نییە، من دەمێکە ئازاری مەرگ دەچێژم»لەدوای ئەو هاوارە بەئازارە لەهۆش خۆم چووم، بۆخۆیشم نەمدەزانی لەکوێی ئەم ژیانەدام، ئەم جەستە بێنرخەم لەکوێدا

جەبار عوسمان

کەوتووە، ماوەیەک بەدووی خۆمدا دەگەڕام لەخۆمدا وێنای ئەوەم دەکرد، ئەو مەرگەی تەمەنێکە وەک سێبەر بەدوامەوەیە ئێستا وێنەی ڕاستی خۆیم نیشان ئەدات و خۆیم پێدەناسێنێت، منیش پێی دەڵێم»هەی ترسنۆکی نەفام، من دەمێکە چاوەڕێی هاتنت دەکەم، بەڵام من لە تۆ ئازاتر بووم، ئەوەتا بەپێکانی خۆم هاتووم بۆلات» بەڵام ئەو بەدەنگێکی گڕو تۆقێنەر ئەو دەنگەی ڕۆژانە لە گوێکانمدا دەزرنگایەوە لەخۆمدا وەک هەورەبروسکە ڕای چڵەکاندم و وتی «تۆنەهاتوویت بۆلام، من هەمیشە لە نێو خۆتدام، من بەردەوام لەگەڵتا دەژیم، ئەوە تۆی ترسنۆک و نەزان، کە ناتوانیت بەرەنگارم بیتەوە!»من لەکۆیم؟ ئایا ئەوە ژیانی ڕاستی خۆمە»نازانم بۆچی پەنجەکانم لەزەوی گیرکردووە و ڕقی خۆم لەنێو ئەو خۆڵە وشک وزبرە داخاڵی دەکەمەوە»ئەو پرسیارەم لەخۆم دەکرد.

کاتێک سەرم هەڵبڕی ئەو پیاوە قێزەونەم بینی، کە سەری قامچییەکەی دەستی لە ملمەوە ئاڵاندبوو، ئێخەی کراسە سەوزەکەی لەزۆر شوێنەوە چڵکی ملی، ڕەشی کردبوو، شەڕواڵەکەی لەچەندین لاوە پەڵەی وشکەوە بووی سپێرمی پێوە بوو، بەدەم زەردەخەنەیەکی تاڵەوە، کە ددانە زەردو کلۆرەکانی بەدەر خستبوون لێی دەڕوانیم، وای لەو چاوە ترسناکانەی کە تووڕە بوونێکی بێشوماری تیا دەبینی، بەدەم قاقایەکی

ترسناکەوە، کە بۆنی مەرگی خۆم تیا بینی قامچییەکەی لە گەردنم کردەوە، بەدەم قسەکردنەوە بۆگەنی سەگی تۆپیو لەدەمیەوە دەهاتە دەرەوە، وتی «ئێرە مەرگە، ئەو شوێنەیە کە تامەزرۆی دەکەیت».

کاتێک چاوم بە دەوروبەری خۆمدا گێڕا، هەموو ئەوانەی لە قاوەخانەکەدا بوون هەریەکەو لەلایەکەوە لەدیمەنی منیان دەڕوانی، کەوەک کەلاکی ئاژەڵێکی مردوو هەموو جەستەم لەناو ئەوخۆڵە وشکەدا گەوزابوو، نازانم من لە کوێم! قاوەخانەکە چی بەسەردا هاتووە، ئەو هەموو دیوارو کورسی و کتێبخانەو دەرگاو پەنجەرانە بۆکوێ چوون، ئەو هەموو خەڵکی قاوەخانەیە بۆچی بە نیگایەکی گاڵتە جاڕانەوە لیم دەڕوانن! ئایا من تاوانێکم کردووە هەوڵی خۆکوشتنی خۆم داوە؟ یان ئەوە ژیانی ڕاستەقینەی هەموانە تەنها لەئەندێشەی خۆمانەوە وێنایەکی جوان و بە چێژمان پێبەخشیبوو.

هەتا چاوم بڕی بکردبا، تەنها شاخ و دۆڵ و گردوو درەختی ڕووتەنم دەبینی، ئەی خودایە من لەکوێم؟ بۆچی کەوتوومەتە ئەم دەشتە چۆڵ و بێکەسەوە؟ هەموو ئەوانەی لە قاوەخانەکەدا بوون پاش ئەوەی لە دیمەنی من بێزار بوون، بڵاوەیان لێکردم و بە دەشتەکەدا بڵاو بوونەوە. پیاوی قامچی بەدەستەکە چوو لەسەر بەردێکی گەورە کەڕوویەکی تەختی هەبوو دانیشت، بەدەم نیگا گاڵتە ئامێزەکەیەوە، گەمەی بە قامچییەکەی

دەستی دەکرد، تاونا تاوێک چاودێری ڕەفتارەکانمی دەکرد.

لەشوێنی خۆم هەڵسام و جلە تۆزاوییەکانم تەکاند، بۆئەوەی خۆم لە نیگا تۆقێنەرەکانی ئەو پیاوە قامچی بەدەستە بەدوورگرم، بەو دۆڵەدا شۆڕبوومەوە، کە بەرەو کەندەڵانێکی چڕو سەوزی دەبردم، هەستمدەکرد گەرووم تەواو وشک بووە، بۆخۆیشم نەمدەزانی بەدووی ئاودا دەگەڕێم یان شتێک لە ئەندێشەمدا سەوز ببوو بۆلای خۆی کەمەند کێشی دەکردم، کاتێک گەیشتمەناو چڕی ئەو دارو دەوەنەی، کە ئاوێکی بە خوڕ بەنێویدا دەڕۆیی، تریقەو پێکەنینی ئەو شۆخە دڵبەرەی ڕۆژانە لە قاوەخانەکە تاوناتاوێک چاوە خومارەکانی لەسەرم دادەناو بە چاوە پڕلە شەهوەتەکانی بانگی دەکردم هەموو هەستی بزواندم. کاتێک ڕۆچوومە چڕی دەوەنەکەوە ئەوم لە باوەشی ئەو کوڕەدا بینی، کە ڕۆژانە بەدەم نێرگەلە کێشانەوە بۆی ئەدواو خەندەی دەخستە سەر ئەو لێوانەی کە تینووی ماچێکی ئەفسوناوی بوو.

ئایا ئەو لە دڵەوە منی خۆش دەویست؟ یان تەنها وەک شۆخێکی دڵبەر بەجوانییەکەی گەمەی بە هەستەکانم دەکرد، بەڵام دڵنیام، لەچاوە خومارەکانیدا، کەبە ماکیاژ ڕەنگی کردبوون لە دڵەوە ئارەزووی منی دەکرد، بۆچی ئێستا لە باوەشی ئەو کوڕە گەمەبازەدا خۆی گرمۆڵە کردووە؟ کەمێک بەئەسپایی لێیان نێزیک بوومەوە،

کوڕەکە بەدەم ماچکردنی لێوەکانییەوە پۆشاکە ڕەنگ پەمەییەکەی لەبەریدا دادەماڵی، ئەویش وەک ئەوەی لە مەستیدا ڕۆچوو بێت و بێئاگابێت لە خۆی، جەستە نەرم و نۆڵەکەی بۆ شل کردبوو، لەگەڵ هەموو ڕەفتارێکی ئەواندا، من زێدەتر ناخم هەڵدەچوو، ئەوان بەتەواوی یەکترییان ڕوتکردەوە، لەنێو یەکدیدا ڕۆچووبوون، ئەو کوڕە چاو بازەی، کە هەمیشە بەبینینی ناخم تێک دەچوو، بێشەرمانە دەمی لە ناو لینگی ئەو شۆخە نا، کە چاوەکانی لەچێژی جەستەی خۆیدا داخستبوون، لەناکاوێکدا کچەکە بەدەم ئاهێکی هەست بزوێنەوە وتی «هێواش خەریکە بەتەواوی دەمخۆیت»نازانم ئەو هاوارە، ئەو هەستە پڕلە چێژە چیبوو کاری لەناخمکرد، پڕبە گەرووم بە هاوارێک هەردووکیانم لەنێو خۆیاندا بەئاگاهێنایەوە. ئەوان بە ترسێکەوە لەدیمەنی چاوە پڕلە هەڵچوونەکانی منیان دەڕوانی، نیگاکانم لەسەر کچە شۆخەکە بوو، کە ترسێک سیمای داگیر کردبوو، وتم «ئەی درۆزنی ناپاک.. تۆ بەچاوەکانت بەڵێنت بە مندابوو لە ژێر لێوەکانتەوە وشەی خۆشەویستیت بە من دەبەخشی، ئێستا چلۆن ڕێگە بەخۆت ئەدەیت ئەو هەتیوە چاوبازە گەمە بەهەستەکانت بکات، ئەو درۆ دەکات تۆی خۆش ناوێت» ئەوان بەبێئەوەی وەڵامم بدەنەوە پۆشاکەکانیان لەبەر کردەوە و بەو دۆڵە چڕەدا خۆیان لێم بزر کرد، دڵنیابووم شەرمێکی پەژیوانی ناخی هەژاندبێت، هەربۆیە وەڵامی منی نەدایەوە؟

من کەلە ئەندێشەی ڕەفتارەکانی ئەواندا ڕۆچووبووم، گوێم لە دەنگی ئەو پیاوە قامچی بەدەستە بوو بانگی دەکـردم، کاتێک ئـاوڕم بۆ دوای خـۆم دایـەوە، ئەو بەقامچییەکەیەوە لەپشتمەوە وەستابوو، بە هەموو هێزی کەوتە وێزەی گیانم، لەگەڵ وەشاندنی هەرقامچییەکدا هـاواری پڕلە ئـازاری جەستەم لـەو دۆڵـەدا دەنگی ئەدایەوە، کەس گوێی لە دەنگی من نەبوو، کەس بەدەم هاوارو ناڵەی منەوە نەهات، کاتێک بینیم هەموو ئەوانەی لە قاوەخانەکەدا بوون، لەگەڵ ئەو کچە شۆخەی لەو دەوەنەدا جەستە سپی و نەرمەکەی بەو کوڕە چاوبازە بەخشیبوو، لە دەورم مۆڵیان بەستبوو

لە تاو ئـازاری جەستەو دەروونـم هـاوارم لەپیاوی قامچی بەدەستەکە دەکردو لێی دەپاڕامەوە و دەمگووت «تکادەکەم.. چیتر لێم مەدە، من هیچ تاوانێکم نەکردووە» بەڵام ئەو هەتا هێز لە بازووەکانیدا بوو قامچییەکەی زێدەتر بڵند دەکردو لەجەستەی مندا هێڵێکی سووری پڕلە خوێنی دەنەخشاند.

ئای چەند ئازارم چەشت، چەند هاوارم کرد کەس نەیگوت «بەسە وازی لێبێنە» هەموویان لەگەڵ دەنگی هاواری مندا قاقایان لێ ئەداو بەنیگای گاڵتە ئامێزەوە لەدیمەنی بێدەسەڵاتی منیان دەڕوانی، ئەوەندە لەناخەوە هـاوارمـکرد تـا کـابرای قامچی بەدەستم هێنایە گۆ، ئەو وەکئەوەی تاوانێکی گەورەم کردبێت بە دەنگێکی

تۆقینەرەوە وتی «هەی بێئابڕووی کوڕی سۆزانی، چلۆن ئازادی خەڵکیی تێک ئەدەیت، بۆچی ناهێڵیت بەویستی خۆیان چێژی ژیان بکەن؟ ئەوان هاوسەری یەکترن هەی نامەرد» ویستم وەڵامی ئەو قسە پوچانەی بدەمەوە، بەڵام ئەو کچە شۆخەی خۆی لەپێش چاوەکانما بەپەرییەکی نازدار چواندبوو، بەهەڵچونێکەوە پێی وتم «هەی کوڕی سۆزانی دایک قەحبە، من چلۆن دڵی خۆم بە خوێڕییەکی وەک تۆ دەبەخشم» ئای ئەو قسانە چەند بەئازار بوون، چلۆن هەموو هەست و ناخی منیان بریندار کرد، لەو ساتەدا ئازارێک هەموو جەستەمی تەنییەوە، نازانم ئازاری شوێنەواری قامچییەکان بوون، یان وەڵامی ئەو شۆخە درۆزنەبوو، کەماوەیەکی زۆر گەمەی بە هەستەکانم کردبوو.

وەکئەوەی لەخەونێکی قوولدا بەئاگا بێمەوە لەژوورەکەی خۆمدا بەدەم ئازارەوە گینگڵم ئەدا، کاتێک بەخۆم هاتمەوە لەناوەڕاستی ژوورەکەمدا لەسەر ئەو ڕاخەرەی، کەتۆزو خۆڵی ساڵانێکی لە کەلێنی ڕیشاڵەکانیدا شاردبۆوە، خۆم گرمۆڵە کردبوو، بەدەستەکانم ئەژنۆکانم لەئامێز گرتبوو، بەدەم گریانەوە نەفرەتم لەبوونی خۆم دەکرد، نەفرەتم لەو دایکە سۆزانییەم دەکرد، کە منی هێنایە نێو ئەم جەنگەڵەوە.

## ٣

کەلەخوێندنەوەی ئەو چیرۆکەی نامۆ بوومەوە، سەرنجێکی خاتووماریام دا کە نیگا خەمناکەکانی لەسەر دەفتەرەکەی دەستم نابوو، بە دڵێکی پڕلەگریانەوە، کە هەستێکی پڕلەسۆزم تیا دەبینی، وتی:

–ئەو پیاوە زۆر زاڵم و زۆردارە، من چەندجارێک بەخەون بینیوومە، جارێکیان ویستی بەقامچییەکەی دەستی بەتەواوی بمخنکێنێت، بەڵام باشبوو بەئاگا هاتمەوە، چیتر زۆر لەشەوەکان لەترسی ئەو نەئەخەوتم تا وای لێهات لەخەونەکانم هەڵهات، تۆپێم بڵێ کام لەتابلۆکانت وێنای ئەو چیرۆکە دەکەن؟

پێدەچوو ئەو خاتوونە گاڵتەی بەخەونەکانی نامۆ بێت، بەڵام من گرنگیم بەو هەستەی نەدا، لەشوێنی خۆمەوە بەپەنچە ئاماژەم بۆتابلۆی قامچییەکان دا، ئەو ماوەیەک لە قووڵایی تابلۆکەی دەڕوانی، وەکئەوەی ترسێک ناخی هەژاندبێت، بەقووڵی لە دیمەنی تابلۆکە ڕامابوو، بەڵام من هەموو هەستەکانیم هێنایەوە بۆلای خۆم و وتم:

–تۆدەزانیت ئەو ڕۆژەی ئەو تابلۆیەم کێشا چی ڕویدا؟

خاتووماریا بە گومانێکەوە ئاوڕێکی بۆ دامەوە و وتی :

-چی ڕویدا؟

ئەو ڕۆژە من پێش جوامێر، لەقوتابخانەوە گەڕامەوە بۆماڵەوە، هەموو ناخم لەئازارەکانی نامۆدا ڕۆچوو بوو ئەندێشەی ئەوەم دەکرد چلۆن ئەو ئازارانە لە تابلۆیەکدا وێنابکەم، کەرەستەکانم ئامادەکرد، سەرەتا نەمزانی لە کوێوە دەستپێبکەم، لەدوای خواردنەوەی پێکێک لەشەراب و لەناو دوکەڵی ئەو جگەرەیەدا، کە ڕووی کانڤاسەکەی داپۆشیبوو دیمەنێکم بینی، کە ڕەنگدانەوەی هەستەکانی خۆی تیا دەبینرا، ئەو هەستەی کە ئازاری خەونەکانی نامۆی لەخۆ گرتبوو.

لەتابلۆکەدا وێنەی چەند دەموو چاوێکم لەناوەڕاستی تابلۆکەدا کێشا، کە هەریەکەیان وێنای دیمەنێکی جیاوازی ئەنواند، هەموویان وەکئەوەی ملیان بەگوریسێکەوە ئاڵابێت، ئاوا بەناو یەکتریدا چووبوون، گوریسەکە تەواو بەوێنەی ئەو قامچییە دەچوو، کە نامۆ لەخەونە مەرگئاساکەی خۆیدا بینیبووی، پاشان هەریەک لە دەمو چاوەکان وێنەی ئازارێکیان لە خۆیان گرتبوو، یەکێکیان پێدەچوو لەتاو ئازاری ئەو قامچییەی لەملیدایە دەمی ئەوەندە کردبۆوە، کەلەناو گەرووییەوە زمانە بچکۆلەی بەدەرکەوتبوو. یەکێکی تریان وەکئەوەی تەواو لەهۆش خۆی چوو بێت دەموو چاوی سورهەڵگەڕابوو، چاوەکانی لێک نابوو، سەری کەمێک بەلادا کەوتبوو. ئەوی تریان

هەردوو دەستەکانی لەگەردنی خۆی نابوو، لەهەوڵی ئەوەدا بوو خۆی لەو قامچییە قوتاربکات، کە خەریکە هەناسە لەگەرووی دەبڕێت. یەکێکی تر ملی تەواو بە قامچییەکەوە شل بوو، پێدەچوو مردبێت. بەدەوری هەموو دەموچاوەکاندا چەند بازنەیەکم بە وێنەی ئەو قامچییەی کەلە ملی هەموویاندا ئاڵا بوو کێشا، کە بەشی هەموو کەنارەکانی تابلۆکەی داپۆشیبوو، بازنەکان لەنێو هەموو ئەو ڕەنگانەدا لە زۆر شوێن وەک سێبەر و لە هەندێک شوێنی تردا بەڕوونی و بەڕەنگی ڕەش بەدەرکەوتبوون.

ئەو ڕۆژە بە تەواوی بە کێشانی ئەو تابلۆیەوە سەرقاڵبووم، هۆشی ئەوەم نەمابوو کە بۆئێوارە شتێک بۆ جوامێر ئامادە بکەم، کاتێک گەڕایەوە لەهۆڵەکەدا ئەو دیمەنە پەرش وبڵاوەی بینی، بەبێئەوەی وەک جاران سڵاوم لێبکات و کولمەکانم ماچ بکات بەنیگایەکی هەڵچوونەوە لە تابلۆکە هاتە پێشەوە، ماوەیەک لەدیمەنی دەموو چاوەکان ڕاما، منیش لەتەنیشتیەوە وەستابووم لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووم وەک هەموو جارەکانی تر لە ناخی خۆیەوە تابلۆکە بخوێنێتەوە. بەڵام ئەوڕۆژە ئەوە جوامێر نەبوو، کە من لەئەندێشەی خۆمدا وێنام کردبوو، ئەو ڕۆژە جوامێر وێنای ڕاستەقینەی خۆی نیشاندام، بە تۆنێکی گڕەوە وتی «ئەمە چییە دروستت کردووە؟تۆبزانە

ئێرە چی بەسەر هاتووە لەماڵ ناچێت، من نەهاتووم بۆپێشانگە هاتوومەتەوە بۆماڵەوە، برسیمە چیت ئامادەکردووە»ئەوە چلۆن ڕەفتارێک بوو نواندی! ئایا ئەوە هەڵچوونێکی کاتی بوو بەهۆی ماندوو بوونی بوو بەپیشەکەیەوە، یان ئەوە هۆکارێک بوو بۆئەوەی وێنەی ڕاستەقینەی خۆیم نیشان بدات؟ من لەهەوڵی ئەوەدا بووم ئارامیی بکەمەوە، بەڵام ئەو ناخی زێدەتر بەرەو هەڵچوون هەڵدەکشا تا کارگەیشتە ئەوەی ئەو شەوە یەکتریمان نەدواند، لەگەڵ یەکتر نەخەوتین، ئەوە کۆتایی ئەو ڕێگایە بوو، کە پێکەوە هەڵمان بژارد، ئەوە کۆتایی ئەو خەونە بوو، کە من لە نێویدا دەژیام.

ئەو شەوە تا درەنگانێک خەو نەچووە چاوەکانم، ئەندێشەم لەو هەڵوێستە پڕلە گومانەی ئەودا ڕۆچوو بوو، »ئایا من هەڵەم کردبوو، بەرامبەر بەو کەمتەرخەمبووم، یان ئەوە هۆکارێک بوو بۆئەوەی درزێک بخاتە نێو ئەو ژیانەوە، کە بە درۆ تێیدا دەژیاین» لەو ساتەدا هەموو گومانەکان ناخمیان پڕکرد، بەتەنێ لەژوورەکەی خۆمدا ناخی خۆم دەخواردەوە دڵنیابووم لەگەڵ ئەو ئازارە دا خەو نابێتە میوانی چاوەکانم. هەربۆیە بوتڵێک شەرابم هێناو بەدەم کێشانی جگەرەوە تاسپێدە گوێم لەگۆرانییەکانی (یاسەمین لێڤی)گرتەوە،

بەبێئەوەی بەخۆم بزانم ڕۆچووبوومە خەوێکی دژوارەوە، کاتێک بەخۆم هاتمەوە کات لە «دە و نیو»ی بەیانی لای دابوو، لەدەوامی قوتابخانەکەم دواکەوتبووم، بێئاگابووم لەوەی لەقوتابخانەوە چەند جارێک بەتەلەفون پەیوەندییان پێوەکردبووم، ترسی ئەوەم هەبوو جوامێربەهۆی هەڵچوونییەوە تابلۆکەی دڕاندبێت.

کە لەژووری نوستنەکە هاتمە دەرەوە، ئەو لەماڵەوە نەبوو، لەهۆڵەکەدا تابلۆکە و کەرەستەکان چلۆن بەجێم هێشتبوون ئاوا لەشوێنی خۆیان بوون، لەسەر مێزی نانخواردنەکە جوامێر نامەیەکی بۆ جێهێشتبووم نوسیبووی «بەهۆی ڕەفتارەکانتەوە تەواو ماندوو بووم ئەمڕۆ بەگەشتێک لەگەڵ هاوڕێکانم دەڕۆم بۆدەرەوەی وڵات ماڵەکەت بۆ جێدەهێڵم، هیوادارم تادەگەڕێمەوە بەخۆتا بچیتەوە» هەرگیز پێشبینی ئەوەم نەکردبوو جوامێر بەو شێوازە ڕەفتارم لەگەڵدا بکات، هەربۆیە گومانەکان دووبارە وەک پشکۆیەکی خامۆش لەناخمداگەشانەوە، »بۆچی کەس نامەیەکم بۆنانێرێت؟ بۆچی ئەو کەسەی هەمیشە هەواڵی ژوانەکانی پێئەدام ئێستا بێدەنگ بووە، نامدوێنێ؟» ئەوە بیرکردنەوەی من بوو لەو دۆخە دژوارەدا بۆئەوەی بمگەیەنێتە ئەو کاتەی، کە ڕووی ڕاستە قینەی جوامێری تیا دەبینمەوە.

# تابلۆی
# ئازارەکان

## ١

ماڵەکەم وەک دەرونـی خۆم مات و بێدەنگ بوو، خامۆشیی هەموو شتێکی ئەو ماڵەمی گرتبۆوە، ئەو کاتە هەستم بەتەنیایی خۆمکرد، کەپەراوێزخرام، ژیان ئـەوەنـدە تـاڵ و قێزەون بـوو نەفرەتم لەبوونی خۆم دەکرد «ئایا من کارێکی نەشیاومکردووە؟ یان ئەوە چارەنوسێکی منە و دەبێت پەسەندی بکەم، مرۆڤ چەند لەهەوڵی ئەوەدابێت داهاتووی خۆی لەخەونەکانی خۆیەوە وێنا بکات، هەرگیز ناتوانێت لەبەرامبەر ئەو چارەنووسەی، کە ژیان پێی دەبەخشێت و پێچەوانەی خەونەکانی ژیانی دەگۆڕێت ڕەفتار بکات» ئەو ڕۆژە تا درەنگانێک من لەناوبێدەنگی خۆمدا ڕۆچوو بووم نەمدەزانی سەر بەکوێدا بکەم، چەند جارێک پەیوەندیم بە جوامێرەوە کرد بۆئەوەی داوای لێبوردنی لێبکەم و لـە گـەشـتـەکـەی پـەژیـوانـی بـکـەمـەوە، بـەڵام ئەو هەموو جارێک تەلەفونەکەی بەسەردا دادەخستمەوە، ئێتر زانیم ئـەوەی ڕویـدا بیانوویەکە بۆ ئـەوەی من لەخۆیدا بسڕێتەوە، دڵم تەنگ و مات، ئارەزووی هیچ خواردنێکم نەمابوو، نەمدەزانی ئەم کێشانە بەرەو کوێ هەڵدەکشێت.

«ئایا ئەوە سەرەتای جیابوونەوەمانە، یان تەنها گەمەیەکە و دەیـەوێـت لـەوڕێـگـەیـەوە ئـازاری ناخم

بـدات؟» بیرم لـەوە کـردەوە لەفەیسبوکەکەمدا بە دوای بورجەکەی خۆمدا بگەڕێم تا چارەنوسی خۆم بدۆزمەوە، هەرچەندە بورجەکان ئەگەر ڕاستیش نەبن، بەڵام بەدرۆیەک دەتوانێت بۆماوەیەک دەرونت ئاسودە بکات و بتخاتە ئەندێشەیەکەوە، کەهیوا بۆخەونەکانت بگەڕێنێتەوە.

ئەو ڕۆژە بورجی گیسک پێی وتم «ئەم هەفتەیە بەهۆی تێکچوونی باری دەرونیتەوە پلانەکانت وەک خۆیان بەڕێوە ناچن، لەوانەیە هەندێک لەکەسە نزیک و هاوڕێکانت بە هۆی هەڵچوونی دەرونیتەوە لێت زویر ببن، هەوڵبدە ئارام بیتەوە لە ڕۆژانی داهاتوودا زۆر شتی نوێ لە ژیانتدا ڕوو دەدەن هەموو کێشەکانت چـارەسـەر دەبـێـت» ئـەو وتـانـە دەرونـیـان کەمێک ئارام کردمەوە، بیرم لەوە دەکردەوە جوامێر بەهۆی گەشتەکەیەوە هەست بە بوونم بکات، کاتێک دێتەوە دڵنیام بەخۆی دێتەوە و لەگەڵ خۆیدا بە کۆمەڵێک دیـاری ئاشتم دەکاتەوە و هەموو شتێک وەک خۆی لێدێتەوە، هەربۆیە بە دەرونێکی ئارامەوە دەستمکرد بەخوێندنەوەی دەستنوسەکانی نامۆ، بۆئەوەی چیرۆکی مەرگی ژیانی لە تابلۆکاندا بنەخشێنم.

«ئەو پیاوە قامچی بەدەستە بۆچی خۆی لەژیانی من هەڵدەقورتێنێت، بۆچی ناهێڵێت ئێمە بەویستی خـۆمـان ڕەفـتـاربـکـەیـن؟ ئـەمـڕۆ بـڕیـاری ئـەوەمـدا

ڕووبەڕووی ببمەوە، چیتر نەهێڵم خۆی بکاتە خاوەنی هەست و سۆزەکانم. ئەمجارە پێشئەوەی بچمە ناو دیوارەکانەوە وێنەی پیاوە قامچی بەدەستەکەم لەسەر دیواری ژوورەکەم کێشا، تەواو وەک خۆی، کە چلۆن بەقامچییەکەیەوە لەسەر شوێنێکی بەرز دانیشتبوو، بەچاوە تۆقێنەرەکانی لەهەموو دەوروبـەری خۆی دەڕوانـی، کاتێک لەوێنەکەی بوومەوە لەچاوەڕوانی ئـەوەدابـووم دیـوارەکـان بۆخـۆیـانم لـوش بـدەن، کەڕۆچوومە ناو دیوارەکان چاوەکانم داخستبوو، وێنای ئەوەم دەکرد هەر بەقامچییەکەی خۆی سزای بدەمەوە، وای لێبکەم هەرگیز نەتوانێت لێم نێزیک بێتەوە، کاتێک چاوەکانم کردەوە، خۆم لەو دەشتەدا بینییەوە، کەخۆڵ بـەدەم ڕەشابایەکی بـەهـێزەوە ئـەو نـاوەی لەخۆیدا کەمێک تاریک کردبوو، کەوتمە گەڕان بە دوایدا، بەناو دۆڵ و دارودەوەنەکاندا، بە دەنێگی بەرزو پڕلە متمانە بەخۆبوونەوە بانگم دەکـرد «هـۆۆۆۆۆ ئـەی پیاو، لەکوێی خۆتم نیشان بـدە هـۆۆۆ لەکوێی» ئەوەندە بەدوایدا گەڕام ئەژنۆکانم تەواو شـەکەت بوون.

ئەو ڕەشـەبا شوومەی، کە بینایـیمی تەڵخ کردبوو، بـواری ئـەوەی پێنەئەدام لەچەند هەنگاوێک دوورتـر لەخۆم ببینم، کەس لەوناوەدا نەبوو، تەنها خۆم نەبێت بەتەنێ لەسـەر ئەو بـەردە تەختە دانیشتم، کە پیاوی قامچی بەدەستەکەنوێژی لەسەر دەکـرد. بیرم لەوە

دەکردەوە دەبێت ئەو هەموو مرۆڤانە لەکوێ بن، لەکام قوژبن و کەلێنی دارو بەردێک خۆیان هەشاردابێ، بۆچی کەسیان نابینم.»ئایا ئەوان هەستیان بەهاتنم نەکردووە، یان لە ترسی کابرای قامچی بەدەست خۆیان حەشارداوە» من لەخۆمدا بیرم لای ئەوان بوو، دەنگی ئەو کچە گوڵفرۆشەی ڕۆژانە دەهاتە کافیتریاکەو بەسەر مێزەکاندا دەگەڕا بەخۆی هێنامەوە، کاتێک ئاوڕم بۆدوای خۆم دایەوە، بینم کچی گوڵفرۆشەکە پەلێکی بەدەست کابرای چامچی بەدەستەکەوە بوو، بەدەم هاوارو گریانەوە تکای لەو پیاوە دەکرد کە سزای نەدات، نازانم ئەو کچە داماوە چ تاوانێکی کردبوو وا بەتوپزی بەرەو ئەو خانووە قوڕەی، کە لەسەر گردێکی بەرز دروستکرابوو پەلکێشی دەکرد. لەگەڵ هاواری ئەو کچە بچکۆلەیەدا، کەتەمەنی تەنها بەیازدە ساڵێک دەچوو، بەهەموو هێزی قامچییەکەی لەپشتی دەسرەواند، کچەی داماواو، لەترسی ئازاری قامچییەکە ماوەیەک بێدەنگ دەبوو، پاشان دەستی بەپاڕانەوە دەکردوو دەستە چڵکنەکانی کابرای قامچی بەدەستی ماچ دەکردو لێی دەپاڕایەوە بۆئەوەی ئازادی بکات.

بەو دیمەنە ناخم زیاتر لەو پیاوە قێزەونە پڕتر بوو، تاومدایە خۆم و بەدوویان کەوتم کاتێک ئەوان گەیشتنە بەردەم دەرگای ئەو خانووە دوونهۆمییەی، کە

پەنجەرەو دەرگاکانی لەتەختە دروستکرابوون، هاوارم لە کابرای قامچی بەدەست کردەوە «هۆوۆ ئەی پیاو، بۆچی ئازاری ئەو منداڵە ئەدەیت؟ ئەگەر خۆت بەپیاو دەزانیت وەرە لەگەڵ من بجەنگە» کە ئەوەم وت کابرای قامچی بەدەست بەدەم بزەیەکی ساردو ترسناکەوە، کە ددانە زەرد و بۆگەنەکانی بەدەرخست کەمێک لە منی ڕوانی و پاشان کچەکەی بە زۆر خزاندە ماڵەکەوە، بەپەلە خۆم گەیاندە بەردەم دەرگاکە بۆئەوەی نەهێڵم کارێکی خراپە بەسەر ئەو کچەدا بێنێت. چەندجارێک دەرگاکەم بە مشتە کۆڵە کوتا، بەڵام ئەو دەنگی نەبوو، وەڵامی منی نەدایەوە، دەرگاکەی لێ نەکردمەوە،

لەناکاوێکدا گوێم لە دەنگی ئەو کچە داماوەبووبەدەم هاوارەوە دەیگوت «وامەکە توخوا، دایکم بزانێت دەمکوژێت، توخوا واملێمەکە». دەنگی کابرای قامچی بەدەست بەئاستەم لەپشت دەرگاکەوە دەهات، سەرەتا وامزانی تۆشی شتێکی خراپ هاتبوو دواتر، کە هاوارێکی پڕلە چێژی لێوە بڵند بوو، زانیم ئەو کچە منداڵەی لاقە کردووە.

ئارامم لێ بڕابوو، بۆئەوەی خۆم بەناو خانووەکەدا بکەم، بەهەموو هێزم چەند جارێک خۆم کێشا بەو دەرگا تەختە ڕزیوەی کەچەند وشەیەکی نامۆی لەسەر هەڵکۆڵدرابوو، پێشبینیم دەکرد بەپیاکێشانێک بیشکێنم، بەڵام دەرگاکە نەکرایەوە، ئازارێک، نیشتە

سەرشانەکانم، نازانم ئەو دەرگایە لەچ دارێکی سەرت دروستکرابوو.گوێم لێبوو کابرای قامچی بەدەست لە ژوورەوە بە دەنگێکی بەرزو پڕلە ترسەوە هەڕەشەی لێدەکردم.

کەپیاوی قامچی بەدەست، کێلونی دەرگاتەختەکەی ترازاند، وەکئەوەی ترسێک لەمندا خۆی مەڵاس دابێت لەپڕ هەموو گیانمی تەنییەوە، نازانم ئەو ترسە لەکوێوە هاتە ناخمەوە و منداڵیی خۆمی بەبیر هێنامەوە، کەلە ترسی باوکم خۆم لەژوورەکەمدا دەشاردەوە، بەبێ ویستی خۆم کەمێک لەدەرگاکە دوور کەوتمەوە، پیاوە قامچی بەدەستەکە کەهاتە دەرەوە خەریکی بەستنەوەی بەنەخوێنی شەرواڵەکەی بوو، قامچییەکەی بەملیدا هەڵواسیبوو، بەو چاوانەی کە هێشتا چێژی جەستەی کچەکەم تیا دەبینی لێیی دەڕوانیم، کەمێک لێم هاتە پێشەوە، من هەموو سەرنجەکانم لەسەر ڕەفتارەکانی ئەو بوو نەکا تاو بداتە قامچییەکەو بکەوێتە وێزەی گیانم.

بۆئەوەی تۆڵەی خۆم و ئەو کچەی لێبکەمەوە، بیرم لەوە دەکردەوە پەلاماری بدەم، گوڕێکم بە قاچەلەرزۆکەکانمدا، بەڵام ئەو بە دەنگێک، کە ترسێکی تۆقێنەرم تیا دەبینی وتی «ئەوە کێ بوو هاواری دەکردو خۆی بەدەرگاکەدا کێشا»، دەنگی هەموو ئەوانەی قاوەخانەکە بوون لەگوێکاندا دەزرنگانەوە، هەموویان دەیانگوت «ئەو هەتیوە بوو ئەو کوڕی سۆزانییە بوو

هانی ئێمەشی دا بێزارت بکەین» لەو کاتەدا دیمەنی ئەو کچە، کەلە ناو دەرگاکە هاتە دەرەوە و بەدەم خەندەیەکی پڕلە شەرمەوە لەمنی دەڕوانی، منی خستە نێو گومانێکەوە. نازانم ئەو هەوو هاوارە تەنها شەرمێک بوو بۆخۆ بەدەستەوەدانی، یان پیلانێک بوو پیاوی قامچی بەدەستەکە دایڕشتبوو، بۆئەوەی تاوانبارم بکات.

لەو دۆخەدا هێزی ئەوەم نەبوو بەرەنگاری ئەو پیاوە ببمەوە، کەبە هەڵسوڕانی قامچییەکەی دەستی، ترسێکی بێشوماری لە دەرونمدا دروستکردبوو، هەربۆیە تاومدایە پێیەکانم بۆئەوەی هەڵبێم. نازانم ئەوپیاوە کەتەو زلە، چلۆن بەمن ڕاگەیشت، بەدەم قاقای پێکەنینەوە بەقامچییەکەی کەوتە لێدانم، بە هەموو هێزی گوژمی قامچییەکەی، لەجەستەی مندا خاڵی دەکردەوە.

ئای چەند ئازارم چەشت، چەند هاوارم کرد، ئارەزووی ئەوەم دەکرد لەو ساتەدا ببمە هەڵم و لەژێردەستیدا دەربازبم و بۆئاسمان هەڵبێم، کاتێک بەخۆم هاتمەوە خۆم گرمۆڵە کردبوو، جەستەم دەلەرزی، ئازاری شوێنی قامچییەکان هێشتا لەجەستەمدا مابوون، ژوورەکەم ساردو بێدەنگ بوو، خەمێک دڵی گران کردبووم، هەربۆیە ئەو شەوە بەدەم مژلێدانی جگەرەیەکەوە، بیرم لەپلانی کوشتنی پیاوی قامچی بەدەستەکە کردەوە.

## ٢

«خاتووماریا، بۆچی قسە یەک ناکات، بۆچی لە خۆی ڕاماوە؟ دەبێت بیر لەچی بکاتەوە، ئایا (نامۆ) بە شێت یان بەکەسێکی دەروون نەخۆش دەزانێت» من ئاوا بیرم لەو دەکردەوە، بەڵام ئەو سەری بڵند کردوو وتی:

-(نامۆ)، بۆچی ئەو خەونە ناخۆشانەی دەبینی؟

بەهێمنی جگەرەیەکم لەپاکەتەکەی بەردەمی دەرهێناو دامگیرساندو مژێکی قووڵم لێدا، خاتووماریا لەچاوەڕوانی وەڵامی مندا بوو، بەدەم هەناسەیەکی قووڵەوە وتم:

-ئەوانەی (نامۆ) نوسیویەتی خەون نین، بەڵکوو پەرچەکرداری ئەو ژیانە تاڵە بوو کەتێی کەوتبوو، ئەو بەردەوام نەفرەتی لەبوونی خۆی دەکرد، لەهەوڵی ئەوەدا بوو خۆی لەو ژیانە قێزەونە قوتار بکات!

خاتووماریا، ئەوەندە لەناو گێڕانەوەی خەونەکانی (نامۆ) دا ڕۆچوو بوو، تامەزرۆی ئەوە بوو بزانێت نامۆ لەگەڵ ئەو خەونانەدا بەکوێ دەگات، هەربۆیە وتی:

-تکادەکەم خەونەکانی تەواو بکە، بزانم لەگەڵ ئەو پیاوە زاڵمەدا بە کوێ دەگات، ئۆی نامۆی داماو دەبێت بەدەم قامچی ئەو زاڵمەوە چەند ئازارت چەشتبێت.

لەبەرخۆیەوە نزای لەپیاوی قامچی بەدەستەکە

دەکـرد، منیش بـەدەم ئـازاری پشتمەوە هەڵسام و دەستێکم بەکەمەرمەوە گرت، تا هەوسەنگی بەجەستە قورسەکەم بـدەم، تابلۆی ئـازارەکـانـم هێناو لەسەر کورسییەکەی بەرامبەرمان دامنـا، ئەویش ئەوەندە بەنیگایەکی هەڵچوونەوە لێی دەڕوانی، پێدەچوو بەدوای پیاوی قامچی بەدەستەکەدا بگەڕێت تا بەنەفرەتی بکات، بەڵام من لە تابلۆکەدا وێنەی ئەوم نەکێشابوو، بەڵکو وێنەی دەموو چاوێکی گـەورەم کێشابوو، کە زۆر بە شێوەی (نامۆ) دەچـوو، ناوەڕاستی تابلۆکەی داگیر کـردبـوو، قـژە درێـژوو خـاوەکـەی بەسەرشانیدا بڵاو ببۆوە، تا ناو پانتایی تابلۆکە، کەتێکەڵ بەدیمەنێکی نیوە تاریک ببوو کەلەنێویدا چەندین دەمووچاوی بچووکی تیا دەبینرا، لەناو قژە خاوەکەیدا وێنەی دەست و مەچەکی ئەو دەموو چاوانەی تیا دەبینرا، کەلەناویدا تێکئاڵابوون وەک ئـەوەی هـەمـوویـان ڕێـگری لەهەڵهاتنی بکەن، دەموو چاوە گەورەکە بەدەم هاوارو ئازارەوە لەهەوڵی خۆدەربازکردندا بوو لە سیمایدا دڵۆپەی ئارەقە، کە بە فرمێسکی گریان دەچوو بە ڕوونی دەبینرا.

دەموو چاوەکە ڕەنگێکی تاریک و قاوەیی تیا زاڵ بوو، دەموو چاوە بچکۆلەکان هەندێکیان بەخەندەو پێکەنین و هەندێکیان کە نیگەرانی و خەم لەڕوخساریاندا دەبینرا سەیری دەموو چاوە گەورەکەیان دەکرد، کەلە کاتی

خەم و ئـازارو هەڵهاتندا قەتیس مابوو. هەموو چوار دەوری دەمـووچـاوە بچکۆلەکانم، بەڕەنگێکی قاوەیی تاریک ڕەنگ کردبوو، کەلە نێویاندا وەک سێبەرێک وێنەی خانوو کۆشک و تەلار و مزگەوتی تیا دەبینرا.

خاتووماریا، بەردەوام خەیاڵی لەناو تابلۆکەدا بوو، بەوردی لەدەمووچاوە بچکۆلەکانی دەڕوانی وتی:

-پیاوی قامچی بەدەستەکە کامەیانە، لە کوێدا خۆی شاردۆتەوە؟

بە خەندەیەکەوە وتم:

-پیاوی قامچی بەدەستەکە، بەردەوام لە ناو ڕۆح و دڵماندا دەژی، لەنێو بیرکردنەوە و کردارەکانماندا بوونی هەیە، هەرگیز ئێمە هەستی پێ ناکەین، تەنها لەوکاتانەدا بوونـی دەبێت، کەبیر لەخۆمان دەکـەینـەوە. مـرۆڤ هەتابیر لەخودی خۆی نەکاتەوە و خۆی نەدۆزێتەوە، هەرگیز هەست بەبوونی خۆی ناکات، هەست بە ئازاری ئـەو قامچییانە نـاکـات، کـەژیـان دەیچزێنێت بـە ڕۆح وهەستەکانیەوە!

ئـەو نیگاکانی بـۆسـەرم گـواستـەوە و بـەدەنگێکی غەمگینەوە، وتی:

-دیارە (نامۆ) لەمماڵەدا زۆر بیری لەخۆی کردۆتەوە، بۆیە ئازاری تەنهایی چەشتووە!

ئـەو ڕۆژە تیشکی خـۆری بـەیانی، لە پـەنجـەرەی

ژوورەکـەوە گەرمییەکی زۆری بەناو هۆڵەکەدا بڵاو کردبۆوە، خاتووماریا لەشوێنی خۆی هەڵساو قاوەیەکی ئامادە کردوو دوو کوپی هێنا و لەسەر تەپڵەکەکەی بەردەممان داینا، بەدەم خواردنەوەی قاوەکەوە، هەستم بەلەرزینی دەستی دەکرد، ترسی ئەوەم هەبوو قاوەکە بەسەر پۆشاکەکەیدا بڕژێت، بەوردی لە ڕەفتارەکانیم دەڕوانی، ئەویش ماوەیەک لە بیرکردنەوەی خۆیدا تەواو ڕۆچوو بوو، پاشئەوە، کوپە قاوەکەی نیوە کرد وتی:

–لەو ماوەیەدا کە ئەم تابلۆیانەت کێشا (نامۆ) ت نەبینییەوە، تا پرسیاری ئەو خەونە ئاڵۆز و ناخۆشانەی لێ بکەیت؟

–نەخێر، من لەچاوەڕوانی ئەوەدا بووم ئەو کوڕەی لەسەر کاژێری قاوەخانەکە کاری دەکرد، لەهاتنی نامۆ ئاگادارم بکاتەوە، هەربۆیە بەپێویستم نەزانی سەردانی قاوەخانەکە بکەم، نەمدەزانی (نامۆ) بۆچی بیری لای دەفتەرەکەی نەمابوو، پێدەچوو بەهۆی ئەو دۆخەوە توشی لەبیرچوونەوە هاتبێت، یان شتێکی بەسەر هاتبێت.

–ئەگەر من لە بری تۆبام بەدوایدا دەگەڕام، تاڵە و خەونە ناخۆشانە بە ئاگام بهێنایەتەوە.

–ئەو کاتە من نامۆ م نەدەناسی، نەمدەزانی لەم ماڵەدا دەژی بەڵام دواتر بینیمەوە.

- پێم بڵێ توخوا چۆن بینیتەوە.

-پەلە مەکە، دواتر ئەوەشت بۆ دەگێڕمەوە، جارێ با خەونەکانی (نامۆ) ت بۆ تەواو بکەم

# تابلۆی
# جەنگ

## ١

هێشتا دوو ڕۆژ بوو جوامێر گەشتی بۆتورکیا کردبوو، ئەوچەند ڕۆژە بەردەوامخۆمم دەخواردەوە، چەندین بیرۆکەی ناخۆش دڵی گران کردبووم، تەنیایی ناخی وێرانکردبووم، کێشەی من ئەوە نەبوو بەتەنێ لەماڵێکی چۆڵدا دەژیم. ئەوەی زێدەتر منی لەخۆیدا نوقوم کردبوو، هەڵوێستە نامۆکانی جوامێر بوو، بۆچی بەوشێوازە ڕەفتاری لەگەڵ کردم؟ بۆچی بەو خێراییە، بەبێئەوەی پێشتر پێم بڵێت تکتی فرۆکەی بڕیوە بڕیاری گەشتی دابوو؟ ئاخر ئەو پێشئەوەی لەبنکە بێتەوە هەموو شتێک ئاسایی بوو، هیچ کێشەیەک ڕووی نەدابوو،

ئەو ڕەفتارەی ئەوەندە ئازاری دابووم، لەماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا جگە لەشەراب و جگەرە، بەهەمووی دوو ژەمی تەواو نانم نەخواردبوو، لەو تەنهاییەی خۆمدا بەردەوام بیرم لەخۆم دەکردەوە، مرۆڤ کاتێک تەنیا دەبێت و لەناو چواردیواری بێدەنگ و بێگیاندا دەژی، ئەو کات بەخۆیدا ڕۆدەچێتەوە و خۆی ئەدۆزێتەوە، مرۆڤ لێرە هەتا تەنیا نەبێت هەست بە ئازارەکانی خۆی ناکات، هەست ناکات مەرگ بە هێمنیی لەم ژیانەدا گەمە بە هەستەکانی دەکات.

ئەو گومانەی وەک تەونی جاڵجاڵۆکە، هەموو ڕۆژێک لەناخمدا گەورەتر دەبوو، زیاتر ناخمی لەخۆیدا داگیر دەکرد، وای لێکردم خۆم بدۆزمەوە و هەست بەنامۆ بوونی خۆم بکەم، هەستمکرد ژنێکی پەراوێز خراوم و جوامێر بە دەمامکەکەی وێنایەک بە ژنێتیم ئەدات. ئای ئەوە چەند درۆیەکی جوان بوو گەمەی بە هەستەکانم دەکرد و چەندین خەونی لە ئەندێشەمدا ڕوواند، ئەوەندە لەگەڵ خۆمدا دوام، بێزم لەبوونی خۆم دەکردەوە وامهەستدەکرد ئەو بووکەڵەیە بم کەبەمندالی چلۆن لەدوای ئەوەی بەگەمەکردن لەگەڵیدا بێزار دەبووم دواجار لە سوچێکی ژوورەکەدا توورِم ئەداو بەهەفتە بیرم لێ نەئەکردەوە.

دەبێت جوامێر لەگەشتەکەیدا کێ هاوەڵی بێت؟ ئایا ئەو ژنە چاو بەلەی کەلەقاوەخانەکەدا بەمەکرێکەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرد، نەبۆتە هاوڕێی تاقانەی گەشتەکەی، ئایا ئەو ئێستا لە باوەشی ئەودا هەمان ئەو درۆیانەی بۆ دووبارە ناکاتەوە کەشەوانە لەدوای خواردنەوەی بوتڵێک شەراب و کەشێکی ڕۆمانسی بۆ دەخولقاندم و لەخۆیدا مەستی دەکردم.

ئەو گوومانە وای لێکردم پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکەم، کەوەک مۆتەکە بەنامەکانی دڵی دادەخورپاندم، چەند جارێک پەیوەندیم پێوە کرد، ئەو وەڵامی

نەدامەوە، بەناچاری نامەیەکم بۆ نوسیو پێم وت «نازانم بەڕێزتان کێن و چلۆن من دەناسن، بەڵام تکات لێدەکەم ئەگەر هیچ هەواڵێک، یان زانیارییەکتان لەبارەی جوامێری هاوسەرمەوە هەیە، تەنها بەنامەیەک وەڵامم بدەرەوە» ئەو ڕۆژە لەچاوەڕوانی وەڵامی نامەکەدا بووم هەموو هەستەکانم بۆزەنگی نامەی تەلەفوونەکەم هەڵخستبوو، ڕۆژێک بەسەر ناردنی نامەکەدا تێپەڕی، هیچ وەڵامێکی نەدامەوە، ئای لەو ساتانەدا چەند هەستم بەلاوازیی و بچووکی خۆم دەکرد، چەندجارێک لەگەڵ خواردنەوەی پێکێک شەرابدا بەزەییم بەتەنیایی خۆمدا دەهاتەوە، تا دڵم ئارەزووی بکردایە دەگریام، لەو تەنیاییەی خۆمدا تەنها چیرۆکی خەونەکانی (نامۆ) هاوڕێ و هاوخەمم بوون، وێنای خەونەکانی ئەوم لەخۆمدا دەکرد.ئاخر مرۆڤ هەرچەند لە بیرکردنەوە و ئاریشەکانی ژیانیدا جودا بێت، بەڵام شتێک هەیە، کەهاوشێوە و هاوبەشە لەنێویاندا ئەویش ئازاری ژیانە کەوادەکات هەموو خەم و ئازاری مرۆڤایەتی لەخۆتدا کۆبکەیتەوە. لەتەنیایی خۆمدا لەگەڵ ئازارەکانی نامۆ دا دەژیام، لە خەونەکانیدا بەدووی خۆمدا دەگەڕام، ئەو ڕۆژە دەستمکرد بەخوێندنەوەی دوابەشی خەونەکانی نامۆ.

## ٢

نامۆ نوسیبووی :

بۆئەوەی لوتی ئەو پیاوە دەم بۆگەنە بشکێنم، پێویست بوو خۆم بەباشی ئامادە بکردایە. ئەو ئێوارەیە ژەمێکی باشم خواردبوو، لەژوورەکەی خۆمدا دەستم بەوەرزش کرد بۆئەوەی ماسولکەکانی هەموو گیانم هێزی ئەوەی تیابێت ڕووبەڕووی ئەو پیاوە زل و کەتەیە ببمەوە، متمانەم بەخۆم هەبوو، ئەمشەو ئەو پیاوە دڕندەیە تێک دەشکێنم، دەمزانی ئەو هەستی بەهاتنم کربوو، بەناو هەموو دیواری ژوورەکەمدا بەقامچییەکەی دەستییەوە دەهاتوو دەچوو، چاودێری هەموو ڕەفتارەکانی دەکردم، چلۆن دەخەوم، چلۆن نان دەخۆم و بیردەکەمەوە، پێدەچوو بیر لەپلانێک بکاتەوە بۆئەوەی بمکوژێت.

هەست بە ترپەی پێیەکانی دەکەم، کەبەناو دیوارەکاندا دەپەڕێتەوە، پێدەچێت بەدوای کەلێنێکدا بگەڕێت تالە ڕێگەیەوە بێتە ژوورەکەمەوەو هێرش بکاتە سەرم، ئەو دەزانێت من بەتەنێ لەم ماڵە چۆڵەدا دەژیم، ئەگەر بێتەژوورەکەمەوە دڵنیام لەوەی بە بێدەنگی دەمکوژێت و کەس پێی نازانێت.بیرم لەوە دەکردەوە ئەو چلۆن دەمکوژێت؟ ئایا بە قامچییەکەی دەستی هەتا هێزی تیابێت لێم ئەدات تا هەناسەم لێدەبڕێت، یان پیلانێکی تری هەیە و

ناچارم دەكات بەدەستەكانی خۆم، خۆم بكوژم، بۆئەوەی خۆی لەو تاوانە بێبەری بكات. دەزانم ئەو دەمێكە لەنێو مندا دەژی، ئەو دەمێكە هاتۆتە خەونەكانمەوە و دەیەوێت ناچارم بكات خۆم ڕادەستی بكەم، ئەمشەو دەبێت ئەو پیاوە قێزەونە لە خەونەكاندا بەدەرنێم، دڵنیام ئەگەر سەركەوتوو نەبم شەوێک بەنهێنی بەبێئەوەی بەخۆم بزانم، یان لەكاتی خەوێكی قووڵدا دێتە ژوورەكەمەوە و بەبێدەنگی دەستە زل و چڵكنەكانی لەگەروم دەنێت هەتا هەناسەم لێدەبڕێت، دەزانم ئەو پیاوە چەند كارامەیە لەكوشتنی مرۆڤەكان، دەزانم كە چەند شێوازی هەیە بۆئەوەی مرۆڤەكان ناچاربكات خۆیان بكوژن.

بۆمن گرنگ نەبوو كات چەندە، ڕۆژەكان چلۆن تێدەپەڕن، مرۆڤ كە خەونێكی مەزنی نەبێت هەرگیز گرنگی بە كات و ڕۆژەكانی نادات چلۆن تێدەپەڕن. پێكێك ئارەقم بەحەبێكەوە خواردەوە لەچاوەڕوانی ئەوەدابووم وەک تەمێک بە نهێنی خۆم بەناو دیوارەكەدا بكەم. لەگەڵ خۆمدا ئەو چەقۆ بچكۆلەیەم برد، كەشەوانە میوەم پێ لەتدەكرد، كاتێک بە خۆمزانی پیاوی قامچی بەدەستەكە لەبەردەم دەرگای ماڵەكەی خۆیدا هەموو كوڕو كچانی قاوەخانەكەی لەدەوری خۆی كۆكردبۆوە، دەمزانی ئەو بێنرخە پلانێكی بۆمن دارشتووە هەربۆیە بە هێمنی، بە بێئەوەی كەسیان هەست بە بوونم بكەن، لەپشت دیوارەكەوە چوومە نزیكیانەوە، بۆئەوەی لەناكاوێكدا پەلاماری بدەم.

# ٣

ئارامم لێ بڕابوو، هێزی ئەوەم نەمابوو لەوە زیاتر خۆم ڕاگرم و لەچاوەڕوانی ئەوەدابم ئەو پلان بۆکوشتنم دارێژێت، دەزانم ئەو پیاوە دەیەوێت بەتۆمەت وتانەوتەشەرەکانی بمکوژێت و هەرەسم پێ بێنێت، دەبوو سنورێک بۆ ڕەفتارەکانی دانێم، بەپەلە خۆم هاویشتە بەردەمی، ئەو لەشوێنی خۆیدا لەسەر بەردێک دانیشتبوو پاڵی بەدەرگای خانووەکەوە دابوو، ویستی تاو بداتە قامچییەکەی، بەڵام من پێش ئەو هەڵمەتم بۆبردو بەهەموو هێزم چەقۆی میوەکەم لەسەر شانی چەپی چەقاند.ئەوەندە بەرقێکی پرتۆڵەوە لێمدا، گوێم لەخرمەی برینی گۆشت و ماسولکەکانی سەرشانی بوو، چەقۆکەم بەتەواوی لەشانیدا نوقم کرد.

ئەو پیاوە زلەی ترسێکی تۆقێنەری لەدڵمدا دروستکردبوو، وەک منداڵێک دەگریاو لێم دەپاڕایەوە، نازانم بۆچی هەستی بەزەییم لەو ساتەدا بزوا، ڕێگەم بەخۆم نەدا جارێکی تر چەقۆکە دەربهێنمەوە و لە شانی ڕاستی بدەم، هەرگیز بیرم لەئازاردانی مرۆڤ نەکردۆتەوە، هەستم بەپەشیمانی دەکرد، بەخۆم وت «ئاخر بۆچی ئەو کارەم کرد» نازانم بۆچی ئەو هەستە هەموو هێزی گیانمی ڕەواندەوە و پەشیمانیی ناخمی تەنییەوە، ئەو بەردەوام هاواری دەکردو دەپاڕایەوە و

بەدەم ئازارەوە دەیگوت «ئاااای کوڕە کەم بۆچی واتکرد! من باوکی تۆم بۆچی نامناسیتەوە، دەمویست ئامۆژگاریت بکەم و کاری خراپ نەکەیت، ئاخرچلۆن منداڵ بەو شێوەیە بەرەنگاری باوکی خۆی دەبێتەوە، کاتێک باوکی لەسەر کارە خراپەکانی سزای بدات».

ئەو قسانەی گومانێکیان خستە دڵمەوە، هەرچەند لەسیما ناشرینەکەیم دەڕوانی، هەرگیز بەباوکم نەدەچوو، وتم «هەی ناپیاو تۆ کەی باوکی منیت، من باوکی خۆم بە منداڵی بینیوە، ئەو پیاوێکی هەتا بڵێی قۆزو بە ویقار بوو، تۆیەکی قێزەون و ناشرین، چلۆن دەکرێت خۆت بکەیت بەباوکم» ئەو دەستی لەسەر چەقۆی میوەکە بوو، کەلە سەر شانیم چەقاندبوو، پێدەچوو لەهەوڵی ئەوەدابێت لەشانە پڕماسولکەکەی خۆی دەری بهێنێت. بەخەندەیەکی تاڵەوە، کە بۆگەنی سەگی تۆپیو لە دەمی دەهاتە دەرەوە، وتی «تۆ بیربکەرەوە بزانە ئەو شەوەی تۆ لەکونی کێلونی دەرگاکەوە سەیری دایکت دەکرد، ئەو پیاوەی بەسەر دایکتەوە بوو ئەوە کێ بوو هاااا؟ ئەوە من بووم، باوکت بووم تۆ لەخوێن و ئێسکی منیت تۆ کوڕە تاقانەکەی منیت، بزانە بۆچی دایکت منی بە جێهێشت؟ لەوانەیە نەزانیت، وەرە بامن پێت بڵێم دایکت چلۆن بەدزی منەوە لەگەڵ پیاوێکی دراوسێکەمان پەیوەندی بەستبوو، ناپاکیی لێدەکردم، من هەستم پێکردبوو ئەو شەوانەی بەهۆی ئازاری ژیانمەوە

ئەوەندەم دەخواردەوە، تەواو مەست و بێئاگا دەبووم و ڕۆ دەچوومە خەوێکی قووڵەوە، بۆئەوەی لە کاتە بێزارکەرەکانی ژیانم هەڵبێم، ئاااخ دایکت.. بەڵێ دایکە سۆزانییەکەت بەهێمنی دەرگای لەپیاوی دراوسێکەمان دەکردەوە و لە ژوورەکەی تەنیشتی تۆوە هەتا سپێدە لەئامێزی یەکدیدا بوون و ڕایان دەبوارد، من ئەوەم بەچاوەکانی خۆم بینی، شەوێک لەتینوێتیدا بەخەبەرهاتم، کاتێک ئاورمدایەوە دایکت لەتەنیشتمەوە نەمابوو، بەئاستەم گوێم لەقریوەی دایکە سۆزانییەکەت بوو کەلە باوەشی دۆستەکەیا مەست ببوو، هێشتا کاریگەری ئارەقەکەی ئێوارە لەخوێنمدا مابوو، ئەوەندە خەواڵوو بوم، وامدەزانی خەون دەبینم کاتێک دەرگاکەم کردەوە دایکتم بەڕووتی لە باوەشی پیاوی دراوسێکەمان بینی، لەو کاتەدا لێوی یەکتریان دەمژی.

ئای ئەوە چی بوو بینیم! کاتێک دایکە قەحبەکەت بەمنی زانی، نازانم چلۆن ئەو پیاوەی لەپێش چاومدا شاردەوە، بەڕووتی بەرەو ڕووم هاتوو لەئامێزی خۆی نام، مەمکە قوتەکانی لەسنگە توکنەکەم دەسوی و دەمی بە گوێکانمەوە ناو بەچرپە پێی وتم «گیانەکەم حەزت لێیە بیکەیت» ئەو دایکە سۆزانییەت ئەوەندە لێزان بوو، بەو قسانەی منی خستە دۆخێکەوە بۆخۆیشم نەمدەزانی ئەوە خەون بوو یان ڕاستی، دواتر تاوی دایە قۆڵم وبەرەو ژوورەکەی خۆمانی بردمەوە، کە لەسەر سیسەمەکە

پاڵکەوتم، کەوتە مژینی چوکم، بەو ڕەفتارەی هەموو گومانێکی لەناخمدا سڕییەوە، لەو کاتەدا دەمگووت «زێڕین» ئەو پیاوە کێیە لەماڵەکەماندایە، ئەو بەدەنگێکی هێمن وەکئەوەی جادووم لێبکات پێی وتم «پیاوەکە، جگە لە تۆ هیچ پیاوێک لەماڵەکەدا نییە، ئەوە تەنها خەیاڵی ئەو مەشروبە نەفرەتییەیە واتلێدەکات خەونی ناخۆش ببینیت».

سپێدە درەنگانێک کەبەخەبەرهاتم ئەو ڕوداوە بەردەوام مێشکی داگیر کردبووم، بۆخۆیشم نەمدەزانی ئەوەی ڕویدا خەون بوو یان ڕاستی، کاتێک ئێوارە لەبازاڕگەڕامەوە، پیاوی دراوسێکەمان پێدەچوو بییەوێت سوکایەتیم پێبکات وبڵێت «ئەمشەو لەماڵەکەی خۆتدا ژنەکەتم تێر گا» بەخەندەیەکی گاڵتە ئامێزەوە لێی دەڕوانیم، لە چاوەکانیدا هەموو ئەوقسانەم دەخوێندەوە، کە زانی لەچاوە حیزەکانیدا هەستم بەشتێک کردووە، لێی نزیک بوومەوە بۆئەوەی لێدانێکی باشی لێ بدەم، بەڵام ئەو ڕێزێکی زۆری لێنام، وەکئەوەی لەو کۆڵانەدا لەمن پیاوتری تیانەبێت».

لەو ساتەدا نەمدەزانی چلۆن متمانەبەوە بکەم ئەو پیاوی قامچی بەدەستە باوکمەو درۆناکات، بەڵام لەناکاوێکدا بەخۆم هاتمەوە، زانیم ئەوە تەنها درۆیەکە بۆئەوەی لەکوشتنی خۆی ساردم بکاتەوە، هەربۆیە بەهەموو هێزم پەلامارمدا، بەڵام لەو کاتەیا هەموو

خەڵکی قاوەخانەکە لێم کۆبوونەوە و تاویاندایە دەستم، منیش هەرئەوەندەم پێکرا بەکەللە لێی بدەم و نێوچەوانی نوقمی خوێن بکەم.

کاتێک بەخۆم هاتمەوە ژوورەکـەم لەخوێنی نێو چەوانی خۆمدا سوور ببوو، ئەوەندە کەللەم بەدیوارەکەدا کێشابوو نێوچەوانی خۆم لەچەند لایەکەوە تەقاندبوو، ئای ئەوە چی بوو بەسەرم هات، بیرم لەوە دەکردەوە، بۆچی لە دیوارەکە هاتمەدەرەوە، هۆشی ئەوەم نەبوو حەبێک زیاترم بخواردبا تابەتەواوی بمکوشتایە، ئێستاش نازانم ئەو قێزەونە لە ژیاندا ماوە یان نا، بیرلەوە دەکەمەوە شەوێکی تر سەردانی دیوارەکە بکەمەوە و دڵنیابم لەوەی ماوە یان مردووە.

# ٤

کات بۆ ژەمی ئێوارە درەنگی کردبوو، خاتووماریا بەدڵێکی خەمبارەوە وتی:

–ئەزانیت بەهۆی تابلۆکانەوە، ئاگامان لەوە نەمابوو شتێک بۆژەمی ئێوارە ئامادە بکەین.

بەهۆی گێڕانەوەی چیرۆکی تابلۆکانەوە، هیچمان ئاگامان لەخۆمان نەمابوو، بەهۆی دووبارەبوونەوەی برینەکانی ناخم، دڵم ئارەزووی هیچ خۆراکێکی نەمابوو، بەڵام دەبوو لەبەرپەریسا شتێکم بخواردبا، یەکێک لەڕێنمایی پزیشکەکەم ئەوەبوو، پێویستە لەو دۆخەیا گرنگی زیاتر بەو خۆراکانە بدەم کە ڤیتامین و کالۆری زیاتریان تێدایە بۆئەوەی پەریسا برسی نەبێت، کەم خۆراک و لاواز نەبێت، هەست بەبرسێتی نەکات، ئەو لەهەناوی دایکیدا دەژیێ، بەخوێن و خۆراکی دایکی دروست دەبێت و گەشەدەکات، تەنانەت هەموو هەستێکی خۆشیی و ناخۆشیی دایک، کاریگەری لەسەر منداڵەکەی دەبێت، هەربۆیە هەمیشە دایکەکان منداڵەکانیان بەبەشێک لەجەستەی خۆیان دەزانن، دڵنیام ئەگەر پەریسا لەهەناوی جوامێردا گەورە بوایە، هەرگیز ڕێگەی بەخۆی نەئەدا نکولی لیێ بکات، ئەوە هەستی هەموو دایکێکە بۆمنداڵەکەی. بەڵام نازانم دایکی (نامۆ) چلۆن ڕێگەی بەخۆیدا بێهەستانە نامۆ تورڕبداتە ئەو

ژیانە سەختەوە، هەربۆیە بەبیستنی ناوی پەریسا دڵم دەلەرزێت و هەموو جەستەو ناخم ئازاری بۆئەچێژێت.

«ئاخ پەریسا کچە جوانەکەم، ئارەزووم دەکرد بەدرێژایی هەموو تەمەنم لەهەناوی خۆمدا هەڵمبگرتبایتایەو بمپاراستیتایە، بۆئەوەی هەرگیز هەست بە برسێتی و سەرماو ئازاری ژیان نەکەیت»

من لە ئەندێشەی خۆمدا بووم خاتوو ماریا وتی :

-سەناریا کچەکەم ئارەزووی چی دەکەیت؟

ئەو لەناو دەرگای سەرەکی هۆڵەکەدا لەچاوەڕوانی ئەوەبوو وەڵامی بدەمەوە، هۆشی ئەوەم نەمابوو لە ناو بەستەرەکەدا هیچ شتێکی وەهای تیانەبوو بۆدروستکردنی ژەمێک، بەشەرمێکەوە وتم:

-ببوورە خاتوون بەهۆی کاری پێشانگەکەوە بیرم، چوو شتێک بۆئێوارە بهێنمەوە، وەرە تۆ دانیشە بۆخۆم دەچم لە کۆڵانەکەی لای خۆمانەوە دوکانێکی سەوزە و میوە فرۆش هەیە شتێک بۆئێوارە دەهێنمەوە.

خاتووماریا لەبەردەم دەرگاکەوە بەپەلە گەڕایەوە بۆژوورەوە، تاوی دایە جانتاکەی و وتی:

-تۆ پشووبدە ئازیزم، من خۆم بەمیوان نازانم، ئێستا بۆخۆم ئەچم شتێک دەهێنم و ئامادەی دەکەم.

ئەو ئێوارەیە خاتووماریا بۆخۆی شێوێکی بەچێژی ئامادە کرد، پاش نانخواردن دووکوپ چایی هێناو بەدەم داگیرساندنی جگەرەیەکەوە لەخۆی ڕامابوو، پێدەچوو

چیرۆکەکانی ژیانی (نامۆ)خەمێکی لادروست کردبێت، هەربۆیە کاتێک نیگا غەمگینەکانی لەسەرم وێستەیانکرد، من ئەو خەمەم دەبینی کە دڵی گرانکردبوو، ئەو بیری لای ئەو تابلۆیەنە بوو، کە چلۆن وێنای ئەو جەنگەم کێشاوە، من دەمێک بوو بەئازارەکانی (نامۆ) ئاشنابووم، ئازارەکانی ئەو لەمندا بوونی هەبوو، بۆئەوەی ئەو ئـازارەی، کەلەهەستی ژنێتی خۆیەوە بۆنامۆ هەیبوو بڕەوێنمەوە، وتم:

–ناتەوێت لەدیمەنی تابلۆکە بڕوانیت؟

وەکئەوەی لەخەونێکدا ڕاچەنێت بەخۆی هاتەوە و وتی:

–زۆر ئـارەزووی ئـەوەدەکـەم بزانم چ تابلۆیەکت بۆئەو جەنگە کێشاوە؟

ئەو تابلۆیەم لەسەر شێوەی کۆلاژ کێشابوو، لەناو کۆمەڵێک هێڵدا، کە لە دوورەوە وێنەی دیوارو پەنجەرەی ژوورێکی ئەنواند، شێوەی دوو مرۆڤم دروستکردبوو، کەتێک ئالابوون، جەستەیان تێکەڵ بەڕەنگی هێڵەکان ببوو، لەدەستی یەکێکیاندا وەک چەقۆیەک و لەدەستی ئەوی تریاندا شێوەی قامچییەک کەلە ملی ئەوی تریان ئالابوو، دیمەنی ڕوخساری هەردووکیانم بەشێوەیەک کێشابوو، کە وێنای ئازارو هاواری تیا دەبینرا، ئەگەر تۆزێک بەوردی لێی ورد نەبوویتایەتەوە ئەستەم بوو ئەو دوو مرۆڤە لەناو ئەو هەموو هێڵە تێک ڕژاوەی، کە

وێنای ناوژوورێکی داخراوی ئەنواند جودا بکردایەتەوە.

کاتێک تابلۆکەم هێنایە بەردەمی  کەمێک لێی ڕوانی، وای بۆدەچووم ئەستەم بێت بە ئاسانی بیتوانیبا ئەو دیمەنەی لەنێویدا وێنام کردبوو لێی تێبگەیشتبایە، بەڵام خاتووماریا دوای کەمێک تێڕامان پەنجەیەکی لەتابلۆکە نێزیککردەوە و وتی:

–ئەوەتا.. دەیبینم، ئەوە نامۆ و پیاوی قامچی بەدەستەکەیە لەگەڵ یەکدیدا دەجەنگن، ئەوە دیوارەکانی ژوورەکەیەتی، کە پێدەچێت نیوەی جەستەیان لە نێو دیوارەکەدا بە گیر هاتبێت.

دوای کەمێک بێدەنگیی ئەو بەردەوام لە تابلۆکەی دەڕوانی، وتی:

–هەرچەند لە دیمەنی ئەو جەنگە دەڕوانم ئازاردەچێژم، ئەو جەنگانەم بەبیر دێنێتەوە کەبەردەوام لەگەڵ ناخی خۆمدا هەبوون. کاتێک مرۆڤلەخۆیدا دەجەنگێت زۆر سەختە بتوانێت هەست بە چێژی ژیان بکات.

لەدوای ئەو قسانە خاتووماریا جارێکی تر ڕۆچووە تابلۆکەوە، منیش گەڕامەوە نێو ناخم، نێو ئەو جەنگەی ژیانم لەگەڵ پەریسادا هەمبوو. ئایا پەریسا دەتوانێت بەهاتنە ژیانەوە کۆتایی بەو جەنگە بێنێت و ئارامیی و ئاوەدانی بۆناخی وێرانم بگەڕێنێتەوە؟ یان بۆخۆیشی بەبێویستی خۆی هەموو تابلۆکان دەبنە چارەنووسی ئەو،  هەرلەسەرەتای لە دایکبوونیدا مەرگ گەمە بەژیانی دەکات؟!.

ئەوەندە لەخۆمدا ڕۆچووبووم بێئاگابووم لەوەی خاتوومالیا دووقاوەی گەرمی هێنابوو، بەدەم داگیرسانی جگەرەیەکەوە تابلۆکانی بۆلای دیوارەکە دوورخستەوە و هاتە نێزیکمەوە، بەدەنگێکی خەمناکەوە وتی:

-دوای ئەوەی چیرۆکی خەونەکانی (نامۆ) ت کردە تابلۆ، چیتکرد، توانیت نامۆ لەو دۆخە دژوارە قوتاربکەیت؟

مرۆڤ هەرگیز نازانێت چارەنووسی بەکوێ دەگات، کاتێک بەخۆی دەزانێت، ژیان گەمەی پێدەکات، دەشێت لەوگەمەیەدا خۆت لەناو خەونەکانتدا ببینیتەوە، یان پێچەوانەی ئەوە، بکەویتە دۆخێکەوە مەرگ بەهیوا بخوازیت. من بەو خەونانەی نامۆ ئازارم ئەچەشت، ئەو ماوەیەی جوامێر لەتورکیابوو بیرم لەوە کردەوە نامۆ لەو دۆخە دژوارە قوتاربکەم، ئەفسونی چوونە ناو دیوارەکان هەستێکی جیاوازیان لا دروستکردبووم، تامەزرۆی ئەوەم دەکرد، تەنها بۆجارێکیش بێت ئەزموونی بکەم، بۆخۆیشم نەمدەزانی نهێنی ئەوکارە لەچیدایە!.

ئایا (نامۆ) لەخەونەکانیدا بەناو دیوارەکانی ژوورەکەیدا ڕۆدەچێت، یان ئەوە ئەفسونێکە تەنها لەناو ماڵ و ژوورەکەی ئەودا بوونی هەیە!ڕۆژێک بیرم لەوە کردەوە تابلۆیەکی جوان، تابلۆیەک کەبوونی ژیانی تێدابێت لەسەر دیواری ژوورەکەی نامۆ بنەخشێنم تا

بتوانم لەڕێگەیەوە نامۆ بە چێژی ژیان ئاشنا بکەمەوە، سێ ڕۆژ بەسەر گەشتەکەی جوامێر بۆتورکیا تێپەڕیبوو، ژمارەیەکی نەناسراو پەیوەندی پێوەکردم، کەوەڵامم دایەوە (نامۆ) بوو، بەدەنگێکی غەمگینەوە وتی:

–ببورە ئەو ڕۆژە بەهۆی کێشەیەکی بچووکەوە پۆلیس بەندی کردم، ئەمڕۆ لە بەندیخانە ئازاد بووم، کوڕی قاوەخانەکە پێی وتم دەفتەرەکەم لای بەڕێزت پارێزراوە.

–بەڵێ ڕاستە، بەڵام من داوای لێبوردنت لێ دەکەم، لە بێئاگاییمدا لەگەڵ خۆم بردم.ئەتوانیت پێم بڵێی بۆچی پۆلیس بەندی کردبوویت.

–ببورە ئەوە پەیوەندی بەخۆمەوە هەیە، بەڵام زۆر دڵخۆشم بەوەی دەفتەرەکەم نەکەوتە دەست خەڵکی قاوەخانەکە!

–کەی لە قاوەخانەکە دەبیت؟

–من ئێستا لەوێم.

–ئێستا منیش دێم بۆلات و دەفتەرەکەت بۆ دەهێنمەوە.

–زۆر سوپاس چاوەڕێتم.

# تابلۆی گەڕانەوە
# بۆ سروشت

١

دیمەنی پایز، تەلیسمێکی جیاوازی هەیە، مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە بۆنێوخۆی، بۆناو جیهانێکی ئەفسوناوی، ئەو جیهانەی واتلێدەکات بەتەنێ بژیت وبەهەموو ناخی خۆتدا شۆڕببیتەوە و بەدوای شتگەلێکی ونبووی خۆتدا بگەڕێیت، کە لەساتەوەختەکانی ژیانتدا فەرامۆشت کردوون، دەتباتەوە بۆناو هەموو شوێنە تاریکەکانی ناخت و بەخۆت ئاشنادەکاتەوە. مرۆڤ کاتێک بەخۆی ئاشنا دەبێتەوە، هەموو ئەو یادەوەرییە بەئازارانەی لەگۆشە تاریکەکانی ناخیدا فەرامۆش کراون، دێنەوە گۆو دوبارە ئازاری ئەدەنەوە.

ئەو ڕۆژە پایز بۆمن وەرزی خەمەکانم بوو، بەدڵێکی تەنگەوە بەرەو قاوەخانەکە بەڕێکەوتم، بینینی نامۆ بۆمن هیوایەک بوو، کەناخی پڕلەئازارمی بۆ بکەمەوە، هەرچەند بیرم لەنامۆ دەکردەوە سیمای بەناخم ئاشنا بوو، وەکئەوەی پێشتر بینیبێتم، یان ناسیبێتم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆر جار ئەو مرۆڤانەی بەڕۆح و هەست لەیەکدی نێزیکن، کاتێک بۆیەکەمجار بەیەک دەگەن واهەست دەکەن زۆر لەمێژە یەکتری دەناسن.

لەنیگای چاوەکانی نامۆدا هەستم بە نێزیکی دەکرد لەڕۆحمەوە، هەربۆیە ئەو ڕۆژەی چوومە قاوەخانەکە، لەنیگای چاوە هەنگوینییەکانیدا ئەوەم بینی، ئەویش بەبینینم

گەشایەوە، من دڵنیابووم ئەو هەستەی بۆمن لەناو قووڵایی ناخییەوە بوو، کاتێک دانیشتین و خۆم پێ ناساند، هەستی بەبوونم دەکرد، بەزەردەخەنەیەکی شیرینەوە وتی»ناوم نامۆیە« دەفتەرەکەم لەجانتاکەم دەرهێناو خستمە سەر مێزەکە، نامۆ چاوێکی بەلاپەڕەکانیدا خشاندوو لەسەر مێزەکە دای نایەوە و کەمێک لێمی ڕوانی و وتی :

–دەفتەرەکەت خوێندەوە؟

–ببورە ئەوە دەڵێم.. بەڵێ، هەموویانم خوێندۆتەوە، چیرۆکی زۆر سەیری تیابوو، ئەڵێم تۆبۆچی خەونی ئاوا ناخۆش دەبینیت.

–نازانم بەڕێزتان چلۆن بیر لەژیان دەکەنەوە! لەوانەیە هەتا ئێستا بیرت لەخۆت نەکردبێتەوە و خۆت نەناسیبێت، مرۆڤ ئەو کاتەی خەونەکانی هەرەس دەهێنن، ئەو ساتە هەست بەمەرگی خۆی دەکات.. تۆ تائێستا خەونەکانت هەرەسیان هێناوە؟

–هەموو مرۆڤێک ڕابردوویەکی تاڵ و ناشرینی هەیە کەلێی پەژیوانە، بەڵام مەرج نییە ئەوە بەمەرگت ئاشنا بکات.

–بەبڕوای تۆ مەرگ چییە ؟ ها.. خەڵکیی تەنها مەرگ لەجەستەدا کۆدەکەنەوە، نازانن مەرگ لەنێو ڕۆح و هەستی مرۆڤدایە، کاتێک مرۆڤ لەدەربڕینی هەستەکانی ئازاد نەبوو، هەستی بە بوونی خۆی نەکرد، ئەوە بۆخۆی مەرگێکی هێواش و بەئازارە، زۆرێک لەمرۆڤەکان لەم شارەدا هەست بەوە ناکەن، بە هێواشی دەمرن.

–تۆ بۆچی ئاوا بیر دەکەیتەوە و هەست دەکەیت تەنها مرۆڤێکی زۆر جیاواز بیت لەم شارەدا؟.

–مرۆڤ کاتێک لەشارەکەی خۆیدا دڵی دەڕەنجێت، ئیتر هەست بەنامۆ بوونی خۆی دەکات، من دڵنیام زۆرێک هەیە لەم شارەدا وەک من هەست بەنامۆبوونی خۆیان دەکەن، هەست بەوە دەکەن، کەبە هێواشی دەمرن، بەڵام باسی ناکەن، هەندێکیان چیرۆکی مەرگی خۆیان لە شیعرێکدا یان لە چیرۆکێکدا دەنوسنەوە، هەندێکی تریان تەنها بەبێدەنگی لەگەڵ مەرگی خۆیاندا دەژین.

نامۆ بەشێوازێکی جیاواز ئـەدوا، جیاواز لەهەموو ئەو کەسانەی بەدوای وشەیەکدا دەگەڕێن، تا وێنەیەکی دروستکراوی جوان بۆخۆیان لەهەستی بەرامبەریاندا دروست بکەن، بەردەوام جگەرەی دەکێشا، لەگەڵ هەموو مژێکی قـووڵـدا لـەسـەمـای چـڕی دوکـەڵـی جگەرەکەی دەڕوانی، وەکئەوەی بییەوێت لەنێویدا تابلۆیەک بدۆزێتەوە گوزارشت لەهەستەکانی ناخی بکات. ویستم دوبارە پێی بڵێم «ئەو چەند ڕۆژە لەسەرچی بەندکرابوویت»، بەڵام لەو سەرەتای یەکتر ناسینەماندا ئەوپرسیارەم بەشیاو نەزانی، ئەوەی جێگەی سەرنجی من بوو ناوەکەی بوو، وتم:

–تۆ بەڕاستی ناوت (نامۆ) یە، یان ئەوە تەنها نازناوێکە بۆخۆت داتناوە؟

–دڵنیام دایکم بەخۆشەویستییەوە منی دروست نەکردووە، حەزی بەبوونم نەکردووە، بۆیە ئەو ناوەی لێناوم، دڵنیام ئەو دەیزانی من بەم ژیانە نامۆ دەبم.

لە سیماو گوتارەکانیدا هەستم بەتاریکیی ناخی دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە نامۆ بگەڕێنمەوە بۆخەونی ناو دیواری ماڵەکەی، ئەوەی لای من پرسیاربوو خەونەکانی بوو، ڕۆچوونی بووبەناو دیوارەکاندا، هەربۆیە بەپرسیارێک گەڕاندمەوە بۆ نێو جیهانە تایبەتییەکەی ناخی خۆی و وتم:

–تۆ بەڕاستی بەجەستە دەچیتە ناودیوارەکانەوە، یان ئەوە تەنیا لەهەستی ناخی خۆتەوە وێنای دەکەیت.

–دیوارەکان ئەفسونی خۆیان هەیە، دەبێت لە کۆد و زمانیان تێبگەیت، هەتا خۆت لەجەنجاڵیی ئەم ژیانە قێزەونە قوتاربکەیت کەمرۆڤەکان بەدەستی خۆیان دروستیان کردووە، مرۆڤ لێرە لەبری خۆشەویستی، ژەهر ڕۆدەکەنە ناخی یەکترییەوە، من دەمەوێت ئەو ژەهرە لەخۆمدا خاڵی بکەمەوە، لە دیوارەکانەوە، لەم ژیانە نەفرەتییە بڕوانم.بۆئەوەی خۆم بەدوور بگرم لەو وشانەی ئازارم ئەدەن.

–نامۆ پێم بڵێ، تۆ بەو ڕەفتارانەت توانیوتە ئەوە بکەیت کەئەتەوێت؟ ئایا توانیوتە خۆت لەو هەموو ئازارانە خاڵی بکەیتەوە؟ تۆ پێم بڵێ، منیش ئازارێکی زۆرم هەیە، کەئەم ژیانە پێی بەخشیوم، دەمەوێت خۆمیان لێ خاڵی بکەمەوە.

–سەناریا.. لێرە مرۆڤ بیر لەخۆی ناکاتەوە، گەورەترین کێشەی مرۆڤ لێرە ئەوەیە، کەناتوانێت شۆڕش بەسەر خۆیدا بکات، کاتێک ئەوەتکرد ئەوکات خۆت دەناسیت، خۆت لەهەموو ئازارو ژەهرێکی مرۆڤەکان خاڵی دەکەیتەوە.

دیاربوو نامۆ بەقسەکانی، هێدی هێدی بۆناو جیهانەکەی خۆی پەلکێشی دەکردم، ئارەزووی ئەوەم دەکرد وەک ئەو، هەموو ژیانم لەناو چواردیواری ژوورەکەمدا بەسەر ببردبا، نازانم نامۆ چلۆن بیری لەمن دەکردەوە، ئایا ئەو لەچاوەکانمەوە هەستی بە ئازاری ناخم کردبوو، یان ئەویش وەک من لەگەڵ ئازاری خۆیدا ئەتلایەوە و بەدووی کەلێنێکدا دەگەڕا تا خۆی تیا خاڵی بکاتەوە.

پڕبەدڵ ئارەزووی ئەوەم دەکرد، چی زووترە لەگەڵ نامۆ، ئەزموونی جیهانی ناو دیوارەکانی بکەم، لە قسەکانیدا بەدوای کەلێنێکدا دەگەڕام تاجێگەی هەستەکانی خۆمی تیا بکەمەوە، هەربۆیە وتم «نامۆ..ئێستا من لەنێو ئازارێکی زۆر سەختدا دەژیم، پێویستیم پێتە لەگەڵ خۆت گەشتێک بەناو دیوارەکاندا بکەم، دەمەوێت بۆتەنها ساتێکیش بێت لەم ژیانە قێزەونە بەدوور بم و بچمە شوێنێکەوە بۆنی خۆشەویستی و جوانی ژیانی تیابێت» نامۆ بە نیگایەکی پڕلە گومانەوە لێمی ڕوانی، بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە وتی «ئێستا هەست دەکەیت مەرگ گەمەت لەگەڵدا دەکات!» کاتێک ئەوەی وت، هەستمکرد

تەواو بەناخم ئاشنایە، درکی بەهەموو ئازارەکانی ناخم کردووە، بەتەواوی لە نێو دڵ و ڕۆحی مندا دەژی.

دڵنیابووم لەوەی ئەویش بەدووی ئەو خەونانەوە بوو، کە ماوەیەک ئومێدی من بوون، هەربۆیە بەهەستێکی سادەوە بەدەم داگیرسانی جگەرەیەکەوە پاکەتەکەی لێ نزیک کردمەوە، منیش جگەرەیەکم پێ کردوو هەردووکمان پێکەوە خۆمان لە نێو دوکەڵی جەگەرەکاندا ونکرد، وتم «مەرگ لێم ناگەڕێت دەمەوێت لەناو ئەفسونی دیوارەکاندا ژیان بدۆزمەوە و لەمەرگ هەڵبێم» چاوەکانی نامۆ بۆ دەرەوەی قاوەخانەکە دەیڕوانی، ئەو ماوەیەی لەیەکتریدا ڕۆچووبووین بێئاگابووین لەوەی زۆرێک لەو کچ و کوڕانەی ناو قاوەخانەکە بەردەوام تاوناتاوێک لەئێمەیان دەڕوانی، نازانم مرۆڤەکان بۆچی ئەوەندە ئارەزووی ئەوەدەکەن بەدوای ژیانی خەڵکی ترەوە بن؟ ئەو هەڵوێستەی ئەوان منی زیاتر لە بۆچوونەکانی نامۆ نێزیکتر کردەوە، نامۆ وتی «ماڵەکەم لە شوێنێکی زۆر دوورە شارە، کەی ئارەزوو دەکەیت من ئامادەم» بۆئەوەی ئەو پلانەی لەئەندێشەمدا بوو بەجێی بگەیەنم بڕیارمدا، بۆڕۆژی دواتر بەیەکەوە بچین بۆماڵەکەی و تابلۆیەکی تایبەتی بۆ بنەخشێنم.

ئەو ڕۆژە هەستێکی بەچێژ هەموو جەستەمی تەنییەوە، بۆ شەوەکەی لەخەیاڵی ئەوەدا بووم لەماڵەکەی نامۆ لەسەر دیواری ژوورەکانی چ تابلۆیەک بنەخشێنم، تا مانای ژیان و خۆشەویستیمان پێ ببەخشێت و بمان گەڕێنێتەوە بۆبوونی ڕاستەقینەی خۆمان.

## ٢

بۆ ڕۆژی دواتر هەندێک لەکەرەستەکانم وەک پەڕمووچی گەورەو بچوک و چەندین بۆیەم لەهەموو ڕەنگەکانم لەناو جانتایەکدا ئاژوو، پەیوەندیم بەنامۆوە کرد، لەقاوەخانەکە چاوەڕێم بکات و پێکەوە بچینە ماڵەوە ئەو ئەزموونە پێکەوە تاقیبکەینەوە، هەردووکمان پێکەوە بچینە خەونێکەوە، کە مانای ژیانی تیابێت. بۆخۆیشم نەمدەزانی تاچەند دەتوانم لەو کارەدا سەرکەوتوو دەبم، یان نا، بەڵام ئەوەی پاڵنەربوو لەناخمدا قوتارکردنی ئەو مرۆڤە بوو، کە بەدەست خۆیەوە گینگڵی ئەداو لەجەنگی نێو خۆیدا ئازاری ئەچەشت.

کە چوومە نێو قاوەخانەکەوە، نامۆ وەک هەموو ڕۆژانی تر لەگۆشەی قاوەخانەکە لەچاوەڕوانی مندابوو، هیچمان ئارەزووی خواردنەوەمان نەکرد، کاتێک چووینە دەرەوە کوڕی سەرکاژێرەکە، بەنیگایەکی پڕلە پرسیارەوە لێمانی دەڕوانی، کە سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووین بەنامۆم وت: «ماڵەکەت لە کوێیە؟»نامۆ وەکئەوەی تووشی لەبیرچوونەوە هاتبێت، کەمێک لە خۆی ڕاما، پاشان بەدەستی ڕاستی قژە درێژ و ئاڵۆزکاوەکەی بۆدوای سەری خۆی هەڵدایەوە و کەمێک لە پێشی خۆی ڕوانی و وتی «گەڕەکی هەژاران پێدەزانیت» هەرگیز ئەو ناوی گەڕەکەم لەم شارەدا نەبیستبوو، هەربۆیە نامۆ تاگەیشتینە ئێرە ڕێنمایی کردم،

کاتێک هاتمە ئەم ماڵەوە، هیچی تیا نەبوو، تەنها لەم ژوورەی پشتەوە ئەو کەنتۆرە کۆن و شکاوەیلێ بوو کەلەناو ئەوخانەیەدا کەدەرگای پێوە نەمابوو چەند کتێبێکی تیابوو، لەگەڵ ڕاخەرێک، کەلە زۆر جێگەوە شی ببۆوە و ڕیشاڵەکانی بەدەرکەوتبوون، لەم ژوورەی پێشەوە، تەنها ڕاخەرێک و مێزێکی تەلەفزیۆنی تیابوو.

کاتێک هاتمە ژوورەوە، سەرەتا ترسێک ناخمی داگیر کرد، لەسەر دیواری ژوورەکەی پشتەوە، وێنەی دایکیم بینی، کە نامۆ بە چەقۆی میوەکە هەڵیکوڵیبوو، لەگەڵ ئەو گوریسەی نامۆ بە بنمیچی ژوورەکەوە هەڵیواسیبوو، هەر لە شوێنی خۆی مابوو، نامۆ زۆر بەئاسایی و هێمنی ڕەفتاری دەکرد، داوام لێکرد ئەو گوریسەی، کە وەک پەتی سێدارە هەڵیواسیبوو بەناوەڕاستی بنمیچی ژوورەکەدا شۆڕببۆوە لێی بکاتەوە، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو، وتی «لێگەڕێ با لە شوێنی خۆی بێت، دڵنیابە هەموو یەکێک لە ئێمە ڕۆژێک پێویستیمان پێی دەبێت» ئەو قسانەی دەرونی تەواو گرژ کردم، لەگەڵ ئەوەشدا ئومێدی ئەوەم هەبوو بتوانم نامۆ لەو دۆخە دەرونییە قوتار بکەم، ئەو کە بەرەو چێشتخانەکەی دەرەوە چووە من چاوێکم بەژوورەکەیدا گێڕا، بەدوای شوێنێکی گونجاودا دەگەڕام تا تابلۆیەکی تایبەتی تیا بکێشم.

بەتەنیشت ئەو دیوارەی نامۆ بەچەقۆ وێنەی دایکی و پەتی سێدارەکەی لەسەر هەڵکوڵیبوو، شوێنێکی

گونجاوم دۆزییەوە، کەرەستەکانم لەبەردەم دیوارەکە دانـا، سـەرەتـا بـە پـەڕمـوچـە گـەورەکـە ڕووبـەرێکی فراوانم بە بۆیەی شین ڕەنگ کرد، لەو کاتەدا نامۆ دووکـوپ چایی بـەدەسـتـەوە بـوو، کەهاتە ژوورەوە لەدیمەنی دیوارەکەی ڕوانی و وتی «دەتەوێت تابلۆی چی بکێشیت؟» لەو کاتەدا لەسەر پالێتەکەی دەستم سەرقاڵی ڕۆکردنی ڕەنگەکان بووم، مەبەستم نەبوو ئەوەی لەبیرمدایە ڕاستەو خۆ پێی بڵێم، لەبەر خۆمەوە وتم «تۆ دانیشە چاوەڕێبکە تا من لەکارەکەم دەبمەوە» نامۆ بەبێئەوەی پرسیارێکی تر بکاتەوە کوپە چاییەکانی لەسەر ڕاخەرەکە داناو بەرامبەرم دانیشت، منیش بەدەم خواردنەوەی چاییەکەوە دەستم بەکێشانی تابلۆیەکی سروشت کرد.

لەسەر دیوارەکە وێنەی دارستانێکی سەوزم کێشا، کەچەندین داری هەمە جۆری تێدابوو لەبەردەمیدا وێنەی دەریایەکم کێشا کەشەپۆلەکانی کەفو کوڵێکی سپی لەکەنارەکانیدا دروستکردبوو، ئەگەر لەدوورەوە لێت بڕوانیبا، واهەستت دەکرد لەنێو چڕی دارستانەکەوە لەدیمەنی دەریاکەت دەڕوانی.

خاتووماریا وتی «ئەو تابلۆیە تائێستا لەم ماڵەدا هەرماوە» بۆئەوەی جێگەی تابلۆکەی نیشان بدەم بەهێمنی لە شوێنی خۆم هەڵسام و بەرەو ژوورەکەی دواوە ڕۆیشتم، بەهێمنی بەدوامدا هات، کاتێک چوینە ژوورەوە

خاتووماریا وتی « کوا.. خۆلەسەر دیوارەکە تابلۆکەی لێ نییە!» بەرەو تەنیشتی دەرگاکە چووم و ئەو پارچەخامەی دیمەنی تابلۆکەم پێ داپۆشیبوو لێم کـردەوە، کاتێک تابلۆکەی بینی، کەمێک بەوردی لێی ڕوانیو وتی «بۆچی تابلۆکەت داپۆشیوە» من وەڵامـم نـەدایـەوە، گەڕامەوە بۆژوورەکەی پێشەوە و دانیشتم، خاتووماریا، گرنگی بە وەڵامی پرسیارەکەی نـەدا، کاتێک هاتە لامـەوە دانیشت وتی «ئێ.. دوای ئەوە چی ڕویدا؟» کەمێک بەناخی خۆمدا چوومەوە، نازانم بۆچی ئەوەندە دڵم توند بوو، هەستمکرد چاوەکانم تەڕببوون، گریانێک گەرووەمی توند کردبوو، هەناسەیەکی قووڵم بە ئازارەوە هەڵکێشاو وتم:

لـەدوای چەند خولەکێک تابلۆکەم تـەواو کرد، نامۆ بەخەندەیەکی گاڵتە جاڕییەوە لەدیمەنی تابلۆکەمی دەڕوانی، وتم «بۆچی پێدەکەنیت» ئەو وەڵامی نەدامەوە، تەنها شانێکی هەڵتەکاندو خەندەی لێوەکانی بزر کرد، چوومە تەنیشتی نامۆ وە، لەدوورەوە لەتابلۆکەم ڕوانی بۆئـەوەی نـەوەک لەشوێنێکدا شتێکم لەیاد کردبێت، بەنامۆم وت «ئێستا پێم بڵێ چلۆن دەتوانین بچینە نێو ئەو تابلۆیەوە» نامۆ بە نیگایەکی پڕلە پرسیارەوە لێی ڕوانیم، دواتر لەکەنتۆرەکەدا زەرفێکی نایلۆنی بچووکی دەرهێنا، کەچەند حەبێکی بچووکی ڕەنگ سپی تێدابوو، لەگەڵیدا قاپێک ئارەق و پەرداخێکی هێنا و لەبەردەممدا داینا، بەبێئەوەی هیچ شتێک بڵێت بەرەو ناندینەکە ڕۆیشت،

دوای چەند خولەکێک گەڕایەوە بوتڵێک ئاوو پەرداخێکی تری هێناو لەنێوانماندا دایناو وتی «بۆئەوەی بچینە نێو دیوارەکەوە پێویستە لەگەڵ من پێکێک بخۆیتەوە» ئەو ڕەفتارەی نامۆ ترسێکی لەناخمدا دروستکرد، گومانم لەوە هەبوو لەم ماڵە چۆڵە دا لەگەڵ کەسێکدا کە هێشتا بەتەواوی نایناسم چلۆن بتوانم پێکێک عارەق بخۆمەوە.

نامۆ هەستی بەسیما ترساوەکەم کردبوو، هەربۆیە پێی وتم «مەترسە هیچت بەسەر نایەت، تەنها چەند کاژێرێکمان پێدەچێت، ئەگەر دەتەوێت لەگەڵ من بچیتە دیوارەکانەوە و پیاوی قامچی بەدەستەکە ببینیت، ئەوا پێویستە ئەو کارە بکەیت» کاتێک ناوی پیاوی قامچی بەدەستەکەی هێنا، هەستێک لەناخمدا بۆ بینینی دروست بوو، هەربۆیە بە گومانێکەوە ڕەزامەندیم نیشاندا.

نامۆ هەردوو پەرداخەکەی لەئارەق نیوە کرد، پاشان تالێواری پەرداخەکە ئاوی تێکرد، ڕەنگی ئەو ئارەقەی کەوەک ئاو وابوو گۆڕا بۆ ڕەنگێکی شیریی کاڵ، پاشان دووحەبی لەنێو زەرفەکە دەرهێناو هەر پەرداخێکحەبێکی تێکرد و بەو کەوچکەی لەناو پەرداخی چاییەکەدابوو هەردووکیانی تێک هەڵدا تابەتەواوی دەنکەکان توانەوە، وتی «هەوڵبدە بۆنی ئارەقەکە نەکەیت نەکا دڵت تێک بچێت، ئەگەر دەتوانیت بەجارێک یان دووجار هەمووی بخۆیتەوە»پەرداخەکەی بەدەستییەوە گرتبوو لەچاوەڕوانی مندابوو لەگەڵیدا بیخۆمەوە، منیشبەهەمان شێوەی ئەو بەدووجار هەموو ئارەقەکەم خواردەوە.

کاتێک دەمم لەپەرداخەکە دوورخستەوە، چێژێکی ناخۆش تەزوویەکی بەجەستەمدا هێنا، لەو ساتەدا خەریکبوو گەدەم دەهاتە دەرەوە، نامۆ لەدوای خواردنەوەی پەرداخەکە وتی «هەوڵبدە تامی ئارەقەکە فەرامۆش بکەیت بۆئەوەی گەدەت تێک نەچێت» من لەو ساتەدا هەموو هەستەکانم لەوەداکۆبوو چی ڕووئەدات، چیم بەسەر دێت؟ یان لەدوای خواردنەوەی ئەو ئارەقە بەو حەبەوە دەبێت چ ئەفسونێک ڕووبدات، ترسی ئەوەم هەبوو پیاوی قامچی بەدەستەکە لەدوامانەوە ئامبازمان بێت و هەموو جەستەمان شین و مۆر بکاتەوە. گوێم لەدەنگی نامۆ بوو وتی «وەرە با ڕووبکەینە ئەو تابلۆیەی کە کێشاوتە، بزانین لەنێویدا چی ڕوئەدات».

هەردووکمان بەتەنیشتی یەکەوە دانیشتبووین لەدیمەنی ئەو تابلۆیەمان دەڕوانی، کە دروستمکردبوو، پاش چەند خولە کێک هەستمکرد تەزوویەک لەسەرمەوە دروست بوو، هەموو جەستەمی تەنییەوە، هەستم بەسڕبوونی سەرم دەکرد، وێنەی تابلۆکە لەپێش چاوەکانمدا بەهەموو لایەکدا دەجولا، لەکەشتییەک دەچوو لە قووڵایی دەریادا بەدەم شەپۆلەوە خۆی ڕاژەنێت، دیمەنی نیوە تاریکی ژوورەکە زیاتر بینایيمی تەڵخ کردبوو، تابلۆکە لەپێش چاوەکانم بەردەوام دەهاتوو دەچوو، تاوای لێهات دیمەنی تابلۆکە لەپێش چاومدا ئەوەندە گەورەبوو هەموو بینایيمی گرتەوە.

## ٣

لەناو چڕی دارستانەکەدا بەتەنێ بەئاراستەی دەریاکە دەڕۆشتم، بۆنو بەرامەی ئەو دارسنەوبەرانەی، کە کێشابووم تێکەڵ بەبۆنی ئەو گوڵانەی، کەلە دامێنی درەختەکاندا بوون لوتیان پڕکردبووم. بۆخۆیشم نەمدەزانی بۆچی بەرەو ئاراستەی دەریاکە دەڕۆم، تەنها هەستێک لەقووڵایی دڵمدا پەلکێشی دەکردم، لەوێدا من خۆم نەبووم کەهەمیشە ترس ناخی داگیر کردبووم، دەرونم تەواو واڵابوو، لەناخمدا هەستم بە ئازادی خۆم دەکرد، ئارەزووی ئەوەم دەکرد وەک منداڵێک لەناو ئەو دارستانەدا ڕەفتارم بکردبا، کاتێک نێزیکی دەریاکە بوومەوە نامۆ لەناکاوێکدا هاتە تەنیشتمەوە و دەستی ڕاستی گرتم وتی «ئاگادرای خۆتبە نەکا پیاوی قامچی بەدەستەکە لەم ناوەدا بەدوامانەوە بێت».

لەسیمای نامۆدا ئەو ترسەم دەبینی، کە پیاوی قامچی بەدەستەکە لەناخیدا دروستی کردبوو، ئاوڕێکم بۆچواردەوری خۆم دایەوە، جگە لەخۆمان هیچ مرۆڤێکم لەو ناوەدا نەبینی، هەتاچاو بڕی بکردبا لەکەناری دەریاکەوە دارستانی چڕ درێژەی هەبوو، لەدامێنی هەموو دارەکاندا چەندین گوڵی هەمەجۆرو ڕەنگاو ڕەنگ ئەو ناوەیان بەبۆن و بەرامەی خۆیان پڕکردبوو، سەیرێکی نامۆم کردو وتم «ئێرە خەونەکانی

منە، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووم ڕۆژێک پێی ئاشنابم دڵنیابە پیاوە قامچی بەدەستەکە هەرگیز ناتوانێت پەی بەناخمان بەرێت و دزە بکاتە ئەندێشەکانمانەوە» کاتێک ئەوەم بە نامۆ وت، سیما ترساوەکەی ئارام بۆوە و بەدڵێکی پڕلە ئومێدەوە وتی «لەمنداڵیدا زۆرێک لەو خەونانەم دەبینی منیش وەک تۆ ئارەزووی ئەوەم دەکرد لە دارستانێکی وەها دا بەویستی دڵی خۆم گەمەبکەم، دوورلە هەموو ئەوانەی ڕۆژانە بەتانەو تەشەرەکانیان ئازارمان ئەدەن و ڕێگریمان لێدەکەن بەخەونەکانمان ئاشنا بین».

دەنگی جریوەی ئەو چۆلەکانەی لەناو چڕیی گەڵای دەرەختەکانەوە دەهاتن و گەمەیان دەکرد ئاوازێکی ئەفسوناوی بە گوێکانمان دەبەخشی، هەردووکمان لەجوانی ئەو سروشتە دڵڕفێنەدا تەواو ڕۆ چوو بووین، لەوێدا ئێمە وێنای ڕاستەقینەی خۆمان بووین، هیچ دەمامکێک بەڕومانەوە نەبوو، نازانم تەلیسمی ئەو دەنکە حەبە چی بوو وای لێکردبووین بەئازادی ئەدواین و بە ئازادی ڕەفتارمان دەکرد.

نامۆ بە دیمەنی ئەو سروشتە تەواو ئارام و دڵخۆش دیاربوو، لەناکاوێکدا هەموو پۆشاکەکەی لەبەری داماڵی و خۆی تەواو ڕووتکردەوە و دەستەکانی بۆئاسمانی ساماڵی ئەو سروشتە بڵند کرد و بە هێمنی بەرەو دەریاکە چوو، منیش بە بێئەوەی بیر لەهیچ شتێک

بکەمەوە بەوێنەی ئەو خۆم تەواو ڕوتکردەوە و بەدوایدا خۆم کردەناو دەریاکەوە، کە شەپۆلەکانی گەمەی لەگەڵدا دەکردین. ئێمە لەناو دەریاکەدا بووین، لەگەڵ هاتنی شەپۆلە بڵندەکاندا پڕ بە دڵ و دەرونمان هاوارمان دەکردو یەکتریمان لەئامێز دەگرت، کاتێک شەپۆلەکان ئێمەیان لەخۆیدا ون دەکرد بەتاسەوە بەدووی یەکتریدا دەگەڕاین، ماوەیەک لەگەڵ شەپۆلەکاندا گەمەمان کرد، جەستە و دەرونمان بەئاوی ساردی دەریاکە تەواو شتەوە، ئەوەندە دەرونمان خاڵی بوو، هەستمان بەزمانی درەختەکان دەکرد، لەزمانی چۆلەکەکان تێدەگەیشتین، کە بۆلای خۆیان بانگیان دەکرین.

نامۆ دەستی چەپی گرتم و بەرەو کەناری دەریاکە بەدوای خۆیدا ڕایکێشام، کاتێک گەیشتینە دارستانەکە نامۆ بە نیگایەکی شیرین و پڕلە خۆشەویستییەوە لێمی دەڕوانی، لەوساتەدا نازانم چلۆن گەڕامەوە بۆئەو هەستەی منداڵیم لەگەڵ نامۆ، لەکۆڵانەکەی خۆمان ئارەزووی گەمەی خۆشاردنەوەمان دەکرد، نامۆ پێی دەوتم «لە پێشا تۆ خۆت بشارەوە منیش بەدووتا دەگەڕێم، ئەگەر دۆزیمیتەوە ئەوا من ماچت دەکەم، ئەگەر تۆ بەدزی منەوە دەستت لەو دیوارە دا کە وێنەی هەردوکمانی لەسەر دروستکراوە ئەوا تۆ ماچم بکە».

نامۆ لێم هاتە پێشەوە بۆئەوەی لەئامێزم بگرێت، منیش بەپێی پەتی بەرەو قووڵایی دارستانەکە هەڵهاتم،

ئەو بــەردەوام بــەڕاکــردن بــەدوامــەوە بوو تاگەیشتینە زەوییەکی فـراوان، کەبە پانتایی خۆی چیمەنی سەوز دایپۆشیبوو، پەلی ئەو درەختە بەرزانەی کەبۆ ئاسمان بڵند بوون سێبەرێکی دڵڕفێنی بۆ ئەوناوە دروستکردبوو، ئــارەزووی ئــەوەم دەکــرد لــەو شــوێنــەدا لــەســەر ئەو سەوزە گیایەدا پشویەکم بدایە. کە ئەو گەیشتە لام من لەسەرئەوگیایەی کە وەک ڕاخەرێکی پان و بەرین ئەو ناوەی لەخۆیدا سەوزپۆش کردبوو بەپشتا ڕاکشابووم، ئەویش بە هێمنی و بەدەم هەناسە بڕکێوە هاتە لامەوە و لەتەنیشتمەوە ڕاکشا، هەردووکمان چاوەکانمان لەگەڵاو پەلی ئەو درەختانە بـوو، کەشنەبایەکی فێنک گەمەی پێدەکردن، نامۆ وتی «دەزانیت ئێرە تەواو بەو بەهەشتە دەچێت کەبە منداڵی دایکمان بـۆی دەگێڕاینەوە»ئەو هەستەی ئەو تەواو لەناو دڵ و دەرونی مندا بوونی هەبوو، هەستمکرد ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ کاتی منداڵیی خۆمان، هەردوکمان ڕۆحێک بوین لەنێو دووجەستەی جودادا، وتم «مـرۆڤ کاتێک ناخی لە ئازارەکانی ژیـان خاڵی دەبێتەوە ئەو کاتە هەست بە بوونی جوانی ئەو بەهەشتە دەکات کەبەمنداڵی باسمان دەکرد» نامۆ ئاوڕێکی بۆلای مندایەوە و وتی «ئێستا تۆش هەست بە بوونی بەهەشت دەکەیت؟» بەخەندەیەکی پڕلە خۆشەویستییەوە وەڵامم دایەوە و وتم «مرۆڤەکان بۆخۆیان دەتوانن بەهەشت لە ناخی یەکدیدا دروست بکەن!».

نامۆ جەستەڕوتەکەی بۆلای من وەرگێڕاو بەدەستی ڕاستی پرچە تەڕەکەمی شانە دەکردوو بەردەوام چاوە پڕلە حەزەکانی لەقوولایی چاوانم بڕیبوو، هێدی هێدی خۆی لێم نێزیک دەکردەوە، تائەو ئاستەی هەناسەی یەکتریمان دەخـواردەوە، وتی «باپێکەوە بەهەشتێک لەناخی یەکدیدا بخولقێنین»من ناخم تەواو هەژابوو، هیچ شتێک نەبوو ڕێگربێت لەبەردەم ئەو هەستە پڕلە چێژەدا، کە هەموو جەستەمی تەنیبوو، لەگەڵ بەرکەوتنی جەستەمان بەیەکدی نامۆ بەماچێکی لێوەکانم هەموو جەستەمی خرۆشاند، لەو ساتەدا ئـارەزووی ئەوەم دەکرد جەستەمان لەنێو یەکتریدا بتوێتەوە، هەربۆیە بەتوندی لەئامێزم گرت، ئەو بەردەوام بەدەم ماچکردنی هەموو جەستەمەوە ختوکەی ڕۆحمی ئەدا و زێدەتر لەخۆیدا نوقمی دەکردم، ناخم وەک گوڵێکی تینوو بۆئاو لەگەڵ هەموو ماچێکدا دەگەشایەوە.

هـەردوکـمـان لـەچـێـژی جـەسـتـەی یـەکـتـریـدا ڕۆچووبووین، نامۆ بەدم مژینی مەمکم چوکی لەنێو لەشم نا، چێژێکی ئەفسوناوی ئاهێکی بە گەرووم بەخشی، ئەو بەردەوام بەهەموو هێزی جەستەیەوە تەکانی لێئەدام، منیش لەگەڵ ئـەو چـێـژەدا، پڕبە ناخم هـاوارم ئـەکـردوو زێـدەتـر ئـەوم لەئامێزی خۆمدا دەشاردەوە، نامۆ هێندە لە چێژی جەستەمدا ڕۆچـوو بـوو، بێئاگابوو لـەوەی چلۆن ڕەفـتـاری

دەکـرد، بەدەستە بەهێزەکانی توند مەمکەکانمی هەڵدەگلۆفی، زۆرجار بەدەم ماچکردنی گەردن و لاملمەوە گازێکی ئەوەندە توندی لێدەگرتم زیدەتر بـەرەو لوتکەی چێژی دەبـردم، دواتـر تـاوی دایە جەستەم و بەدەما خستمی پاشان هەردوو دەستی لەکەمەرم ناو لەسەر ئەژنۆ وەک ئاژەڵێکی چوارپەل لەنگەری بەجەستەم دا و لە دواوە دوبارە چوکە ڕەپـەکـەی لەناو لەشم نـایـەوە و بەهەموو هێزی تەکانی لێئەدام، ئەوەندە لەخۆی چووبوو بەهەموو هێزی زللەی لەکەفەڵە گۆشتنەکەم ئەدا، منیش بەدەم گەیشتن بەلوتکەی چێژەوە زیدەتر کەمەرم نەوی دەکرد و لەخۆمدا مەست دەبووم، کاتێک چێژێکی ئەفسوناوی جەستەی هەردووکمانی تەنییەوە ئەو بــەدەم هــاوارو ئاهو نـاڵـەوە لـەنـاو چێژی خۆیدا نغرۆبوو، لەوساتەدا گازێکی لەپشتی ملم گرت و چێژێکی تیکەڵ بەئازاری بەجەستەی من بەخشی، دواجـار بـەدەم دامرکاندنەوەی ناخیەوە لـەدواوە خۆی بەسەر جەستەمدا شۆڕکردەوە.

ئێمە تاماوەیەکی زۆر لەو دۆخە پڕلە چێژەدا ماینەوە، من ئارەزووی ئەوەم نەدەکرد نامۆ لەسەرم هەڵبستایە، بەڵام ئەو وەکئەوەی گوێبیستی دەنگێک بێت بەڕاکردن بەرەو لای پۆشاکەکەی هەڵهات، منیش بەدوایدا چووم،

هـەردووکـمـان و پۆشاکەکانمان کـۆکـردەوە و لەبن هەنگڵمان نا. نامۆ بەناو دارستانەکەدا دەگەڕا وەکئەوەی کەسێکی ڕەچاوکردبێت، بەوردی لەناو چڕیی دارەکانی دەڕوانی.

ئەو ڕەفتارەی نامۆ گومانێکی لەدڵمدا دروستکرد، وتم «بەدوای چیدا دەگەڕێیت» بەتۆنێک کەترسێکم تیا دەبینی وتی «هەستدەکەم پیاوی قامچی بەدەستەکە چاودێریمان دەکات» بەخەندەیەکەوە وتم «لەتابلۆکەدا هیچ کەسێکم وێنا نەکردووە، ئیتر بۆچی ئەترسیت» ئەو قسانەم ئارامییەکی بە دەرونی نامۆ بەخشییەوە، هاتە نێزیکمەوە و مەچەکی گرتم و بۆلای قەدی دارێکی بڵند بردمی وتی «با هەردووکمان لەتەنیشتی ئەم دارەوە بەئارامیی بخەوین» پۆشاکەکانمان لەبەر کـردەوە و لەتەنیشتی یەکترییەوە بە پشتا ڕاکشاین و لەگەڵ ئاوازی جریوەی چۆلەکەکانی نێو دارەکاندا ڕۆچووینە خەونێکی ئارام و قووڵەوە، کاتێک بەئاگا هاتمەوەنامۆ لـەخـەوێـکـی قـووڵـدا بـوو، کـات نێزیکی «شــەش»ی ئێوارەبوو، سەرم هێشتا سڕو قورس بوو، نەمدەزانی ئەوەی بینیم ڕاست بوو یان تەنها خەونێک بوو وەک هەموو خەونەکانی نامۆ، بەپەلە شتەکانم کۆکردەوە و بەرەوماڵەوە گەڕامەوە.

## ٤

ئـەو ڕۆژە تـا درەنـگـانـێـک سـەرم قـورس بـوو، دیمەنەکانی تابلۆکە لەپێش چاومدا سەمایان دەکرد، هەتا بە ئۆتۆمبێلەکەم گەڕامەوە بۆماڵەوە، چەند جارێک خەریکبوو خۆم بەکەناری شەقامەکاندا بـدەم، چەند جارێک ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەرەو ڕووم دەهاتن بەهۆڕنێک لـەوە ئاگاداریان دەکردمـەوە تا بگەڕێمەوە بۆڕێڕەوی شەقامەکەی خۆم.

ئای ئەوە چی بوو خاتووماریا؟ بۆخۆیشم نەمدەزانی چیم بەسەر هاتبوو ئەندێشەم بـەردەوام لەناو چێژی پڕئەفسونی دیمەنی دارستانەکەدا بوو، چەندین جار ئەو دیمەنە دەهاتەوە پێش چاووم، لەگەڵ ئەو دۆخەدا چێژێکی سەیر هەموو جەستەمی تەنیبوو ئارەزووی ئەوەم دەکرد بـەردەوام لـەودۆخـەدا بژیابام، هەستێک بوو دڵنیابووم لەوەی کەهەموو مرۆڤێک ناتوانێت پەی پێبەرێت، لەو کاتەدا هەمووناخم خاڵی بوولە ئازارو ڕەفتارەکانی جوامێر.

ئـەو ڕۆژە بۆ من ڕۆژێکی تایبەت بـوو لەژیانمدا، کاتێک گەیشتمە ماڵەوە بەردەوام ئەو ساتانە دەهاتەوە پێش چـاوم، کەلەگەڵ نامۆدا لەئامێزی یەکتریدا بووین، نـەمـدەزانـی ئـەوە چ خـەونێک بـوو، چلۆن ڕویـدا! تەنها ئەوەندە نەبێت خواردنەوەی ئەو پەرداخە لەئارەق، لەگەڵ ئەو حەبەدا من و نامۆی خستە ژیانێکی ئەفسوناوییەوە. تا درەنگانێک لەماڵەوە من لەگەڵ چێژو خۆشبەختی خۆمدا

دەژیام، بەردەوام دیمەنی نامۆ لەپێش چاوەکانمدا دەهاتوو دەچوو، دڵنیابووم لەوەی نامۆ هەمان هەست و چێژی من لە دەرونیدا بوونی هەبێت، هەستمدەکرد هەردووکمان بەخەیاڵ لەگەڵ یەکتری ئەدوێین و یەکتری لەئامێز دەگرین، ئەوە جوانترین و پڕماناترین مانای ژیان بوو کەمن هەستم پێکرد.

خاتووماریا بەچێژەوە گوێی بۆقسەکانم ڕاگرتبوو، بەردەوام بە خەندەیەکی سەیرەوە لە قووڵایی چاوەکانمی دەڕوانی کاتێک من بەئەندێشەی ئەو ڕۆژانەوە لەخۆمدا ڕۆچووم، بەپرسیارێک بەخۆی هێنامەوە و وتی «بەبڕوای تۆ ئەوەی لە نێوان تۆو نامۆدا ڕویدا خەون بوو یان ڕاستی» لەهەوڵی ئەوەدا بووم سەرنجەکانی بخوێنمەوە، نەمدەزانی ئەو چلۆن لەخودی خۆیدا وێنای ئەو ڕوداوە دەکات. سەرێکم بەگوومانەوە بۆڕاوەشاندوو وتم «هەتا ئێستاش نازانم ئەوە چلۆن ڕویدا، ئێستاش واهەستدەکەم ئەوە خەونێک بێت، وەک هەموو خەونەکانی نامۆ، کەچلۆن لەگەڵ پیاوی قامچی بەدەستەکەدا دەجەنگا».

ئەوەی منی دڵخۆش کردبوو قوتاربوونی نامۆ بوو لەو خەونە ناخۆشانەی کەهەموو ژیانی داگیر کردبوو، نامۆ لەدوای ئەو ڕۆژە مرۆڤێکی تر بوو، وەک ڕۆژانی تر باسی جەنگی خۆیی و ژیانی ناو دیوارەکانی نەکرد، بۆشەوەکەی کەبەخۆم هاتمەوە هەستم بە دەرونێکی ئارام کرد هەرگیز ئارەزووی ئەوەم نەئەکرد پەیوەندی بە جوامێرەوە بکەم، ئەو شەوە بەئارامیی ڕۆچوومە خەونێکی قووڵەوە، هەتا

سپێدە درەنگ بەئاگا نەهاتمەوە، کاتێک دوای نیوەڕۆ چووم بۆقوتابخانە بەردەوام لە خۆمدا دەژیام، واهەستمدەکرد تەنها بەجەستە لەگەڵ خوێندکارەکانمدا دەژیم.

ئەو هەستە وای لێکردم داوا لەخوێندکارەکانم بکەم هەریەکەو لەلای خۆیەوە لە دەفتەری وێنەکانیاندا وێنەی بەهەشت دروست بکەن، هەموویان لەهەستی منداڵیی خۆیانەوە وێنەی دارو درەخت و ئاژەڵ و ڕوبار یان کێشابوو، هەندێکیان لە وێنەکانیاندا وێنەی دایکی خۆیان لەناو ئەو بەهەشتەی خەیاڵی خۆیاندا کێشابوو.

هێشتا کارم لەقوتابخانەکەم تەواو نەبوو، نامۆ زەنگێکی بۆکردم و پێی وتم «دوێنێ بەهۆی تۆوە من خۆم دۆزییەوە، هەستم بە ژیانکرد، تکا دەکەم سبەی ئەگەر توانیت با جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆناو ئەو دارستانەی وێنات کردبوو» تەنها ئەو نەبوو ئارەزووی گەڕانەوەی بۆئەو سروشتە جوان و دڵڕفێنە هەبێت، بەڵکو منیش بەوێنەی ئەو تامەزرۆی ئەوە بووم هەموو ژیانم بەردەوام لەو سروشتەدا بەسەر ببردایە، هەربۆیە بەڵێنی ئەوەم پێدا کە بۆڕۆژی دواتر پێکەوە جارێکی تر ئەو گەشتەمان لەناو دیوارەکان بۆ سروشت دوبارە بکەینەوە. بەڵام ئەمجارەیان وێنەی سەر دیوارەکەم وەک جاری پێشوو نەبوو، پێشئەوەی تابلۆکە لەسەر دیوارەکە بکێشم، هەردووکمان پێکەوە بیرمان لەشوێنێک دەکردەوە، کە دڵمان ئارەزووی دەکرد.

هەرڕۆژە و تابلۆیەکم دروست دەکرد، ڕۆژێک نامۆ وتی «وەرە با ئەمڕۆ بچینە ناو ژیانی ئاژەڵە جوانەکانەوە، ئەوانەی کە هەمیشە دەیانەوێت بەئارامیی و ئاشتی بژین، دوورن لەهەموو ئەو دڕندانەی بەردەوام ترسی مەرگ و ژیان لەناخیاندا دروست دەکەن» ئەو ڕۆژە من تابلۆیەکی جیاوازم لەسەر دیوارەکە دروستکرد، وێنەی دەشتێکی فراوانم کێشا، کە هەتا چاو بڕی بکردبایە دارو گوڵ و سەوزایی بوو، لەنێزیکی ئەو پانتاییەوە زنجیرە شاخێکم دروستکرد، کە داری سنەو بەرو بەڕوو شاخەکەیان داپۆشیبوو، کاتێک چووینە تابلۆکەوە نامۆ بەهەستێکی پڕلە خۆشەویستییەوە لەگەڵ ئەو باڵندانەی لەسەر لقی دارو درەختەکان دەنیشتنەوە گەمەی دەکرد، بەدوای ئەو ئاسکە کێویانەدا ڕایدەکرد، کە بەهەنگاوێک خۆیان لەنێو چڕی دارەکاندا ون دەکرد.

ئێمە تا درەنگانێک لەناو ئەو دارستانەدا ماینەوە، بەردەوام تاوێک یەکتریمان لەئامێز دەگرت و لەنێو یەکدیدا ڕۆ دەچووین، تاوێک خۆمان دەئاژووە ناو ئەو دەریاچەیەی، کەلەکەناری دارستانەکەدا دروستمکردبوو، مەلەمان دەکردوو دەگەڕاینەوە نێو دارەکان و چەند سێوێکمان لەدارەکان دەکردەوە و بەیەکەوە دەمانخوارد.

ئای خاتووماریا ئەو ڕۆژانە چەند جوان و شیرین بوون، تائەو کاتەی جوامێر لە تورکیا گەڕایەوە، ئێمە چەند ڕۆژێک لەناوبەهەشتی تابلۆکاندا دەژیان، بەتەنێ هەرخۆمان بووین، دوور لەهەموو ئازارێکی ژیان، دوور

لەمرۆڤایەتی و ئەو قسانەی وەک تیرێک لە نێو دڵمان دەچەقین و ژیانی لا تاڵ دەکردین.

ئێمە بۆخۆمان بە هەشتێکمان دروستکردبوو، کە هیچ کەسێک هەستی پێنەکردبوو، هەمیشە ئارەزووی ئەوەم دەکرد جوامێر بۆهەتا هەتایە نەگەڕابایەتەوە، بەڵام کاتێک گەڕایەوە ئیتر ئەو خەونانە بۆمن ئەستەم بوون، من گەڕامەوە ئەو ژیانەی کە هەمیشە ئازارم تیا ئەچەشت. کاتێک سیمای جوامێرم دەبینی هەموو ئەو ئازارانەم بیر دەهاتەوە کەبۆنی داوێن پیسییان لێدەهات، هەستمدەکرد بەندکراوێک بم و لەو بنکەیەدام کەجوامێر کاری تیا دەکرد، ئەویش ڕۆژانە بەنیگا تۆقێنەرەکانی ناچارم دەکات هەیموو نهێنیەیەکانی ناخم بدرکێنم. ئەوە بۆمن ئازارێک بوو، هەستێکی بەندکراو بوو لەو ژیانەی کە تێی کەوتبووم، بۆخۆیشم نەمدەزانی چیرۆکی ئەو ئازارانە لەکوێدا کۆتاییان پێدێت و لێی قوتار دەبم.

لەدوای هاتنەوەی جوامێر، چیتر من نەمتوانی سەردانی نامۆ بکەم، بەردەوام بە دوای دەرفەتێکدا دەگەڕام لەگەڵ نامۆ بگەڕێینەوە بۆناو تابلۆکانمان، بەڵام ئەوە بۆمن ئەستەم بوو، ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، جوامێر لەجاران زێدەتر گرنگی پێئەدام، ئەوە بۆمن پرسیارێکی پڕلە گومان بوو، نازانم بەهۆی ئەو دابڕانەوە بوو لەگەشتەکەیدا تامەزرۆیی بۆمن هەبوو، یان ئەوە تەنها دەمامکێک بوو بۆداپۆشینی ڕەفتارە قێزەونەکانی.

ئەو ڕۆژانەی لەئێشککگری بنکە دەهاتەوە، بە تاسەوە لە ئامێزی دەگرتم و تا دەرەنگانێک لەگەڵم دەمایەوە، نازانم ئەو هەستە چیبوو؟ ئایا من لەو خەونانەدا دەژیام، کە نامۆ پێی بەخشیبووم، یان ئەوە سروشتی ڕاستەقینەی خۆم بوو چێژم لەو ڕەفتارانەی جوامێر دەبینی، کە لەسەر سیسەمەکە لەدواوە خۆی پێوە دەنوسانم و بەجارێک هەموو جەستەمی لەچێژدا نووقم دەکرد. ئەو ماوەیە زێدەتر لەجاران ئارەزووی ئەوەم دەکرد جوامێر بەردەوام لەگەڵم بێت، نازانم ئەو هەستە چیبوو، ئایا من لە بێئاگایی خۆمدا وێنای نامۆ م لە جوامێردا دەبینی، یان ئەو هەستە وای لێدەکردم لەو ڕێگەیەوە جوامێر بۆلای خۆم بگەڕێنمەوە؟.

شەوێک کە هەردووکمان بە ڕووتی لەسەر سیسەمەکە پاڵکەوتبووین بەتاسەوە لە چاوەکانی جوامێرمدەڕوانی و بە هەستێکی پڕلە خۆشەویستییەوە پێم وت «دڵنیام لە گەشتەکەتدا بیرت دەکردم» ئەو ماوەیەک نیگانی لەسەرم بوو، بە خەندەیەکەوە، کەنەمدەزانی چلۆن ناخی تیا بخوێنمەوە وتی «بەدڵنیاییەوە نازدارەکەم، هەرلەبەر ئەوە بڕیاری گەشتەکەمدا تا هەردووکمان ناخمان لەو هەڵچوونانە خاڵی بکەینەوە» ئەوەی وت و لەئامێزی خۆی گرتم.

ئەو ماوەیە ژیانمان گەڕایەوە بۆسەرەتای ئەو ڕۆژانەی بەتاسەوە لەیەکترمان دەڕوانی و خۆشەویستی هەموو ناخمانی داگیر کردبوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو هەستانەشدا خەونەکانی نامۆ وەک مۆتەکەیەک لەدڵی ئەدام، ئارەزووی ئەوەم دەکرد لەدەرفەتێکدا

سەردانی نامۆم بکردایەوە، پێکەوە ڕۆبچوینایەتە خەونە ئەفسوناوییەکانمانەوە.هەستمدەکرد هۆکاری ئەو ئارامیی و چێژەی هەموو ناخمی تەنیبوو، ڕۆچوونە نێو خەونی تابلۆکان بوو، وەکئەوەی شتێکم بزر کردبێت بەردەوام ناخم بەدووی ئەو خەونانەوە بوو، کەبەهۆی پێکی ئارەق و حەبەکەوە ڕۆ دەچووینە جیهانە ئەفسوناوییەکانەوە.

ماوەیەک ئارامم گرت، تا ڕۆژێک جوامێر پێی وتم « گیانەکەم ئەم ماوەیە پێویستە بۆماوەی چەند ڕۆژێک لەبنکەدا بمێنمەوە، لەوانەیە بۆ دۆزینەوەی تاوانبارێک پێویست بێت بچین بۆ دەرەوەی شار» بیرم لەوە دەکردەوە ئەوە بۆمن دەرفەتێکی گونجاو بێت تا لەو ماوەیەدا بتوانم سەردانی نامۆ بکەم، هەربۆیە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندیم بۆ دەربڕی، کە سەرپشک بێت لەوەی کارەکانی بەویستی خۆی تەواو بکات، کاتێک ئەو ڕۆیشت، بەپەلە پەیوەندیم بە نامۆ وە کرد، داوام لێکرد بۆڕۆژی دوایی لەماڵەکەی خۆیدا چاوەڕێم بکات، نامۆ بەبیستنی ئەو هەواڵە زۆر خۆشحاڵ بوو جوامێر بۆماوەی سێ ڕۆژ نەهاتەوە بۆماڵەوە، لەو ماوەیەدا دووجار سەردانی ماڵی نامۆم کرد هەرڕۆژەو لە تابلۆیەکدا ڕۆدەچووین و لەخەونێکی جیاوازو ئەفسوناویدا دەژیان.

ئەو ماوەیە چەند تابلۆیەکی جیاوازم لەخەونەکانی نامۆدا نەخشاند، وەکئەوەی گەڕابێتمەوە بۆ ئەو کاتانەی، کە بەردەوام تابلۆی گوڵم دەنەخشاند لە تابلۆکاندا، وێنای جوانیی سروشتم دەکێشا، ئەو سروشتەی کە هەستێکی پڕلە ئارامیی و خۆشەویستی بە ناخمان دەبەخشی.

# تابلۆی
# هەرەس

# ١

تەمەنمان قەڵەمێکە، بەویستی خۆی ژیانمان دەنوسێتەوە، ئێمە هەرگیز خۆمان نین تابتوانین ببینە خاوەنی ئەو قەڵەمەو چیرۆکی ژیانمان بە جوانترین چیرۆکی پڕچێژو خۆشەویستی تۆماربکەین. ئێمە چلۆن دەتوانین تابلۆیەکی جوان و پڕلە مانای ژیان لەخۆماندا بکێشین؟ مرۆڤ تا سنورەکانی ژیان نەبەزێنێت و لەژیان یاخی نەبێت، هەرگیز ناتوانێت بەئازادی وێنای ژیانی خۆی بکات.

ئەو چەند ڕۆژەی لەگەڵ نامۆدا بووم ژیانم دۆزییەوە، بابڵێم سروشتی خۆم دۆزییەوە و خۆمناسی، ئەوە من بووم بەویست و ئارەزووی خۆم چێژم لەژیان دەبینی، ئەوە من بووم سنورە دەستکردەکانی خۆم تێک شکاندوو بەدووی خۆمدا گەڕام تا گەیشتمە کەناری ئارامیی و خەونەکانم لەخۆمدا بەرجەستە کرد. من تەنها لەو ساتانەدا بەبێ ئازار دەژیام و بەویستی خۆم ڕەفتارم دەکرد.مرۆڤ تاڵە ناخیدا بەربەستەکانی ناخی خۆی نەشکێنێت هەرگیز ناتوانێت هەست بە بوونی خۆی بکات، ئەوە من بووم بەبێ گوێدانە نەریتەکانی ژیان لەخەونەکانمدا وێنای ڕاستەقینەی خودی خۆم بووم.

ئای ئەو ڕۆژانە چەند بەچێژو جوان بوون، مرۆڤ کاتێک بەئازادی ڕەفتاردەکات، هەرگیز پێویستی بەو دەمامکانە نییە، کە وێنایەکی دی بۆبەرامبەرەکەی بنوێنێت، من و نامۆ دوو مرۆڤ بووین، کە بە سروشتی خۆمان ئەدواین و ڕەفتارمان دەکرد، ئێستاش من لەخەونی ئەو ڕۆژانەدا دەژیم، شەوانە بەدەم ئەندێشەی ئەو ڕۆژانەوە لەبیری خۆمدا ئەو تابلۆیانە دەنەخشێنم، کەلەگەڵ نامۆ تێیدا ژیاین و چێژمان لەجەستەی خۆمان دەبینی و بەویستی خۆمان یادەوەرییەکانی خۆمان بەجوانترین چیرۆکی ژیان دەهۆنییەوە. بەڵام بۆچی ئەوە درێژەی نەکێشا، بۆچی هەتا کۆتایی تەمەنی خۆمان نەمانتوانی درێژە بەو خەونانەی خۆمان بدەین؟ نازانم نامۆ بۆچی لەنیوەی ئەو خەونانەدا بەجێی هێشتم و منی بەتەنیا هێشتەوە؟ بۆچی بڕیاری ئەوەی دا کۆتایی بەو تەمەنە کورتەی ژیانمان بهێنین و منی لەناو ئەم جەنگەڵەدا بەجێهێشت.

ڕۆیشتنی نامۆ بۆمن ئازارێک بوو هەرەسی بە هەموو خەونەکانم هێنا، من لەگەڵ ئەودا وەک کێوێک بووم لەچێژو مانای ژیان، کاتێک ئەو ڕۆیشت ئیتر من لەچرکەساتێکدا هەرەسم هێناو نەمتوانی خۆم هەڵچنمەوە، ئێستا من مرۆڤێکی تەنیاو تێکشکاو و بێئومێدم، لەچاوەڕوانی چارەنووسی خۆمدا ڕۆژانە کاتەکانم دەژمێرم، نازانم لەکوێدا بڕیاری خۆم ئەدەم

و کۆتایی بەم نەفرەتییە ئەهێنم کەپێی دەڵێن ژیان. واهەستدەکەم پەریسا بۆمن ئومێدێک بێت لەم ژیانەدا دەستم بگرێت و هەڵمسێنێتەوە، یان ئەوەتا ئەویش دەبێتە ئازارێکی نەبڕاوە و ناچارم دەکات بەویستی خۆم لەجەستەی خۆم هەڵبێم و کۆتایی بەم ئازارانە بێنم، کە ڕۆژانە لەجەستەمدا ناخم دەکرۆژن.

کاتێک ئەم قسانەم بۆ خاتووماریا دەکرد ئەو لە خۆیدا ڕۆچوو بوو، نازانم بیری لەچی دەکردەوە، ئایا لەنێو قسەکانی مندا دەژیاو ئازاری ئەچەشت، یان خۆی لەمندا وێنا دەکرد! بەڵام دڵنیابووم لەوەی هەموو هەستەکانی لەمندا کۆکردبۆوە، بەتاسەوە لەقووڵایی چاوەکانمی ڕوانی ووتی:

-نازدارەکەم چیتر ئازاری خۆت مەدە، ژیان هێڵێکە بەردەوام لەگەڵ تەمەنماندا درێژ دەبێتەوە، بۆئەوەی بتوانین وەک مرۆڤ بژین، پێویستە بۆخۆمان ئەو هێڵە بەجوانی و خۆشەویستی و چێژی ژیان پڕبکەینەوە. مرۆڤ بۆخۆی ژیانی خۆی دروست دەکات و ئازارو ناخۆشی و بەختەوەری لەبیرکردنەوەکانی خۆیدا سەرچاوەدەگرێت، تۆلە کوێدا بۆنی ژیان دەکەیت لەوێدا وێستە بکەو چێژلە چرکەساتەکانی ببینە.

لەپشت قسەکانییەوە هەستم بە چەندین چیرۆکی پڕلە ئازار دەکرد، کە پێدەچوو هەموو ناخی شەقار شەقار کردبێت، کاتێک هەناسەیەکی بەئازارەوە هەڵکێشا، وتم:

-تۆ ژیان چلۆن دەبینیت؟

بەخەندەیەک وەکئەوەی گاڵتە جاڕی بە پرسیارەکەم بکات، وتی:

-ژیــان بـۆخـۆی ئـــازارە، مـرۆڤـەکـانـی بـۆخـۆیـان سەرچاوەی ئازاری یەکترین، بۆئەوەی بەئارامیی بژیت پێویستە هەموو مرۆڤایەتی بەنەفرەت بکەیت، کاتێک ئەو بڕیارەش ئەدەیت، چیتر تۆ ناتوانیت لەناو مرۆڤایەتیدا بژیت.

ئەوەی وتوو، لەکاتژمێرە بچکۆلەکەی دەستی ڕوانی و وتی:

-نازانم چۆن کاتەکان ئەوەندە بەخێرایی تێپەڕین، مرۆڤ کاتێک لە خۆیدا دەژی ئارەزووی ئەوەدەکات جارێکی دی هەموو ژیانی ڕابردووی خۆی بەخەونێکی نوێ بهۆنێتەوە، باجارێ واز لەم قسانە بێنین، دەچم دووقاوەی تازە دروست دەکەم و دێمەوە جارێکی تر قسە دەکەینەوە.

کە چووە دەرەوە چەند خولەکێک بەسەر ڕۆیشتنیدا تێپەڕیبوو، کاتێک لەشوێنی خۆم بڵند بووم ئازارێک هەموو پشتمی گرتەوە، لەوکاتەدا هەستم بەجوڵەی پەریسا کرد، دەستێکم بەکەمەرمەوە گرت بۆئەوەی هاوسەنگی بەجەستەی خۆم بدەمەوە، بەڵام هێزی ئەوەم نەبوو خۆم بەپێوە بگرم، لەشوێنی خۆمدا بەهێمنی بۆزەوی نەویمەوە و لەسەر ڕاخەرەکە دانیشتم.

تادەهات ئازاری پشتم زیاتردەبوو، چەندجارێک لەبەر خۆمەوە بەدەم ئازارەوە هاوارم کرد، ترسی ئەوەم هەبوو تا خاتووماریا دەگەڕێتەوە شتێک ڕووبدات، گومانم لەکاتی لەدایکبوونی پەریسا هەبوو، ئازارەکە ئەوەندە زۆر بوو پێشبینی ئەوەم دەکرد پەریسا لەو ناوەختەدا لەدایک بێت. چاوەکانم لەسەر حەوشە بوو، لەچاوەڕوانی هاتنەوەی ئەودا بووم تا هاوکاریم بکات، نازانم چەند خولەکێک بەسەر ئەو دۆخەدا تێپەڕی، من بەردەوام لە ئازاری خۆمدا ڕۆچوو بووم، کاتێک گەڕایەوە دووکوپ قاوەی لەسەر سینییەک بەدەستەوە بوو، کەمنی لەو دۆخەدا بینی بەپەلە سینیەکەی لەدەم دەرگای ژوورەکە داناو تاوی دایە هەنگڵم و لەشوێنی خۆمەوە بڵندی کردم و بەهێمنی گەیاندمیە سەر کورسیەکەو وتی:

-چی بوو سەناریا بۆچی لەوێدا کەوتویت؟

بەدەم هەناسەیەکی توندەوە وتم:

-ئازارێک لەپشتمەوە هات، چیتر توانای خۆڕاگرتنم نەبوو، ئەترسم پەریسا لەم ناوەختەدا لەدایک بێت.

بەهێمنی لەئامێزی خۆی گرتم و دەستێکی پڕلە میهرەبانی بەسەرو قژە شێواوەکەمدا هێنا، وەکئەوەی بملاوێنێتەوە وتی:

-ئەوەندە نیگەران مەبە ئەزیزم، هیچ کاتێک بۆ لەدایکبوونی منداڵ ناوەخت نییە، سروشتی ژیان بەویستی خۆمان نابێت، ئەوە خۆمانین دەمانەوێت ژیان

بەویستی خۆمان بنەخشێنین، منداڵ سروشتی خۆی هەیە، زۆرجار پێش چارەنوسی خۆی دەکەوێت و زوتر دێتە ژیانەوە، هەندێکجار لەچاوەڕوانی هاتنیدا ئازار دەچێژین. ئارامبەرەوە، هەرکاتێک هەستت بەتەقینی ئاوی منداڵانت کردوو لەشت تەڕبوو ئاگادارم بکەرەوە، هەوڵ بدە بۆئەوەی ئارام بیتەوە و لەخۆت نەچیت بەقووڵی هەناسە بدە.

قسەکانی ئارامییەکی بەناخم بەخشییەوە، هەستمکرد ئازارم کەمتر دەبێتەوە، هەتا سەرجێگەی خەوەکەم دەستەکانی لەژێر هەنگڵم نابوو، بەهێمنی بەپشتا ڕاکشام، هەردوو دەستم لەسەر سکم نابوو، بەدەم ئەندێشەی هاتنی پەریساوە ڕۆچوومە خەونێکەوە. کاتێک بەئاگا هاتمەوە خاتووماریا خوانێکی بەچێژی ئامادەکردبوو، لەو ماوەیەدا کەسکم بەپەریسا پڕببوو، هەرگیز ئارەزووی خواردنی خۆم نەئەکرد، هەربۆیە کاتێک هاتمە سەر خوانەکە ژەمێکی باشم خوارد، ئارامیی هەموو جەستەی تەنیمەوە، بیرم لەوە دەکردەوە دەبێت هاتنی پەریسا ژیانم بەچ ئاراستەیەکدا بگۆڕێت، لەگەڵ هەموو ئەو ئەندێشە دژوارانەی، کە بۆژیان و چارەنوسی خۆم و پەریسا هەمبوو، بونی پەریسا بۆمن دەسپێکێکی تری ژیان بوو، ئومێدی ئەوەم دەکرد پەریسا کۆتایی هەموو ئازارەکانی ژیانم بێت و لەم دۆخەدا ئارامیی بە هەستەکانم ببەخشێت.

## ٢

یادەوەریم ئازارێکی بەسۆ بوو، وەک ڕوبارێک دەرژانە نێو هەستەکانمەوە، لەگەڵ جوڵەی پەریسادا ناخم لەنێو خۆمدا ڕۆچوو بوو، خاتووماریا سفرەکەی  کۆکردە وە و دوو کوپ قاوەی لەگەڵ خۆی هێناو هاتە تەنیشتمەوە، بەتۆنێکی هێمن وتی:

-بیر لەچی دەکەیتەوە؟

نەمدەزانی چلۆن وەڵامی بدەمەوە، چیرۆکی مەرگی (نامۆ) ی بۆ بگێڕمەوە، یان چارەنووسی نادیاری پەریسا، هەستمکرد هەناسەم توند بوو وەکئەوەی شتێکی قورس لەسەر سنگم بێت بەئاستەم هەناسەم ئەدا، وتم:

-بیرلە داهاتووی خۆم و پەریسا دەکەمەوە، نازانم چارەنوسمان بە کوێ دەگات، ئەترسم ئەوەی لە نێوان من و نامۆ دا ڕویدا بوو هەمووی ڕاستی بێت و پەریسا بێتە ئازارێکی تری نەبڕاوە لە ژیانمدا.

خاتوو ماریا  بەخەندەیەکەوە وتی:

-تکادەکەم ئەوەندە بیر لەشتێک مەکەرەوە کەهێشتا ڕووی نەداوە، مرۆڤ نازانێت چارەنووس بەکوێی دەگەیەنێت، ئێمە هەرگیز ناتوانین چارەنوسی خۆمان دیاری بکەین، دەبێت هەمیشە لەچاوەڕوانی ئەو پێشهاتانەدا بین کە ژیان پێمان دەبەخشێت، دەبێت چاوەڕێی ئەو ژیانە بین، کە ڕۆژانی داهاتوو پێمان دەناسێنێت.تۆ واز لەو بیرکردنەوە

خراپانە بێنە، وەرە چیرۆکی تابلۆکانم بۆبگێڕەوە، پێم بڵێ بزانم (نامۆ)چی بەسەر هات، هاوژینەکەت لەگەڵتدا بەکوێ گەیشت ؟

ویستم لەجێگەی خۆم بڵند بم و (تابلۆی هەرەسی) نیشان بدەم، بەڵام ئەو ڕێگەی نەدام پێی وتم:

–کام لە تابلۆکانت دەوێت خۆم بۆت دەهێنم، ئەوەندە مەجوڵێ با فشاری خوێنت دانەبەزێتەوە.

بەپەنجەم لەناو پەرش و بڵاویی تابلۆکاندا ئاماژەم بۆ تابلۆی هەرەس کرد، کە بەهێندەی پانتایی تابۆکە وێنەی دەموو چاوی ژنێکم کێشابوو، وەکئەوەی باران تابلۆکەی شوشتبێتەوە، دەمووچاوەکە بەجارێک داچۆڕابووە خوارەوە، پێستی دەموو چاوی لەهەموو لایەکەوە داچۆڕابوو، پرچی وەکئەوەی لەژێر باراندا بێت بەسەریەوە مەلاس ببوو، ژێر چاوەکانی کیسێکی شۆڕیان دروستکردبوو، نیگایەکی مات لەچاوەکانیدا دەبینرا، لێوەکانی لەگەڵ هەموو ئەندامەکانی لوت وکولْم و ڕومەت و گوێچکەکانی بۆخوارەوە شۆڕببوونەوە، خەمێکی قووڵ لەدیمەنی ئەو ژنەدا دەبینرا، هەموو ڕووبەری تابلۆکەم بەڕەنگێکی سوورتێکەڵ بەڕەنگی ڕەش ڕەنگ کردبوو.

کاتێک خاتووماریا تابلۆکەی بینییەوە، بەهەردوو دەستەکانی بڵندی کردوو لەدیمەنی تابلۆکەی ڕوانی، پاشان چاوەکانی بۆسەرم گواستەوە و وتی:

–ئەم تابلۆیە لەخۆت ناچێت؟

ئەوەی وت و بە هێمنی هاتە تەنیشتمەوە و تابلۆکەی لەبەرامبەرمان دانا و لەچاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەیدا چاوەکانی لەسەرم بوون، بەدەم هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵەوە وتم:

–بونی مرۆڤ هەرگیز لەشێوەو ڕوخساریدا نییە، بەڵکو ئەوە ناخ و بیری مرۆڤە وادەکات مرۆڤەکان چەندین شێوە و نیگای جیاوازیان هەبێت، مرۆڤ کاتێک دڵخۆش و بەختەوەر دەبێت، نیگاو سەرنجەکانی وێنای ناوەوەی دەکەن و هەموو کەسێک هەست بەبوونی دەکات، کاتێک خەمبارو دڵتەنگدەبێت بەهەمان شێوە وێنای ناخی خۆی دەبەخشێت، مرۆڤ لێرە ڕۆژانە چەندین نیگاو ڕوخساری جیاوازیان هەیە، بەڵام واهەستدەکەن تەنها لەناخی خۆیاندا هەست بەخۆیان دەکەن.

خاتوماریا جارێکی تر سەیری تابلۆکەی کردەوە، وەکئەوەی بیەوێت نیگای چاوەکانی ژنی ناو تابلۆکە بخوێنێتەوە، منیش دەستم بە گێڕانەوەی چیرۆکی تابلۆکە کرد.

ئەو ڕۆژە جوامێر لەماڵەوە بوو کەهەستم بە تێکچوونی تەندروستی خۆم کرد، ویستم خوانێک بۆ نیوەڕۆ ئامادە بکەم، لەناکاوێکدا دڵم تێکچوو، سەرەتا وامزانی بەهۆی خواردنی ئەو پەنیرەوە بوو، کە جوامێر هێنابوویەوە، بەڵام تادەهات زیاتر دڵم تێک هەڵدەهات و ئارەزووی ئەوەم دەکرد بڕشێمەوە، جوامێر لەهۆڵەکەوە هەستی کرد هێڵنج

ئەدەم بەپەلە هاتە ناندینەکەو لەدواوە بەدەستەکانی شانی گرتم و وتی:

–ئەوە چیتە سەرمات بووە؟

گەرووم ئەوەندە توند ببوو، توانای ئەوەم نەبوو وەڵامی بدەمەوە، هەستێک لەناخمدا هەبوو، کەدڵخۆشی دەکردم دووگیان بم، هەربۆیە نەمویست لەو کاتەیا ئەوە بە جوامێر بڵێم وتم:

–لەوانەیە بەهۆی ئەو پەنیرەوە بێت گەدەم پێی تێکچووە.

جوامێر کەئەوەی بیست ناچاری کردم سواری ئوتۆمبێلەکەی بم و بەپەلە گەیاندمی بۆنەخۆشخانە، کاتێک پزیشکەکە لە ئەنجامی پشکنینەکانی ڕوانی، بەخەندەیەکەوە پێی وتم:

–هیچ نییە هەموو ژنێک لەسەرەتای دوگیانیدا تۆشی ئەو دڵ تێک هەڵهاتنە دێت.

کە جوامێر ئەوەی لە پزیشکە کە بیست ئارامیی لێبڕا، بە هەڵچونێکەوە وتی:

–شتی وا چۆن دەبێت!

پزیشکەکە بەگومانێکەوە لە جوامێریدەڕوانی وتی:

–تۆچی ئەم ژنەیت؟

جوامێر هێشتا هەڵچوونی ناخی دانەمرکابۆوە وتی:

–من هاوسەری ئەم ژنەم، بەڵام من نەزۆکم!

ئای ئەوە چی بوو بیستم، لەوکاتەدا خەریکبوو بەتەواوی

لەهۆشی خۆم بچم، ئەو ڕۆژە تا گەڕاینەوە بۆ ماڵەوە لە ناو ئۆتۆمبێلەکە شەڕمان بوو، من گومانم لەقسەکانی ئەو هەبوو، دەمزانی دەیەوێت ئەوە بکاتە بیانوویەک بۆ جیابوونەوە لێم، من دڵنیابووم جگە لەجوامێر، لەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا نەخەوتبووم، دڵنیابووم لەوەی هەموو ئەوانەی لەگەڵ نامۆدا ڕوویدا تەنها خەونێک بوون وەک هەموو خەونەکانی خۆی کە تێیدا دەژیا، لە دوای هەموو ئەو خەونانە لەگەڵ نامۆدا هەستم بە هیچ شتێک نەکردبوو، هەرگیز هەستم بەئاسەواری ئەو ڕوداوانـە نەکردبوو، کەلەگەڵ نامۆدا ڕوویدابوو.

مرۆڤ هەرگیز لەخەون و ئەندێشەی خۆیدا جەستەی بوونی نییە، ئەوە تەنها مێشکی مرۆڤە ئازارو خۆشییەکانی تیا مۆڵ دەبێت و هەستیان پێدەکات. دڵنیابووم لەوەی هەرگیز جەستەم بەر جەستەی نامۆ نەکەوتبوو، هەربۆیە کاتێک جوامێر بەدڵنیاییەوە دەیگوت «من نەزۆکم، زۆر دەمێکە پشکنینم بۆخۆم کردووە» متمانەم بەقسەکانی نەبوو، ئەگەر ئـەو ڕاستی بکردابا، بۆچی پێشتر پێی نەوتبووم، کاتێک بە جوامێرم وت «چلۆن شتی وادەڵێت، مەبەستت ئەوەیە من داوێن پیسیم لەگەڵتدا کردووە، لەگەڵ پیاوێکی تردا خەوتووم» بەهەڵچونێکەوە وتی «هەرگیز نەمویستووە ئەوە بە تۆبڵێم، دەزانم تۆ ئارەزوویەکی زۆرت بۆمنداڵ هەیە، ئەوە بۆخۆی بۆمبێک بوولە چاوەڕوانی ئەوەدا بووم ڕۆژێک لەنێوانمان بتەقێتەوە، بەڵام هەرگیز

لەچاوەڕوانی ئەوەدا نەبووم تۆ ناپاکیم لەگەڵ بکەیت و بەدەستی خۆت ئەو بۆمبە بتەقێنیتەوە، بۆخۆت دەزانیت بۆمن شەرمە لەناوخزم و هاوڕێکانمدا وەک پیاوێکی نەزۆک ناوزەند بکرێم، هەربۆیە مەبەستم نەبووە ئەو نهێنییە بدرکێنم، بەڵام تۆ پێم بڵێ لەگەڵ کێ خەوتوویت ها، چۆن توانیت ڕێگە بە خۆت بدەیت ناپاکیم لەگەڵ بکەیت» ئەو بەردەوام هاواری دەکرد، دەمارەکانی لاملی لەهەڵچونیدا ئەستور ببوون، لەگەڵ هەموو ئەو هەڵچوونانەی جوامێردا من زیاتر شێلگیرتر دەبووم، متمانەم بەقسەکانی نەبوو، تەنانەت متمانەم بەو ڕاپۆرتەی پزیشکیش نەبوو کەلەکاتی ڕۆژی جیابوونەوەماندا پێشکەشی دادوەرەکەی کرد، دەمزانی جوامێر بەهۆی کارەکەیەوە دەیتوانی زۆرێک لەو پشکنینە ساختانە بەدەست بێنێت.

دواجار بۆچوونەکەی من تەواو ڕاست و دروست دەرچوون، کاتێک دادگا بڕیاری جیابوونەوەمانی دا، دواتر زانینم جوامێر ئەو ڕۆژەی منی بە جێهێشت و بەناوی گەشتەوە چوو بۆ تورکیا، ئەو ژنە بێ ڕەوشتەی کەناوی گوڵنار بوو لەگەڵ خۆی بردبووی، بۆئەوەی مانگی هەنگوینیان لەوێ بەسەر بەرن. ئای خاتوومariya من چەند ساویلکەو نەزان بووم، چەند نەزانانە ژیانی خۆم لەخەونێکی پوچ و بێ مانادا دروستکرد، وای من دوای چ عەشقێکی درۆ کەوتم! وامزانی جوامێر بۆمن دەبێتە ئەو ژیانەی خەونەکانمی خۆمی تیا دەبینم، بەڵام هەموو

ئەوانەی ڕویدا تەنها خەونێکی پوچ و بێ مانابوون، نەمزانی من تەنها بوکەڵەیەکم و بەدەستییەوە گەمەم پێدەکات.

ئاخر چلۆن دەبێت پیاو درۆ لەگەڵ هاوسەری خۆی بکات، جوامێر چلۆن ڕێگە بەخۆی ئەدات نکولی لەمندالّی خۆی بکات و بەزۆڵ وێنای بکات، ئەوە هەستی چ مرۆڤێکە دەتوانێت ناپاکی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بکات و بەدەمامکێکەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکات و بە نهێنی لەگەڵ ژنێکی تردا هاوسەرگیری بکات،

هەرئەو ڕۆژەی ئێمە لەیەکتری جودا بووینەوە، ماڵەکەم بۆ  بەجێهێشت، جوامێر بۆچەند ڕۆژی دوایی لەسەربڕیاری دادگا کە منی بەتاوانبار ناساند، دەبوو ماڵەکەی بۆچۆڵ بکەم، لەسەر پشکنینە ساختەکەی ئەو، دادگا هەموو مافێکی بەجوامێر دا، بەڵام پارێزەرەکەم بۆئەوەی دۆسیەکە بەدانەخراوی بهێڵێتەوە لەسەر داوای من، داوای لەدادوەر کرد چاوەڕوانی لەدایکبوونی پەریسا بکات تا لەڕێگەی پشکنینەوە ئەوە بۆهەردووکمان پشتڕاست بێتەوە، ئایا پەریسا لەجوامێرە یان لە پیاوێکی ترە، ئایا من ناپاکیم لەگەڵیدا کردووە یان ئەو؟.

ئەو ڕۆژە بەدڵێکی پڕلە ئازارەوە نەمدەزانی بۆکوێ بچم، ئەم کێشەیە لای کێ بدرکێنم، لەخۆمدا تووشی گومانێک بووم بۆخۆیشم نەمدەزانی بەچ لایەکدا خۆم یەکلابکەمەوە، ترسی ئەوەم هەبوو ئەم کێشەیە بگاتە نێو خێزانەکەم و لەنێو خۆیاندا بەنەفرەتم بکەن، ئاخر ژنکاتێک

ناپاکیی دەکات هەموو کەسێک تەنانەت خوشک و براکانی بەمرۆڤێکی قێزەون لێی دەڕوانن، هەموویان بەنەفرەتی دەکەن، بەڵام بۆ پیاوەکان دەبێتە شکۆی بنەماڵەو کەسەنێزیکەکانی.

لەو دۆخەدا جگە لەنامۆ ئەم هەواڵەم بەکەسی تر ڕانەگەیاندبوو، کاتێک ئێمە لەناو کێشەی دادگادا بووین، ڕۆژێک پێشتر سەردانی نامۆ م کردبوو پێم وت «من لە هاوسەرەکەم دووگیانم، بەڵام ئەو متمانەم پێناکات و دەڵێت من نەزۆکم» کە ئەوەم بۆنامۆ گێڕایەوە ئەو هیچی نەوت، ماوەیەک لەخۆی ڕاما وەکئەوەی بەدوای چارەسەرێکدا بگەڕێت و هاوکاریم بکات، لەدوای چەندخولە کێک بە نیگایەکی پڕلە گومانەوە وتی «هاوسەرەکەت ئەفسەری لێکۆڵینەوە نییە؟» هەگیز باسی جوامێرم لای نامۆ نەکردبوو، بە ترسێکەوە وتم «بەڵێ« نامۆ بە نیگایەکی خەمناکەوە وتی «هاوسەرەکەت چەند جارێک منی لەسەر بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر دەستگیر کردووە، تکادەکەم بۆئەوەی گومانی زیاترت لێ نەکات ئەوەندە مەیە بۆلام، نەکا ڕۆژێک بەهاتنت کێشەکانت ئاڵۆزتر بکات» ئیتر ئەو ماوەیە سەردانی نامۆم نەکرد، ترسێک لەناخمدا بوو، گومانی ئەوەم دەکرد جوامێر بەنهێنی چاودێری کردبێتم و هەستی بەسەردانەکانم کردبێت، هەربۆیە ئەوەی کردبێتە پلانێکی تۆکمە بۆ ئەوەی تاوانبارم بکات.

## ٣

هەفتەیەک بەسەر سەردانەکەم بۆلای نامۆ تێپەڕیبوو، ئەو ڕۆژەی ناچار بووم بۆ دواجارماڵەکە بۆ جوامێر بەجێبێڵم نەمتوانی بەو کێشەیەوە بگەڕێمەوە بۆماڵی باوکم، ڕاستەوخۆ چووم بۆماڵی نامۆ و لەدەرگای ماڵەکەیم دا، بیرم لەوە دەکردەوە نامۆ بەهاتنم خۆشحاڵ نەبێت لەگەڵ ئەوەشدا ترسی ئەوەی هەبوو جوامێر گومانی لێکردبین، بەڵام من لەو دۆخە دژوارەدا جگە لەماڵی نامۆ هیچ شوێنێکی ترم بەشیاو نەزانی تا کێشەکانم یەکلا دەبێتەوە، بیرم لەوە دەکردەوە بیانوویەک بۆ ئەوە بدۆزمەوە، کە نەگەڕێمەوە بۆماڵی باوکم.

چەند جارێک بەتوندی لەدەرگاکەم دا نەیکردەوە، گومانی ئەوەم هەبوو لەخەونێکی قووڵدا بێت، یان ئێستا لە دیوارەکاندا ڕۆچووبێت و لەگەڵ پیاوی قامچی بەدەستەکە لەجەنگدابێت، چەند بیرۆکەیەکی ناخۆش ناخیان داگیرکردبووم، دواجار تەلەفونەکەم دەرهێنا، ویستم پەیوەندی پێوە بکەم، بەڵام تەلەفونەکەی داخرابوو، منلەئەندێشەی ئەوەدا بووم نامۆ بەمەبەست نەیەوێت وەڵامم بداتەوە، دڵنیابووم جگە لەمن کەسێکی تر هاوڕێی نەبوو تاپەیوەندی پێوە بکات، دەنگی کردنەوەی دەرگای ماڵەکەی دراوسێی بەخۆمی هێنامەوە، ژنێکی بەتەمەن،

که سەرو ڕوخساری بە خەڵکی گوند دەچوو لەدەرگاکە هاتە دەرەوە و لەدیمەنی شێواومی ڕوانی. هەموو کاتێک سەردانی نامۆم کردبێت هەرگیز کەسێکم لەو کۆڵانە تەنگەبەرەیان نەبینیبوو، جگە لەچەند منداڵێکی چەتوون نەبێت لەکۆڵانەکەدا گەمەیان دەکردوو ئەو کۆڵانەیان قەرەباڵخ کردبوو، ژنەکە بە نیگایەکی خەمناکەوە لێم هاتە پشەوە و بەخێرهاتنی کردم و وتی:

–بۆلای نامۆ هاتوویت؟

– بەڵێ.

– تۆچی نامۆیت.

– منی هاوڕێی نامۆم.

– ئاگادار نیت نامۆ چی بەسەر هاتووە؟

کاتێگ ژنەکە ئەوەی وت، ترسێک هەموو گیانمی تەنییەوە، خەیاڵی ئەوەم کرد جوامێر لەگەڵ پۆلیس هاتبێتە نێو ماڵەکەی و مادەی هۆشبەری لەماڵەکەیا دۆزیبێتەوە و دەستگیریان کردبێت، بەنیگایەکی پڕلە ترس و گومانەوە وتم «نەخێر نازانم چیبووە نامۆ چی بەسەر هاتووە»، ژنەکە چاوەکانی ئاویان تێزا، بەدڵێکی گرانەوە وتی (هەموو ئەو ڕۆژانەی خواردنێکی خۆشم دروستدکردبا لە قاپێکدا ژەمێکم بۆ نامۆ دەهێنا، هەفتەیەک پێش ئێستا بوو، بۆ، ئێوارەکەی کفتەم دروستکردبوو، دەمزانی نامۆ زۆر حەزی لێدەکرد، لە قاپێکدا ژەمێکم بۆئامادە کردبوو لەسەر سینییەک دام

بە کوڕە بچکۆلەکەم کە بۆی بیات، ئەوەندەی جگەرە کێشانێکی نەخایاند، کوڕەکەم بە دەم هاوارەوە خۆی بەماڵەوە دا کرد، ترس هەموو گیانی تەنیبوو، بەدەم هەناسە بڕکێوە وتی «دایەکە کاک نامۆ لە ژوورەکەی خۆیدا خۆی بەپەتێکدا هەڵواسیوە ناجوڵێتەوە» کە گوێم لەو قسەیەبوو، بەپەلە خۆم بە ماڵەکەیدا کرد. ئۆی دایکت بمرێت نامۆ گیان بۆچی ئاوات لە خۆتکرد، کاتێک چوومە ژوورەوە ئەو گەنجە جوانە بەپەتێک خۆی خنکاندبوو، وەیش توخوا، چاوە جوانەکانی بۆدەرەوە دەرپەڕیبوون، دەست و قاچەکانی شۆڕببونەوە و جوڵەی لێبڕابوو، ویستم دایگرم بەڵام نازانم بۆچی ئەو کوڕە داماوەی وەک برایەکی خۆم خۆشم دەویست زاتی ئەوەم نەبوو لێی نزیک ببمەوە، ئەوەندەم پێکرا خۆم هاویشتە کۆڵان و هاوارم کردو قیژاندم «توخوا خەڵکینە فریای نامۆ بکەون خۆی خنکاندووە»، کاتێک خەڵکی کۆڵانەکە کۆبوونەوەو گەیشتنە سەری، نامۆ دەمێک بوو گیانی سپاردبوو، وەی ڕۆ وەی ڕۆ بۆئەو گەنجە جوان و نازدارە و بێکەسە) متمانەم بەوە نەبوو ئەوەی ئەو ژنە باسی دەکرد ڕاست بێت، گریانێکی بەکوڵ هەموو ناخمی پڕکردبوو، نەمتوانی لەوە زیاتر هەستەکانی خۆم بشارمەوەلەپڕێکدا دامە پڕمەی گریان، بەدەم هەنسکەوە وتم «ئەوەی باسی دەکەیت ڕاستە» ژنەکە بەدەم گریانەوە وەڵامی دامەوە وتی «بەڵێ

خاتوون بەڕاستمە» ئەی دواتر چیتانکرد ئێستا نامۆ لە کوێیە بەدەم هەنسکی گریانەوە کەفرمێسک بەسەر کوڵمە بەرزوو سورەکانیدا دەهاتنە خوارەوە وتی (دوای ئەوەی هەموو خەڵکی کۆڵانەکە کۆبوونەوە لەدوای چەند خولەکێک پۆلیس هەموو ئەم کۆڵانەیان تەنییەوە و چوونە ژوورەوە، ماوەیەکی زۆر لەماڵەکەدا مانەوە، بۆشەو درەنگ تەرمەکەی نامۆیان کردە ناو ئۆتۆمبێلێکی فریاگوزارییەوە و بردیان، کاتێک پرسیاری کەس و کاری نامۆیان لێکردین، هەموو وتمان ئەم کوڕە جگە لەنەنکێکی پیر هیچ کەسێکی تری نەبوو، کەس سەردانی نەکردبوون کاتێک نەنکیشی مرد هەرخۆی بەتەنێ لەم ماڵەدا دەژیا. ئیتر پۆلیس لەڕێگەی شارەوانییەوە تەرمەکەیان بەخاک سپاردو خاوەن ماڵەکەش دەرگاکەی داخست. لەو ڕۆژەوە خاوەن ماڵەکە هەموو کەسێکی ڕاسپاردووە بۆئەوەی بەکرێی بدات کەس ناچێتە ناو ئەم خانووەوە، هەرچی دێت دەڵێت «ئەم خانووە شومە ڕۆحی مرۆڤێکی تیا کێشراوە» کەس زاتی ئەوە ناکات بێتە ناوی».

مەرگی نامۆ منی خستە نێو گومانێکەوە، متمانەم بەوە نەبوو نامۆ بەدەستی خۆی، خۆی خنکاندبێت، ئەوەی زیاتر وای لێدەکردم موکوڕ بم لەسەر ئەو گومانەم، دیمەنی ژوورەکەی نامۆ بوو، کاتێک پەیوەندیم بەو پیاوە پیرە چاو چنۆکەی خاوەن ماڵەکەوە کردوو

خانووه کەم لێ بەکرێ گرت و چوومە ژوورەوە، لەسەر دیواری ژوورەکەی دواوە، ئەو ژوورەی چەندین جار تابلۆی دارستانی ژیانم تیا کێشابوو، لایەکی دیوارەکە بەو بۆیانەی کەلە ماڵەکەی نامۆدا بەجێم هێشتبوون بەڕەنگی ڕەش بەشێکی زۆری دیوارەکە ڕەش کرابۆوە، پرسیاری ئەوەم لەژنەکەی دراوسێی نامۆ کرد وتی: «من خوێندەواریم نییە، بەڵام کاتێک هاتمە ژوورەوە ئەو بۆیە ڕەشەم بەو دیوارەوە نەبینی، تەنها چەند شتێک نوسرابوو، کە من نەمزانی چی نوسراوە، کاتێک ئەفسەری پۆلیسەکان بۆ لێکۆڵینەوە منیان بانگکرد بۆژوورەوە، ئەو نوسراوە بەبۆیەی ڕەش داپۆشرابوو) کە باسی ئەفسەری کرد پرسیاری ئەوەم لێکرد «شێوەی ڕوخساری چلۆن بوو» ژنەکە تەواو وێنای شێوەی جوامێری کرد، وتی»ئەفسەرەکە پیاوێکی باڵابەرزی ناوشان پان بوو، مووی سەرنگی لە ئێخەی کراسەکەی هاتبوونە دەرەوە، پێستێکی سورباوی هەبوو قژەکورتەکەی بۆدواوە هەڵدابۆوە» ئەوە بۆخۆی بەڵگەیەک بوو، کەجوامێر بەڕاستەو خۆ بێت یان ناڕاستەو خۆ، دەستێکی لەکوشتنی نامۆ دا هەبێت، ئەگەرنا تا ئێستاش متمانە بەوە ناکەم نامۆ خۆی کوشتبێت.

لەدوای ئەوەی نامۆم ناسی و هێنامە نێو تابلۆی ژیانەوە، نامۆ مرۆڤێکی دی بوو، هەستمدەکرد ڕۆژ

بەڕۆژ هیوا لە ناخیداسەوز دەبوو، هەمیشە پێی دەوتم «کاتێک لەگەڵ تۆدەبم هەست بەبوونی خۆم دەکەم، هەست بە جوانی ژیان و خۆشەویستی دەکەم».

لەگەڵ گێڕانەوەی چیرۆکی مەرگی نامۆ، خاتووماریا وەکئەوەی بۆ کوڕێکی خۆی بگری، بەدەم هەنسکی گریانەوە دەیگوت «ئای نامۆ گیان چۆن بەبێکەسی سەرت نایەوە» ماوەیەک بێدەنگی ژوورەکەمانی داگیر کردبوو، تەنها دەنگی هەنسکی گریانی هەردووکمان دەهات، خاتووماریا پاش کەمێک چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی سڕی و وتی: «ئەی تۆ چیتکرد، نەچوویت بۆ بنکەی پۆلیس تا هەواڵێک بزانیت».

ئەو ڕۆژە لەکۆلانەکەدا لەجێگەی خۆمدا وەستابووم، وەکئەوەی قاچەکانم مێخێک بن و بەزەویدا داکوترابن، توانای جوڵەم نەمابوو.ژنەکە ناچاری کردم بچمەماڵیانەوە ماوەیەک دانیشتم، بەدەم گریانەوە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بتوانم سەردانی بنکە بکەم، کاتێک جوامێر بۆخۆی ئاگاداری هەموو ڕوداوەکانە، دڵنیابووم لەوەی ئاگاداری هەموو سەردانەکانم بووە بۆلای نامۆ، دڵنیابووم لەوەی ئەو ڕۆژەی لەڕێگەی ئەو کەسە نەناسراوەوە ئاگادار کرامەوە، جوامێر هەستی بەهاتنم کردبوو، هەربۆیە بەدەمامکەوە ڕەفتاری لەگەڵدا دەکردم.

هەرئەو ڕۆژە ژمارەی تەلەفونی خاوەن ماڵەکەم وەرگرت و ئەم خانووەم لێ بەکرێ گرت و چوومە خانووەکەوە، کاتێک لەدیوارەکەم ڕوانی ئاسەواری ئەو بۆیەڕەشەم بینی، بیرم لەوە دەکردەوە چلۆن بزانم ئەوەی نامۆ لەسەر دیوارەکە نوسیبووی چی بووە! دڵنیابووم لەوەی نامۆ ویستبێتی پێش مەرگی خۆی پەیامێک بۆمن بە جێبهێڵێت، یان ئەوەی بکوژی نامۆیە ئەو کارەی کردووە، دڵنیام جوامێر دەستی لەو کارەدا هەبێت  بۆئەوەی پلانەکەی ئاشکرانەبێتو بەوشێوەیە دایپۆشیوە، بەڵام چلۆن بتوانم ئەوە بدۆزمەوە، یان چلۆن لەوە دڵنیابم نامۆ خۆی کوشتووە؟ ئەوە بۆمن گومانێکە هەتا ئێستاش ناخی داگیر کردووم.

لەو ڕۆژە بەدواوە من لەم ماڵەدا دەژیم، شەوانە لەگەڵ ئازاری ناخی خۆمدا خۆم دەخۆمەوە. ماوەیەک بەو دۆخەوە مامەوە، دواتر بۆئەوەی خۆم لەئازارەکانم قوتاربکەم پەنام بۆ ئەو حەبانە دەبرد، کەنامۆ لەگەڵ پێکی ئارەقەکەدا بۆ ڕۆچوونە دیوارەکان بەکاری دەهێنا، وێنەی باخچەیەکی گەورەم لەسەر دیوارەکە دەکێشاو لەژێرداریێکدا وێنەی نامۆ م دروستکرد، شەوانە بەدەم خواردنەوەی پێکێک ئارەق ڕۆدەچوومە دیوارەکانەوە و لەگەڵ نامۆدا ئەدوام، هەمیشە پرسیاری ئەوەم لێدەکردوو پێم دەوت «نامۆ پێم بڵێ تۆ بەویستی خۆت، خۆت خنکاند، یان کەسێکی تر تۆی کوشت، پێم

بڵێ چیت لەسەر دیوارەکە بۆ من نوسیبوو، ئەوە خۆت نوسیبووت، یان بکوژەکانت ئەو کارەیان کردبوو» ئەو هەرگیز وەڵامی ئەو پرسیارانەی نەئەدامەوە، وەکئەوەی پێی بێزار بێت تاوی ئەدایە مەچەکم وبەرەو قووڵایی دارستانەکە دەیبردم و لەوێ لەژێر سێبەری دارێکدا دائەنیشتین و دەیگوت «واز لەمردن بهێنە ئێمە هەمیشە لەگەڵ مەرگدا دەژین، وەرە با بەیادی ئەو ڕۆژانەی، کەجوانترین و خۆشترین وێنای ژیانمان بوو، پێکەوە گەمە بکەین. ژیان بەچێژ بکەین و خۆشەویستی لە نێو یەکتریدا بڕوێنین» لەو ڕۆژەوە تائێستاش من دەچمە دیوارەکانەوە و لەگەڵ نامۆدا شەوانە ئەدوێم، لەچاوەڕوانی ئەوەدام شەوێک ناچاری بکەم بێتە گۆو نیهێنی مەرگی خۆیم پێ بڵێ.

# تابلۆ
# نەکێشراوەکان

## ١

«ژیان ئەو کاتە بێنرخە، کەمرۆڤ تێیدا ون دەبێت، من بۆچی دەژیم، بوونم لەکوێی ئەم ژیانەدا هەیە، چێژی ژیان لەکوێیدایە تاهەست بەبوونی بکەم، نەفرەت لەو ڕۆژانـە دەکـەم منی خستە ئەم ئازارانەوە.بێئومێدی بەشێوەیەک دڵی گرتووم، قێز لەجەستەو بوونی خۆم دەکـەمـەوە، زۆرجـار وابیر دەکـەمـەوە دەڵـێم، تۆبڵێی لەم شارەدا من تەنها مرۆڤێک بم بەڕۆح مردبێتم، یان زۆرێک لەمرۆڤەکان بەهەمانشێوەی من لەناو تاریکی ڕۆحی خۆیاندا دەژین، بەڵام هەستی خۆیان نادرکێنن، نایانەوێت هیچ کەسێک هەست بە ئازارەکانیان بکات، دەبێت ژیان لای ئەوانیش وەک من تەنها جەستەیەکی ساردو سڕو بێنرخ بێت و بـەردەوام بەناچاری لەگەڵ ئازاری ئەو مەرگە بەردەوامەدا بژین و لەچاوەڕوانی فریاد ڕەسێکدابن و بە ژیـان ئاشنایان بکاتەوە؟ ئایا بەتەنێ هەرمنم لەجەستەو ڕۆحـی خـۆم بێزارم، یان مەرگ بەچەندین شێوەو وێنای جیاواز لەژیانی ئێمەدا خۆی نیشان ئـەدا؟ تۆبڵێی هەموو ئەوانەی واهەست دەکـەن خۆشبەختن لەژیاندا بۆچرکەساتێک هەستیان بەوێنەی مەرگ نەکردبێتیان ساویلکانە لەژیان دەڕوانن؟ دڵنیام لەوەی مرۆڤە ساویلکەکان لەم شارەدا هەرگیز هەست بەمەرگی خۆیان ناکەن، تەنها ئەو کەسانە نەبێت،

کەدەیانەوێت بەدوای مانای ژیاندا بگەڕێن» لە ئەندێشە پەرتبووەکانی خۆمدا نەمدەزانی بۆکێ ئەدوێم، زۆر جار خاتوو ماریا هەستی پێدەکردم لەبەر خۆمەوە وڕێنەم ئەکرد، هەربۆیە بەردەوام پێی دەوتم «سەناریاهەرگیز واهەست مەکە هەموو ئەوانەی لەژیانی هاوسەرگیریدا بەردەوامن خۆشبەخت بن، دڵنیابە زۆرینەی پەژیوانن لەوەی ساویلکانە کەوتوونەتە نێو ئەو تەلیسمە نەفرەتییەوە کەپێی دەڵێن هاوسەرگیری، نازدارەکەم هاوسەرگیری تەلیسمێکە هەتانەکەویتەناوی و کارت لێ نەکات هەست بەئازارەکانی ناکەین، ئەو کاتەی لەچرکەساتێکدا بەخۆت دێیتەوە ئەوکاتە دەزانیت بەویستی خۆت هەموو هەست و ئازادییەکانی خۆت کۆت و بەند کردووە. چێژی ژیان لەئازادیدایە، بەڵام یاساکانی ژیان ناچارمان دەکەن بەدەمامکێکی ساختەوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکەین، منیش بەوێنەی تۆ ماوەیەک لەگەڵ مەرگدا دەژیام تا ڕۆژێک بیرم لە هەڵهاتنی خودی خۆم کردەوە و لەخۆم یاخی بووم، بەدووی ئەو جیهانە کەوتم، کە چێژی ژیانم تیا دەبینی. دەزانم زۆر سەختە بۆمرۆڤ بتوانێت لەخۆی هەڵبێت وڕابردووی خۆی بەنەفرەت بکات، بەڵام لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا ئەفسونێک هەیە پێی دەڵێن لەبیر چوونەوە، من هەموو ئازارەکانم لەو شوێنە تاریکەی خۆمدا بەجێهێشت و بەدووی ژیان کەوتم، نەفرەتیم لەو کۆت و بەندە کرد کەپێی دەڵێن هاوسەرگیری».

هاتنی خاتووماریا بۆمن هیوایەک بوو لە تەنیاییدا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا منی گەڕاندەوە بۆناو ئازارەکانم و برینەکانی ناخمی زیندوو کردەوە.ئێستا وەک هەموو ئەو ڕۆژانەی لەژیانمدا تێپەڕین و وەک خەون دێنە یادەوەریمەوە، هەموویان بەردەوام خۆیان نوێ دەکەنەوە و دەمخەنەوە دۆخی ئەوساتانەی، کە ئارەزووی مەرگی خۆم دەکرد، دەبێت من لەم دۆخەدا چ ئومێدێکم بە ژیان هەبێت؟ هاتنی پەریسا تا چەند دەتوانێت هەموو ئازارەکان بڕەوێنێتەوە و لە گۆشەیەکی تاریکی ڕۆحمدا بەندیان بکات و هیوایەکی نوێ بە ژیانم ببەخشێتەوە ولەجەنگی ناخم قوتارم بکات.

لەدوای گێڕانەوەی چیرۆکی تابلۆکان، خاتووماریا ڕۆژانە هاتووچۆی بازاڕی دەکرد، لەگەڵ خۆیدا پێویستی ژەمە خۆراکییەکانی دەهێنایەوە، چەند ڕۆژێک پێش لەدایکبوونی پەریسا، لەجانتایەکی گەورەدا چەند پۆشاک و پێویستی بۆ پەریسا کڕیبوو، خستییە خانەیەکی کەنتۆری ژوورەکەی پشتەوە و وتی»سەناریا.. پەریسا نابێت بێنازو بێکەس بێتە ژیانەوە، ئەوەندە بیر لەداهاتووی مەکەرەوە، ئەوە ئێمەین دەتوانین ژیانێکی پڕ بەختەوەری بۆ داهاتووی منداڵەکانمان دابین بکەین، دڵنیابە هاتنی پەریسا دەبێتە دەستپێکێکی تر بۆژیانت و لەو ئازارەی پێیەوە دەناڵێنیت قوتارت دەکات، دڵنیابە لەوەی پەریسا زۆڵ نییە، منداڵێکە خۆشەویستی

دروستی کردووە!» ئەو قسانەی خاتووماریا هیچ ئومێدێکی بەخەونەکانم نەبەخشی، ڕۆژانە لەچاوەڕوانی هاتنی پەریسادا چەندین خەونی ناخۆشم دەبینی، هیوای ئەوەم دەخواست هاتنی پەریسا تۆڵەی هەموو ئازارەکانم لەجوامێر بکاتەوە، ئەو وەک فریادڕەسێک بێتە ژیانمەوە و لەدادگا هەموو پلانەکانی جوامێر ی پێ پوچەڵ بکەمەوە.

تادەهات جەستەم زیاتر قورسو گران دەبوو، جوڵەم تەواو هێواش بوو، سکم لەمانگی خۆیدا بوو، خاتووماریا ڕۆژانە خۆراکی ئامادە دەکردوو ماڵەکەی خاوێن دەکردەوە، لەدوای تەواو بوونی کارەکانی شەوانە، دەچووە ژوورەکەی پشتەوە و خۆی بەنوسینەوە موژوڵ دەکرد، منیش لەچاوەڕوانی هاتنی پەریسادا ڕۆ دەچوومە خەونەکانی خۆمەوە، وێنای شێوەی پەریسام دەکرد و دەمگوت «دەبێت لە نێوان من و جوامێر دا خۆی لەکامماندا وێنابکات، شێوەی کاممانی زیاتر لەخۆیدا هەڵگرتبێت».

## ٢

لەنیوەی وەرزی هاویندا بووین، تادەهات کەشەکەگەرمتر دەبوو، ئەگەر سەقفی خانووەکە گڵ نەبوایە ئەستەمبوو بمتوانیبا خۆم تیا بگرتبا، خاتووماریا بەماکسییەکی کورتی تەنکەوە، کەتا سەر ئەژنۆکانی هاتبوو، مەمکە شل و گەورەکانی بەهۆی ستیانەکەیەوە لەنێوان ئێخەی ماکسیەکەیدا دەرپەڕیبوون، بەو تەمەنەیەوە ئەوەندە سەرنج ڕاکێش بوو هەستی هەموو پیاوێکی دەبزواند، لەسەر کورسیی ژوورەکەی پێشەوە دانیشتبوو خەریکی نوسین بوو، لەناکاوێکدا ئازارێک هەموو پشت و کەمەرمی تەنییەوە، تادەهات ئازارەکە زیاتر دەبوو، واهەستمدەکرد بەئاگرهەموو هەناوم داخ ئەکەن، خاتووماریا لەهاواری من بەخۆی هاتەوە و بەپەلە هاتە ژوورەکەمەوە و وتی «ئارام بەرەوە جوانکیلەکەم لەشوێنی خۆت مەجوڵێ، بەپشتا پاڵکەوە و قاچەکانت بڵاو کەرەوە باڵە ناو لەشت بڕوانم» من لەتاو ئازاری خۆم خەریکبوو لەهۆش خۆم دەچووم، کە لەنێوان ڕانەکانمی ڕوانی بەخەندەیەکەوە وتی «ئارام بەرەوە سەناریا، هەوڵ بدە بەردەوام هەناسە بدەی بۆئەوەی لەهۆشی خۆت نەچیت، ئاوی سکت تەقیوە کاتی لەدایکبوونی پەریسایە» ئەوەی وتوو بەپەلە چووە دەرەوە، هەتائەو بە تەشتێکی ئاوی شلەتێن گەڕایەوە لەتاو ئازاری گیانم بەردەوام هاوارم دەکرد، واهەستمدەکرد

پەریسا بۆئەوەی نەیەتەدەرەوە پەلەکانی لەدیواری سکم توونددەکات، بەدەم ژانێکی زۆرەوە هەستمدەکرد هەموو ناخم گرژدەبێت، ئازارێکی زۆر لەپشت و کۆم و کەمەرمدا مۆڵی خواردبوو «من کەی لەم ژان و ئازارە قوتارم دەبێت، تاکەی لەم دۆخەدا دەمێنمەوە! تۆبڵێی پەریسا هیچ زیانێک بەجەستەی ناسکی نەکەوێت» بەدەم ژانەوە لەخۆمدا ڕۆچوو بووم، خاتوومariya تەشتە ئاوەکەی لەنێوان ڕانەکانم دانابوو، بەردەوام دەستی بەنێو لەشمدا دەهێناو دەیگووت «بەردەوام لەگەڵ هەناسەداندا هەوڵبدە زیاتر خۆت توند بکە، فشار بخەرە سەر هەناوی خۆت بۆئەوەی پەریسا نەتاسێت، بەردەوام فشار لەخۆت بکە، وەک چلۆن تەنگاویت ئاوا هەوڵبدە ئەوەی لەهەناوتدایە توڕی بەرە دەرەوە»

هەمووجەستەم شەلاڵی ئارەقە بوو، بەهۆی گەرماکەوە تەواو تاسابووم، چەندجارێک خەریکبوو بەهۆی دابەزینی فشاری خوێنمەوە لەهۆشی خۆم بچم، بەڵام ئەو ئەوەندە بەئەزموون بوو هەستی بەدۆخی من دەکرد، لەگەڵ هەموو تاسانێکمدا بەخۆی دەهێنامەوە و دەیگوت» ئەوەندەی نەماوە پەریسا سەری بێتە دەرەوە، بەردەوام فشاربکە، پەریسا زۆر بەئەستەم دێتە دەرەوە، هەرگیز لەژیانمدا منداڵی ئەوەندە ئینکارم نەبینیوە» لەگەڵ ئەو ژانە زۆرەی، کەهەموو کەمەرو ناو هەناومی تەنیبوو لەشم زیاتر دەکرایەوە، هەستمکرد پەریسا

بەردەوام لەجەستەم جیادەبێتەوە و دێتە ژیانەوە، نازانم چەند خولەک بوو من لەو دۆخە بەئازارەدا مامەوە، کاتێک پەریسا بەتەواوی هاتە ژیانەوە، هەناوم تەواو خاڵی بوو، لەگەڵ دامرکاندنەوەی ئازاری جەستەم بەتەواوی لەهۆش خۆم چووم.

دەنگی گریانی پەریسا منی بۆژیان گەڕاندەوە «پەریسا بۆچی دەگری ؟ تۆبڵێی بەهۆی گۆڕانی ژینگەی ژیانییەوە بێت، یان ئەو هەستی بەئازارو ناخۆشی ئەم ژیانە کردبێت وگوێی لەهەموو چیرۆکی تابلۆکان بوبێت. دڵنیام ئەو ئارەزووی هاتنە نێو ئەم ژیانەی نەبوو، هەربۆیە بەردەوام فشارم بۆ هاتنە دەرەوەی دەکرد و ئەویش پەلە ناسک و نەرمۆڵەکانی لە هەناوم گیر دەکرد، بۆئەوەی بەردەوام لەمندا بژی، تائەو کاتەی مەرگ هەردووکمان لەگەڵ خۆی دەبات» من لەئەندێشەی خۆمدا ئاوا بیرم لەپەریسا دەکردەوە، بەڵام خاتووماریا بەدەنگێکی پڕ لەخۆشەویستییەوە وتی «سەناریا تۆ بڕوانە، بزانە پەریسا چەند جوانە» کاتێک چاوەکانم کردەوە پەریسا لەنێوان هەردوو دەستیدا خۆی گرمۆڵە کردبوو، بەدەم گریانەوە پەلەکانی بەهەموو لایەکدا بڵاو دەکردەوە، بەبینینی، ئارامیی بۆ هەموو جەستەو ناخم گەڕایەوە. خاتووماریا پەریسای بەڕووتی هێنایە سەرسنگم و وتی»مەمکەکانت بخەرە دەمییەوە با کەمێک ژەک بخوات و ئارام بێتەوە».

### ٣

زیاتر لەهەفتەیەک بەسەر لەدایکبوونی پەریسادا تێپەڕیبوو، ماڵەکەمان بەهۆی گریانی پەریساوە ئاوەدانی تێکەوتبوو، خاتوومار‌یا لەو ماوەیەدا چەند جارێک سەردانی بازاڕی کرد و لەگەڵ خۆیدا چەندقوتووە شیرێکی تۆز و مەمەی بچووک و سەبەتەیەکی بۆپەریسا کڕیبوو. تادەهات شێوەی پەریسا جوانتر دەبوو، کاتێک خاتوو ماریا پەریسای لەئامێز دەگرت و لێی دەڕوانی و دەیگوت «دەزانیت شێوەی لوت و لێوەئەستور و ڕومەتە پان و گۆشتنەکەی بەتەواوی لەخۆت دەچێت»ئەو قسانەی بۆمن ئەوەنە گرنگ نەبوون بەهێندەی ئەوەی من بەدوای شێوەی جوامێردا دەگەڕام لەپەریسادا، هەربۆیە پێم وت «دەمەوێت بەیانی پێکەوە سەردانی دادگا بکەین بۆئەوەی پەریسا وەک بەڵگەیەک بەکاربێنم بۆ ڕاستکردنەوەی هەموو درۆکانی جوامێر»خاتووماریا کەمێک لە سیما گەشەکەی پەریسای ڕوانی و بەنیگایەکی پڕلە گومانەوە وتی «پەلەت نەبێت، هەمووشتێک ئارام دەبێتەوە و تۆش لەم ئازارە قوتارت دەبێت، پەریسا هێشتا ساوایە باکەمێک خۆی بگرێت ئەو کات پێکەوە دەچین».

ئارامییلە جەستەمدا بڕابوو، بەردەوام لەئەندێشەی ئەوەدا بووم جەستە و خوێنی پەریسا بێتە گۆ و بە جوامێر بڵێت «ئەی باوکە درۆزن و داوێن پیسەکەم،

ئـەی بـاوکـە بـێـویـژدانـەکـەم، ئـەوە منم پەریسا، کچە بێنازەکەت، ئـەو کچەم کەلە پێناوی ئـارەزووە کانی خۆتدا نکولیت لێکردم و دایکمت بەسۆزانی تاوانبارکرد، ئێستا من هاتوومەتە بەردەمت و بە پەنجەکانی خۆم ئەو دەمامکە لەڕووی ڕاستەقینەت هەڵدەماڵم، بۆئەوەی بەخۆت بێیتەوە و هەست بەمرۆڤبوونی خۆت بکەیت، هەست بەوئازارانەی دایکم بکەیت، کەشەوانە خەوی لێدەسەندەوە و بەمەرگ ئاشنای دەکرد.مرۆڤ چلۆن دەبێت ئەوەندە دڕندە بێت چێژ لەئازاری ئەوانی تر ببینێت، ئاخر تۆش مرۆڤیت، بەڵام نازانم کەی بیر لەخۆت دەکەیتەوە و هەست بە مرۆڤبوونی خۆت دەکەیت، دەزانم هەتا بەو دەمامکەوە لە ژیان بڕوانیت هەرگیز هەست بە ئـازار ناکەیت، ئـەوە تەنها ئـەو مرۆڤانەن ئازاردەچێژن، کە هەستی مرۆڤدۆستی ناخیانی تەنیوە. وەرە لە ئامێزی خۆتم بگرە و بۆنم بکە بزانە چەند بۆنی تۆم لێدێت، بزانە لە چ شتێکدا لەیەکدی دەچین، من خوێنی تۆم هەڵگرتووەوە، بۆنی تۆم لێدێت ئەگەر نکولی لەبوونم بکەیت، دڵنیابە من هەر پەریساکەی خۆتم، کە ئارەزووی هاتنت دەکردم» من لەخۆمدا بەئەندێشەی پەریساوە ئەدوام لەچاوەڕوانی ئەوەدابووم ئەو ڕۆژ بە چاوەکانی خۆم ببینم، بەڵام ئەوە بۆمن تەنها خەونێک بـوو وەک هەموو خەونەکانی تـری سـەرەتـای ژیانی هاوسەرگیریمان، نازانم بۆچی مرۆڤ ئەوەندە قێزەونە

هەست بەئازاری ئەوانی تر ناکات، پەریسا خەونێک بوو ماوەیەک لەهەناومدا ژیاو ڕۆی، ئەویش بووە برینێکی گـەورەو لەڕۆحمدا مـایـەوە، بووبەئازارێکی بەسۆو هەموو ڕۆحی گرتمەوە، هەرگیز پێشبینی ئەوم نەئەکرد پەریسا خەون بێت.

کاتێک من لەئەندێشـەی ئـەوەدا بووم پەریسا وەک ڕاستییەک بێتە گۆ، بەئەندێشـەی ئـەوەوە دەژیـام لەو ماوە زۆرەدا بەهۆی دوگیانیم بەپەریساوە نەچووبوومە دەرەوە، خاتوومار‌یا وتی «بۆچی ناچیتە دەرەوە کەمێک بگەڕێیت و بازاڕێک بکەیت تا هەست بەئارامیی بکەیت و بەخۆت بێیتەوە، من ئاگاداری پەریسا دەبم» ئەو ڕۆژە بە ئۆتۆمبێلەکەم سەردانی قوتابخانەکەم کرد، هاوڕێکانم هەواڵی پەریسایان لێدەپرسیم و خۆشحاڵ بـوون بە سەردانەکەم، دواتر سەردانی بازاڕم کرد، ئەو ڕۆژە بۆمن ڕۆژێکی تەواو جیاواز بوو، هەستم بەتەنیایی خۆم دەکرد لەم شـارەدا، ئای ئەوە چ هەستێکە والە مرۆڤ دەکات لە زێدی خۆیدا هەست بەنامۆیی خۆی بکات، ئێوارە، کەگەڕامەوە لەگەڵ خۆمدا هەندێک پێویستیم بۆماڵەوە کڕیبوو، لەگەڵ دیارییەکی خنجیلانە، کە زنجیرێکی ئاڵتوون بوو مەدالیایەکی لەشێوەی گوڵێک پێوە بوو، بڕیارمدا ئەوە بکەمە دیاری بۆ خاتوومار‌یا، لەپای ئەوەی لەو دۆخە دژوارەی ژیانمدا ماوەیەک هاوڕێم بوو، پێمەوە ماندوو بوو، هاوکاری کردم و بووە مامانی پەریسا.

کاتێک گەڕامەوە بۆماڵەوە و دەرگای حەوشەکەی ماڵەوەم کردەوە، پەریسا دەنگی نەهات، وتم پێدەچێت لەباوەشی میهرەبانی ئەودا نوستبێت، چوومە هۆڵەکەوە، لەوێ نەبوو چەند جارێک بانگی خاتووماریام کرد وەڵامی نەدامەوە، وتم پێدەچێت بۆکارێکی پێویست چوبێتە دەرەوە و پەریسای لەگەڵ خۆی بردبێت، بەڵام کە گەیشتمە ژوورەکەی دواوە لەشوێنی جێخەوەکەی پەریسا، خاتووماریا دەفتەرەکەی خۆی بەجێهێشتبوو، هەموو پۆشاک و مەمکەمژەو شیرو پێداویستیەکانی پەریسای لەگەڵ خۆی بردبوو، بەبینینی ئەو دیمەنە خورپەی ترسێک هەموو ناخی هەژاندم دڵنیابووم لەوەی شتێکی نامۆ و مەترسیدار ڕویداوە.

بەپەلە پەیوەندیم بە خاتووماریا وە کرد، تەلەفونەکەی داخرابوو، بەڕاکردن چوومە دەرەوە و بەهەموو کۆڵانەکانی دەوروبەری خۆمان گەڕام دیار نەبوون، پرسیاری ئەو دوکاندارەی نێزیکی ماڵی خۆمان کرد، کە ڕۆژانە خاتووماریا سەو زەو میوەی لێدەکڕی وتی «ئەمڕۆ نەمبینیوە» ئای خودایە چیم بەسەرهات، خاتووماریا بۆکوێ چوو پەریسای بۆکوێ بردبێت؟ بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووم ئارامیی بۆ خۆم بگەڕێنمەوە و ئەو گومانەی ناخی دەکرۆشتم بەنەفرەتی بکەم بەخۆم دەگوت»ئەوە تەنها ترسێکە لەخۆمدا بۆلە دەستدانی پەریسایە، ئەوە ڕاستی نییە، دڵنیام خاتووماریا

و پەریسا دەگەڕێنەوە بۆماڵەوە، پێدەچێت پەریسا ناساخ بووبێت، یان تووشی دۆخێکی خراپ هاتبێت و بەناچاری گەیاندبێتیە نەخۆشخانە، بەڵام هەموو ئەوانە تەنها ئەندێشەیەک بوون بۆئارامکردنەوەی ترسی ناخم، کاتێک گەڕامەوە بۆماڵەوە تادرەنگانێک لەچاوەڕوانی ئەواندا بووم نەهاتنەوە، دنیا تەواو تاریک بوو، بیرم لەوە کردەوە پۆلیس ئاگادرار بکەمەوە، بەپەلە ئۆتۆمبێلەکەم بەگەڕ خست و خۆم گەیاندە بنکەکەی نێزیکمان، لەوێ سکاڵام لەدژی ئەوژنە شەیتانە تۆمار کرد، کە خۆی لەبەرگی فریشتەدا ناساندبوو.

هەرئەو شەوە ئەفسەری ئێشکگرەکە هەموو بازگەکانی سنوری شاری ئاگادار کرەوە و ژمارەی تەلەفونەکەیان وەرگرتم و داوایان لێکردم بگەڕێمەوە بۆماڵەوە، لەچاوەڕوانی ئەوەدابم تا خۆیان لەهەواڵی دۆزینەوەی پەریسا ئاگادارم دەکەنەوە، کە گەڕامەوە بۆماڵەوە کات «دەی» شەو بوو، هەموو ناخم ئازاری لێدەچۆڕا، نەمدەزانی ئەو ژنە چی بوو خۆی بە ژیانمدا کردوو هەموو تەمەنمی لەگەڵ خۆی برد، بەدەم هەنسک و گریانەوە لە بەفرگرەکەدا ئەو بوتڵە ئارەقەم دەرهێنا، کەخاتووماریا بەهۆی دوگیانیمەوە لێی قەدەغە کردبووم، پێکێکی پڕم خواردەوەو بەدەم کێشانی جگەرەیەکەوە ئەندێشەم کەوتە سەر ئەو دەفتەرەی، کە لەسەر جێگەکەی پەریسا بەجێی هێشتبوو.

# ٤

خاتووماریا بۆی نوسیبووم :

دەزانم بە ڕۆیشتنی پەریسا زۆر نیگەران دەبێت، وەک من ئارامت هەبێت! کاتێک من نامۆی کوڕم بەجێهێشت ماوەیەکی زۆر خەونم شێواو بوو، هەموو شەوێک خەونم بە ڕوخساری نامۆ وە دەبینی، ئای ئەوە چ ئازارێک بوو بۆمن، کە ناچاربووم بەدڵێکی شکاو و تەنگەوە بیرم لەهەڵهاتنی ئەم نیشتمانە کردەوە. لەوانەیە ئەوەی بۆتۆی دەنوسم جێگەی متمانەت نەبێت، بەڵام دڵنیابە ئازارەکانی تۆ هەمان ئازاری من بوون،

کاتێک چیرۆکی تابلۆکانت بۆ دەگێڕامەوە لەناو هەموویاندا خۆم دەبینی، منێک لەشێوەی تۆدا، بەڵام بەڕوخسارێکی جیاوازەوە، منیش وەک تۆ لەسەرەتای هاوسەرگیریمداکەتمە خەونی عەشقێکەوە، وامدەزانی ئیتر جوانی ژیان لەوێوە دەست پێدەکات، بەڵام نەمزانی ئەوە بۆخۆی سەرەتای چوونە ناو زیندانێک بوو بەویستی خۆم دەرگاکەیم کردەوە و ئازارم تیا چەشت.

ئاخر من بەو تەمەنە کەمە و بەو دڵە ساویلکەیەمەوە، هەرئەوەندە لەنهێنی ژیان گەیشتبووم، نەمزانی هاوسەرگیریی کۆت و بەندێکە ئازادی مرۆڤەکان سنوردار دەکات، خۆشەویستی دەکوژێت و دەتکاتە کۆیلەی مرۆڤێک ناچارت دەکات بەویستی ئەو بژی.

ئەو پیاوەی بەویستی باوکم هاوسەرگیریم لەگەڵ کرد، لەگەڵ باوکم کاری دەکرد، باوکم بۆئەوەی بەرژەوەندی پیشەی سەعاتچییەکەی خۆی بپارێزێک ناچاری کردم بەوپیاوە ڕازی بم کەشاگردی باوکم بوو. لەو کاتەدا منێکی تەمەن شازدەساڵ، کەناخم ئاگری لێدەچۆڕا هەموو جەستەم لەچێژو خۆشەویستی کەیل بوو، هەموو جوانییەکی ژیانم لە ژنێتی خۆمدا دەبینی.

سەرەتای هاوسەرگیری بۆمن بەهەشتێک بوو، کە بەردەوام خەونم پێوە دەبینی، لەدوای ئەوەیچەند مانگێکمان پێکەوە لەگەڵ (سالار) بەسەر برد و ناخم لەو چێژە دامرکایەوە، ئەو کاتە زانیم من بوومەتە کۆیلەی پیاوێکی دڵڕەق و دڵ پیس، بەردەوام ئازاری ئەدام و چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە کردبووم، ماڵەکەی خۆم لێ ببووە زیندانێک.ئەوکاتەی تازە سکم بە نامۆ پڕببوو پەشیمان بووم لەوەی ڕێگەم بەخۆمدا نامۆ دروست بێت، چەند جارێک لەهەوڵی ئەوەدا بووم لەبار خۆمی بەرم، بەڵام ئەوە بۆمن لەو دۆخەدا زۆر ئەستەم بوو.

نامۆ بەویستی من نەهاتە ژیانەوە، ئەوە تەنها ئارەزوویەکی خۆڕسکی ژیان بوو، ناچاری کردم نامۆ لەخۆمدا گەورەکەم و بە ئازارەکانی ژیانی ببەخشم، من دڵنیابووم لەوەی مرۆڤێک لەناو تەنگەژەو ئازاری ژیاندا لەدایک بێت، هەرگیز ناتوانێت لەژیانیدا بەختەوەر بێت، ئەوە پێشبینی من بوو بۆژیانی نامۆ، بەڵام لەو

زیندانەدا چلۆن بتوانم درێژە بەژیان بدەم؟ بەردەوام بیرم لەهەڵهاتنی خۆم و نامۆ دەکردەوە، چەندجارێک باوکم لە دڕندەیی ڕەفتارەکانی هاوسەرەکەم ئاگادار کردەوە، بەڵام باوکم سەرزەنشتی دەکردم و پێی دەوتم «هەڵەی تۆیە، ئەگەر ژن بیت دەزانیت چۆن دڵی هاوسەرەکەت ڕادەگریت» منێک کە هەموو دەرگاکانم لەسەر داخرابێت، دەبێت چیم بکردایە؟ ئاخر مرۆڤ کاتێک لەناخی خۆیدا زیندانی بێت، چلۆن دەتوانێت چێژ لەژیان ببینێت.

هەتا نامۆ لەدایک بوو من بەو ئازارانەوە دەژیام، لەدوای مردنی باوکم، دۆخم خراپتر بوو، هاوسەرەکەم شەوانە وەک دڕەندەیەکی مەست بەردەوام هەموو تووڕەیی خۆی بەسۆندە و قایشی پانتۆڵەکەی لەمندا خاڵی دەکردەوە، دواتر تاوی ئەدایە ماکسیەکەم و لەبەری دادەماڵیم و بەدەم لێدانەوە ئامبازم دەبوو، تائەو کاتەی هەموو هەڵچونەکانی ناخی خۆی بەدەم تەکانلێدانەوە لەمندا خاڵی دەکردەوە.

وشەی سۆزانی چەقۆیەک بوو، هەمیشە لەهەناوی دەچەقاندم، ئاخر من تا ئەو ساتە هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ پیاوێکی تردا نەبوو، هەرئەوە ناچاری کردم دڵی خۆم بدەم بەو پیاوەی دراوسێکەمان کەناوی (سەریاس) بوو، هەمیشە لەسەربانی ماڵەکەی خۆیانەوە لەجستەی منی دەڕوانی. من سۆزانی نەبووم، بەڵام بۆئەوەی ئەو

پیاوە بکەمە دەروازەیـەک بۆ قوتاربوونم لەم ژیانە، بەنیگای چاوەکانم مەیلم پێداو هانمدا خۆی بخزێنێتە ماڵەکەمەوە.

ئـەو ڕۆژە سـالاری هـاوسـەرم لەسـەر کـار بـوو، جگە لـەخـۆم و نـامـۆ، کەتەمەنی تەنها پێنج ساڵێک دەبوو، کەسێکی تر لەماڵەکەمدا نەدەژیا، کە سەریاس هـات ترسێک هەموو ناخمی تەنییەوە، بەچاوە پڕلە شەهوەتەکانی لەهەموو جەستەمی دەڕوانی، ویستی لێم نێزیک بێتەوە و ماچم بکات، لەو کاتەدا بەبێ ویستی خـۆم پاڵێکم پێوە نـاو وتـم «تۆچلۆن ڕێگە بەخۆت ئەدەیت بێیتە ماڵەکەمەوە و پەلامارم بدەیت» ئەو قسانە (سەریاس) ی توشی گومان کرد لە نێوان بیرۆکەی هەڵهاتن و خۆشەویستیدا، بۆمن تێڕامابوو، دواتر وتی «ئاگادارم سکاڵای خۆت لای خوشکەکەم کردووە، کە هاوسەرەکەت ئـازارت ئـەدات، بەداخم بۆئەوەی ئەو پیاوە نەزانە نرخت نازانێت، من هاتووم بۆئەوەی لەم ژیانە قوتارت بکەم».

ئۆی ئەوە چ ڕۆژێکی خۆش بوو بۆمن، کە پیاوێک بە پێی خۆی بێتە ناو ماڵەکەمەوە و وەک فریاد ڕەسێک بەهانامەوە بێت هەربۆیە وتم «چلۆن دەتوانیت قوتارم کەیت» لەو ساتەدا سەریاس هیچ بیرۆکەیەکی وەهای نەبوو، ئەوەندە نەبێت کەمێک لەخۆی ڕاما، وەکئەوەی بە دوای چارەسەرێکدا بگەڕێت پاشان وتی «دەتوانین

پێکەوە هەڵبێین و ژیانێکی خۆش دروست بکەین».

ئەوە بۆمن جێگەی ئومێدێکی مەزن بوو، بەڵام گومانم هەبوو لەوەی ئەو لەسەر بەڵێنەکانی خۆی سوورنەبێت، هەربۆیە لەدوای ئەوقسانە بڕیارماندا ئەو خوشکە بەتەمەنەی، کە تا ئەو کاتەش هیچ پیاوێک لەدەرگای ماڵەکەیانی نەدا بوو بۆ خوازبێنی هاتە نێوانمانەوە، ئیتر پەیوەندی من و سەریاس ڕۆژ بەڕۆژ بە هێزتر دەبوو تا گەیشتە ئەوەی ئەو شەوانەی هاوسەرەکەم لەیانەکانی شەواندا لەگەڵ هاوڕێکانی تا درەنگانێک دەمانەوە، سەریاس بەنهێنی خۆی بەماڵەکەمدا دەکرد، لەهەلۆیستە کانیدا ئەو عەشقەم دەبینی کە لەناخیەوە بۆمن هەیبوو، بەتاسەوە هەموو جەستەمی دەلێسایەوە و بەدەم ئەو وشانەی، کە ناخی توونیمی لەخۆیدا تێر دەکرد، ماچی دەکردم، دواتر کەهەردووکمان بەتەواوی لەیەکتریدا ڕۆدەچووین و چێژێکی ئەفسوناویمان بە ناخ و جەستەی یەکتری دەبەخشی، ئەو پلانەمان بەسەر دەکردەوە، کەچلۆن ئەم شارە بە جێبهێڵین و بەرەو و هەندەران هەڵبێین. بەڵام ئەوەی جێگەی ناکۆکی نێوانمان بوو تەنها بوونی نامۆ بوو، ئەستەم بوو بەو تەمەنە کەمەوە لەگەڵ خۆمان بمان بردایە، هەر بۆیە سەریاس دوای چەند ڕۆژێک بیری لەو پلانە کردەوە، کە نامۆ ڕادەستی ئەو ژنەی خزمیان بکەین کەبەتەنێ دەژی، بڕیارماندا تا کاتێکی گونجاو دەگەڕێینەوە مانگانە

لەڕێگەی خوشکەکەیەوە بڕێک پارە بۆئەو ژنە دابین بکەین، کە ئەرکی بەخێو کردنی نامۆی لەسەر بوو.

ئەو ڕۆژەی لەگەڵ سەریاس هەڵهاتین  بە ژنەکەم وت «تکادەکەم ئاگات لە نامۆ بێت، هەرگیز مەهێڵە هەست بە بێدایکی بکات، واخۆت نیشان بدە کە تۆ نەنکی ئەویت، تائەو کاتەی دەگەڕێمەوە، هەموو ڕاستیەکانی بۆ دەگێڕمەوە»

ئۆففف ئەو ڕۆژە چەند بەئازار بوو، کە بەجێمهێشت، نامۆ لە باوەشی ئەو ژنەدا بۆمن دەگریا، لەو ساتەدا چەند جارێک هەستی پەشیمانی دەرونی داگیر کردم، بەڵام چلۆن توانیم ئەو بڕیارە بدەم و بەشێک لەخۆێن و جەستەی خۆم بە جێبهێڵم، لەوانەیە تۆ لەسەر ئەو بڕیارە سەرزەنشتم بکەیت و بە دایکێکی دڵڕەق و ناشرین ناوزەدم بکەیت، بەڵام دڵنیابە سەناریا، لەناخی هەموو مرۆڤێکدا ویستێکی خۆخوازی هەیە، کاتێک ناخۆشی ژیان ناچاری دەکات ئیتر جگە لە خۆی بیر لە هیچ کەسێکی تر ناکاتەوە، ئەوە سروشتی ژیانەنازدارەکەم.

# ٥

دەزانم ئێستا زیاتر لەجاران بیری پەریسا دەکەیت و ناخت بۆی ئازار دەچێژێت، ئەو ڕۆژەی چیرۆکی مەرگی بەئازاری نامۆ ت بۆ گێڕامەوە، لەدڵمەوە بۆی دەگریام، بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی نامۆم بەجێهێشتبوو، بەردەوام بیرم لێ دەکردەوە و هەواڵیم لەخۆشکەکەی سەریاس دەپرسی، بەئومێدی ئەوە بووم ڕۆژێک بگونجێت و بگەڕێمەوە بۆ ئەم شارە و بە دیداری نامۆی کوڕم شاد ببمەوە، کاتێک هەواڵی مەرگی هاوسەرە کۆنەکەم بیست، کە بەهۆی زۆر خواردنەوەی مەی لە شەوێکی زستاندا لەکۆڵانێکدا لەسەرما ڕەق ببۆوە، ئەوە بۆمن بوو بەدەروازەیەک تاله ئەڵمانیا بگەڕێمەوە و بە نامۆ شاد ببمەوە و خۆمی پێ بناسێنمەوە و داوای لێبوردنی لێبەکەم وڕاستی چیرۆکی ژیانی خۆمی بۆبگێڕمەوە، کە چلۆن بەناچاری بە جێمهێشت، بەڵام ئەفسوس مەرگی نامۆ بۆمن، بووە ئازارێک دڵنیام هەتا دەمرم لەیادم ناچێتەوە.

ئەو ڕۆژەی بە ئومێدی بینینەوەی نامۆ گەڕامەوە بۆ کوردستان، بۆئەوەی زۆرێک لەو کەسانەی بە وشەی سۆزانی ئازاری من و نامۆیان ئەدا نەمناسنەوە، ناچاربووم بەو ناوە نوێیە خۆم بناسێنم، کەلەئەڵمانیا بۆخۆمم هەڵبژاردبوو. لەڕاستیدا پێشتر لێرە ناوم «زێڕین»بوو،

هەربۆیە بەنهێنی سەردانی ماڵی هاوسەرەکەتم کرد، جوامێر ئەو پیاوەی بە نهێنی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ «گوڵنار»ی خوشکەزاکەمدا هەبوو.

با باسی گوڵنارت بۆبکەم، ئەو کچە شۆخەی دڵی هەموو پیاوێکی ئەبرد، وای لەجوانی و دڵبەری گوڵنار، وای لە چاوە قاوەیی و خومارەکانی، کەئەستەم بوو هیچ پیاوێک بیتوانیبا لەبەردەمیدا خۆی بگرتبا کاتێک پیاو لێی دەڕوانی لەنیگاکانی تێر نەئەبوو.

دەزانم ئەوە بۆتۆ چیرۆکێکی بەئازارە، بەڵام ناچارم بەهۆی پەریساوە، هەموو نهێنیەکانت بۆ ئاشکرا بکەم، دڵنیام بەهۆی کەم ئەزموونیت لەژیاندا، ئەستەمە بتوانیت ئەو ناپاکییە لەهاوسەرەکەت پەسەند بکەیت، کچەکەم پیاوان سروشتێکی جیاوازیان هەیە هەرگیز وەک ژنەکان بیر لە خۆشەویستی ناکەنەوە، تۆ لەهەستی خۆشەویستی خۆتەوە لە پیاو دەڕوانیت، بەڵام پیاوان هەرگیز ناتوانن لەخۆشەویستی و عەشقدا وەک ژنەکان بەردەوام قوربانی بەخۆیان بدەن، زۆرینەی پیاوانهەمیشە ژنان وەک میوە دەبینن، هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکەن تامی هەموویان بکەن.

جوامێر یەکێک بوو لەو پیاوانەی بەدوای ئارەزووەکانی خۆیەوە بوو، هەرگیز هێزی ئەوەی نەبوو لەبەردەم ژنێکی جوانی وەک گوڵنار ی خوشکەزام خۆی پێڕابگیرایە، کاتێک گوڵنار بۆمەبەستی تۆمارکردنی

سکاڵای جیابوونە لە دەستگیرانەکەی بەهۆی کێشەی نێوانیانەوە، کە تەنها ماوەی دوومانگێک دەبوو یەکتریان ناسیبوو، بۆمەبەستی سکاڵای جیابوونەوە سەردانی بنکە دەکات، عاشقی جوامێر دەبێت، هەستی تۆڵەکردنەوەی بۆ دەستگیرانەکەی لەناخیدا زاڵ دەبێت و ژوانێک لەگەڵ جوامێر ڕێکدەخات، ئەوە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی گوڵنار بەتەواوی بەهۆی زمانە شیرین و ڕەفتارە تەلیسم ئامێزەکانی جوامێر عاشقی بێت و جەستەی خۆی پێ ببەخشێت و کچێنی خۆی لەدەست بدات.

کە ئەوە ڕوودەدات، گوڵنار نازانێت جوامێر هاوسەری هەیە، دوای ئەوەی لەڕێگەی یەکێک لەئەفسەرەکانی هاوڕێی جوامێرەوە ئەوە دەبیستێت، ئیتر پەیوەندی نێوانیان تەواو ئاڵۆز دەبێت، گوڵنار بەناچاری بۆئەوەی دایک وباوکی بەوە نەزانن کەکچێنی لەدەستداوە، بیرلەوە دەکاتەوە فشارێک بۆسەر جوامێر دروستبکات، لەژوانێکدا بەنهێنی لەتەلەفونەکەی جوامێردا ژمارەکەی تۆ ئەدۆزێتەوە و پەنا بۆمن دەهێنێت و ناچارم دەکات لەڕێگەی نامەوە تۆئاگاداربکەمەوە لەڕفتاری هاوسەرەکەت، هەتا بێتە فشارێک بۆئەوەی جوامێر ناچاربکات خۆی یەکلا بکاتەوە و بڕیاری جیابوونەوەی خۆی لەگەڵ تۆ بدات.

من نازانم پەیوەندنی نێوانتان چلۆن بوو، بەڵام کاتێک تۆ چیرۆکی ژیانی خۆت لە تابلۆکاندا بۆگێڕامەوە، ئەو

کاتە زانیم تۆ لەناو وەهمی عەشقێکدا ژیاویت، بەڵام جوامێرهەرگیز بەو شێوەیە باسی تۆی بۆ گوڵنار نەکردبوو، کاتێک ئەوە ئاشکرابوو، بە گوڵناری وتبوو «نێوان من هاوسەرەکەم زۆر خراپە، هەرگیز ناتوانم پێکەوە بژین، هەربۆیە بیرم لە تۆ کردۆتەوە» ئیتر لە دوای ئەوە جوامێر بڕیاری دا هاوسەرگیری لەگەڵ گوڵنار بکات و بیرێک لە جیابوونەوە بکات لە گەڵ تۆدا، هەربۆیە جوامێر بەردەوام چاودێری تۆی دەکرد، بۆئەوەی شتێک لەتۆدا بدۆزێتەوە تا لەڕێگەیەوە وەک بیانوویەک بکاتە هۆکاری جیابوونەوەتان، ئەو ڕۆژەی بەنامە تۆم ئاگادارکردەوە لەداوێن پیسی هاوسەرەکەت، جوامێر ئاگادار بوو لەوەی تۆ هاتبوویتە نێو قاوەخانەکە، هەر ئەو ڕۆژە بەناچاری بڕیاری ئەوەی دا گوڵنار بکاتە هاوسەری خۆی، بۆئەوەی پەشیمان نەبێتەوە، چەند جارێک لەڕێگەی تۆوە فشارێکی ترم خستە سەری بۆئەوەی بڕیاری تەواوی خۆی بدا.بەڵام من ئەو پرسیارە لە تۆدەکەم سەناریا « ئایا جوامێرو گوڵنار، تاچەند لەو هاوسەرگیرییەدا خۆش بەخت دەبن، ئایان ئەوان توانیویانە یەکتری بدۆزنەوە». باخۆم وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە کچی خۆم، دڵنیام هاوسەرگیری هەڵەیەکی گەورەیە، مرۆڤ بەناچاری دەیکات، چونکە زۆر ئەستەمە دوو مرۆڤ بتوانن بەهەست و ڕۆح هەتا کۆتایی ژیانیان پێکەوە بژین ئەگەر ئەشقێکی ئەفسوناوی

لە نێوانیاندا دروست نەبێت. دڵنیابە خۆشەویستی هەرگیز ناتوانێت بەهێندەی عەشق  نەمر بێت و دوو جەستە و ڕۆحی جیاواز ئاوێتەی یەکتری بکات، دڵنیابە لەوەی خۆشەویستی زیاتر لە جەستەدا خۆی ئەنوێنێت، بەڵام عەشق لە ڕۆحەوە سەرچاوە دەگرێت.ئێستا بەبڕوای تۆ لەنێوان جوامێرو گوڵناردا ئەو عەشق بوونی هەیە، یان تەنها خۆشەویستییەکی کاتییە و حەزی جەستەیان دروستی کردووە؟

ئەو ڕۆژەی جوامێر سەردانی تورکیای کرد، لەگەڵ هاوڕێکانی نەبوو، بەڵکو ئەوە بۆمانگی هەنگوینی بوو لەگەڵ گوڵنار دا، لەو ڕۆژە بەدواوە بەپێویستم نەزانی چیتر پەیوەندی بەتۆوە بکەم، ئەو کاتانە من هێشتا نەگەڕابوومەوە بۆ ئێرە کاتێک خۆت لەچیرۆکی تابلۆکانتدا بۆت گێڕامەوە، ئەو کات زانیملەڕێگەی قاوەخانەکەوە نامۆت ناسیوە، کە گەڕامەوە زۆر بەدوای نامۆدا دەگەڕام، بەڵام بەهۆی گواستنەوەی ماڵەکەیان خوشکی هاوسەرەکەم پەیوەندی لەگەڵ نامۆ و ژنەپیرەکەی ناسیاویان بڕابوو، نازانم نامۆ بۆچی ئارەزووی ئەوەی نەبوو سەردانیان بکات، زۆر بەدوای  نامۆدا گەڕام، کەس هەواڵی نەزانی، تا لەڕێگەی ناسیاوێکمانەوە زانیم نامۆ لەماڵێکی دورە دەستی شاردا بەتەنێ دەژی، چەند ڕۆژێک پێشئەوەی بێمە ناو هۆڵی پێشانگەی تابلۆکانەوە، لە دوورەوە چاودێری ماڵەکەتم

دەکرد تا ئەو کاتەش نەمزانیبوو نامۆ مردووە، ڕۆژێک بە بێئەوەی بەخۆت بزانیت بەتەکسییەک بەدوات کەوتم، زۆر دڵم بەوە خۆش بوو، کە تۆم بینی دوگیانیت، سەرەتا وامزانی هاوسەری نامۆیت، هەربۆیە ئەوەم بە شیاوتر زانی لەڕێگەی تۆوە خۆم بەنامۆ بناسێنمەوە، بەڵام چارەنوس هەموو ئەو خەونانەی منیان گۆڕی، کە بۆداهاتووی نامۆ هەمبوون،

## ٦

لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکەیت بۆچی پەریسام لەگەڵ خۆم بردوو لات نەمامەوە، تا ڕووبەڕوو هەموو ئەوانەت بۆ بگێڕمەوە، دەزانم ئەوە بۆتۆ دەبێتە خەم و ئازارێکی نەبڕاوە لەژیانتدا، بەڵام ژیان بەبێ ئازار هاوسەنگی نامێنێت، مرۆڤ هەمیشە بەدوای خۆشبەختیدا دەگەڕێت بۆئەوەی ژیانێکی ئاسودە بۆخۆی بەرجەستە بکات، بەڵام هەرگیز خۆشبەختی بەکەسانی تر ڕەوا نابینێت، مرۆڤایەتی بۆخۆی سەرچاوەی ئازارەکانی یەکترن، ئەگەر مرۆڤ لەناخی خۆیەوە لەمرۆڤایەتی بڕوانێت، هەرگیز ڕێگە بەخۆی نادات ئازار بە کەسانی تر ببەخشێت، لەوانەیە تۆوابڕوانیت من ئازارێکی نەبڕاوەم بە تۆ بەخشیبێت! ئایا ئەوە تا چەند بەلاتەوە دروستە؟

با بتگەڕێنمەوە بۆ لای پەریسا، دەمەوێت نهێنی خۆکوشتنی نامۆت بۆ بگێڕمەوە دڵنیام گومانت لەوە هەیە جوامێر دەستی لەکوشتنی نامۆ دا هەبێت. ئەو کاتەی باسی نوسینە سڕاوەکەی سەر دیواری ماڵەکەی نامۆت بۆکردم، بە بێئەوەی بزانێت هەرئەو ڕۆژە پەیوەندیم بەجوامێرەوە کرد، پرسیاری ئەوەم لێکرد لەسەر دیوارەکە نامۆ چی نوسیبوو، لەوەڵامدا پێی وتم (بەپێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتبوو نامۆ بۆخۆی خۆی خنکاندبوو، باشترین بەڵگەش بۆئەوە نوسینی

سەردیوارەکە بوو، کە بۆ سەناریای نوسیبوو «سەناریا گیان ئەزیزەکەم، بەردەوام من لەگەڵ ژیاندا دەجەنگام، بەڵام سروشتی ژیان ئەوەندە قێزەونە لەناو خۆشیەکانی خۆیدا ئازارێکی تر دروستدەکات، هەر بۆیە من بەرگەی ئەو تاوانە ناگرم کەئەنجامم داوە، ئازاری ژیانم بە منداڵێکی بێتاوان ببەخشم، لەئێستادا مەرگ جوانترین هەڵبژاردەیە بۆئەوەی دەرونی خۆمی پێ ئاسودە بکەم، ئەگەر منداڵەکەت کچ بوو ناوی بنێ پەریسا، هیوادارم لەم ژیانەدا بەهێزو خۆڕاگربێت، تۆش ئازادیت لەوەی چ بڕیارێک ئەدەیت « دڵنیابە خاتوو زێڕین وێنەی نوسراوەکەم لایە ئەگەر متمانە ناکەیت نیشانت ئەدەم ).

بەڵێ سەناریا جوامێر ئاوای پێوتم. نامۆ بەدەستی خۆی ئەوەی نوسیبوو، کاتێک جوامێر ئەوە دەبینێت دەزانێت تۆ ناپاکیت لەگەڵیدا کردووە بۆئەوەی هاوڕێکانی پێی نەزانن و سوکایەتی پێ نەکەن بەدەستی خۆی نوسینەکەی بەو بۆیانەی خۆت ڕەش دەکاتەوە کەلە ماڵی نامۆ بە جێتهێشتبوون، جوامێر دڵنیابوو لەوەی پەریسا منداڵی خۆی نییە.

کچەکەم سەناریا.. باوکی پەریسا نامۆ یە، پەریسا کوڕەزای منە، پێم خۆشە ئەو ئازارە لە دەرونتدا بسڕەوە کە پەریسا زۆڵ نییە، بەڵکۆ لە هەست و ویست و خۆشەویستی نێوانتانا دروستبووە، لەوانەیە سەرت لەم قسانەم سووڕ بمێنێت، بەڵام دڵنیابە لەوەی

زۆرینەی خێزانی ئەم شارە بەخۆشەویستییەوە منداڵ دروستناکەن، منداڵێک لە هەستی خۆشەویستییەوە دروست نەبێت دڵنیابە زۆڵە، هەرچەندە من لەگەڵ ئەو وشەقێزەون و بێمانایەدا نیم و متمانەم پێی نییە، بەڵام لێرە ئەوە نەریتێکە کەمن و تۆ بەتەنێ ناتوانین نکولی لێ بکەین و ڕەتی بکەینەوە، دڵنیابە زۆرێک لەهاوسەرەکان وەک من و سالار بەپێی نەریتەکانی ئەم ژیانە هاوسەری یەکترن، بەڵام بەڕۆح لەیەکتری جودان و بەناچاری لەگەڵ یەکدی دەخەون و منداڵ دروستدەکەن.

شتێکی تر هەیە پێم خۆشە پێت بڵێم، بۆئەوەی هەست نەکەیت من تاوانێکم بەرامبەرت کردووە، من بەمافی خۆمی دەزانم لەبری ئەوەی تۆ نامۆت ناچارکرد بەوەی لەگەڵتدا بخەوێت و تاوانی دروستکردنی منداڵێکت خستە ملی، من پەریسا بەرم، ئەمە پاساو نییە بۆ بردنی پەریسا، بۆت دەهێنمەوە، بەڵام تۆ هاوکاری خۆکوشتنی نامۆیت، ئەگەر هەموو ئەوانە ڕووی نەدابا، من بەدڵێکی شکاو نائومێدەوە نەئەگەڕامەوە بۆوڵاتی خۆم.

دڵنیام لەوەی پەریسا بۆنی نامۆی لێدێت، ئەو کاتەی لەدایک بوو، زانیم پەریسا لەنامۆ بووە، چاوەکانی بەتەواوی بە منداڵی نامۆ دەچوون، پەریسا خوێنی نامۆی هەڵگرتووە، هەربۆیە کاتێک لەئامێزم دەگرت بۆنی نامۆم دەکرد، واهەستم دەکرد ئەو ساتانەیە کەنامۆم بە منداڵی لەئامێز دەگرت. دڵنیابە لەوەی تەنها

دایک دەتوانێت بە بۆن منداڵ و نەوەی خۆی بناسێتەوە.

بمبەخشە لەوەی بەڕەفتارەکانم ئازارم دابیت، بەڵام ئەوە بەمافی خۆم دەزانم، دڵنیام ئەگەر ئەوەم نەکردباو پەریسام لەگەڵ خۆم نەبردبا، تۆ ئاسودە نەدەبویت، بە گەورەکردنی منداڵێک کەخەڵکی وەک نامۆی کوڕم پێی بڵێن زۆڵ، دڵنیام پەریسا بەو تانەو تەشەرانە هەرگیز ژیانێکی ئاسودەی نابێت، منیش ناتوانم لەگەڵ مەرگینامۆ ئەو تەمەنە کەمەی ماومە تێدا ئاسودە بم و ئازاری مەرگی نامۆ لەناخمدا دامرکێنمەوە.هیوادارم بتوانیتلەناو ئازارەکانی ژیانی خۆتدا خۆشبەختی بدۆزیتەوە، ئەوە سروشتی ژیانە ئازیزەکەم.

## ٧

کاتێک نوسینەکەم خوێندەوە هەموو جەستەم لەئارەقەی خۆمدا نقوم ببوو، خەریکبوو لەهۆش خۆم دەچووم، لەو ماڵە چۆڵەدا پڕبە گەروم قیژاندم و هاوارم کرد «نەفرەت لەو ژیانەی کە منی خستە نێو ئەم دۆزەخەوە» بە شێوازێک ڕەفتارم دەکرد وەکئەوەی بەتەواوی عەقڵم لەدەست دابێت، نەمدەزانی بیر لەچی بکەمەوە و سەری کاسم بە کوێدا بکەم، پەنا بۆکوێ بەرم تا ئازارەکانی خۆمی تیا بەتاڵ بکەمەوە و ئارامیی بەناخی شێواوم ببەخشمەوە، بەناچاری پەنام بۆ دەرگای کەنتۆرە کە بردوو تاوم دایە ئەو بوتڵە ئارەقەی چەند پێکێکم لێ خواردبۆوە، پێکێکم تێکردوو لەگەڵ حەبێک بەجارێک هەموویم خواردەوە، وێنەی پەریسام لەسەر دیوارەکە دروستکرد، وێنەیەک تەواو بەخۆی دەچوو، کەلە ئامێزمدا بەدەم خەونەوە خەندەیەکی جوان لەسەر لێوەکانی بوو، ئەوەندەی نەبرد وەکئەوەی دیوارەکان بۆخۆیم لوش بدات، خۆم لەو چۆڵەوانییەدا بینیەوە کە پیاوی قامچی بەدەستەکەی لێبوو، لەسەر کورسیەک دانیشتبوو گەمەی بەقامچییەکەی دەستی دەکرد، بە نیگا تیژو تۆڕەکانی تەواو بەباوکم دەچوو، ترسێک هەموو جەستەمی تەنییەوە، لەهەوڵی ئەوەدابووم لەدەستی هەڵبێم، بەڵام قاچەکانم وەکئەوەی لەناو ئەو خاکە ڕەق

ووشکەدا ڕوابێت، توانای ئەوەم نەبوو لەشوێن خۆم بجوڵێم، ئەوەندە بەخۆم زانی پیاوی قامچی بەدەستە کە بە هەموو هێزی بەقامچییەکەی دەستی کەوتە لێدانم، لەو ساتەدا بەدەم ئازاری جەستەمەوە دەمناڵاند، دەنگی گریانی پەریسا هەژاندمی، چاوەکانم بەهەموو لایەکی خۆمدا گێڕا بۆئەوەی سەرچاوەی گریانی پەریسا بدۆزمەوە، بێئاگابووم لەئازاری ئەو قامچییانەی جەستەمیان شین و مۆر دەکردەوە. لەو کاتەدا پەریسا م لەبەردەم دەرگا تەختەکەی پیاوە قامچی بەدەستەکە بینییەوە، لەهەوڵی ئەوەدا بووم بەرەو ڕووی بچم و قوتاری بکەم، بەڵام بیناییم تەواو تاریک بوو، کاتێک بەخۆم هاتمەوە بەدەم هاواری ئازاری جەستەو ناخمەوە لەژوورەکەی خۆمدا دەمناڵاند، هەموو ئەندێشەم لەپەریسا دا کۆبۆوە، پرسیاری ئەوەم لەخۆم دەکرد، پەریساچلۆن گەیشتە لای ئەو پیاوە بێ بەزەییە؟.

لەدوای ئەو ڕۆژە، چەند جارێک هەوڵی ئەوەمدا لەناو دیوارەکاندا پەریسا ببینمەوە، بەردەوام لەدیواری هەمووماڵەکەم دەڕوانی، بەڵام ئەو نەهات، هەموو کاتێک پیاوی قامچی بەدەستەکە خۆی دەئاژووە ئەندێشەمەوە و ئازاری ئەدام، ئیتر لە بینینەوەی پەریسا تەواو بێئومێد بووم، بۆخۆیشم نەمدەزانی چۆن پەریسا بەدەست بێنمەوە، ماوەیەک بیرم لەپلانێک دەکردەوە بۆئەوەی پەریسا لەدەستی ئەو پیاوە قوتار بکەم، شەوێک

جەبار عوسمان

بەدزی پیاوی قامچی بەدەستەکەوە، کە بەردەوام بەناو دیوارەکاندا دەهاتوو دەچوو، بەترپەی پێکانی خەوی دەزڕاندم.ئەو ژێرکراسە سپییەم پۆشی کەشەوانە پیۆەی سەمام بۆ جوامێر دەکرد، ماکیاژێکی جوانم کردوو تەواو خۆم ڕازاندەوە، چەقۆیەکی تیژی گەورەم لەناندینەکە هێناو لەناو دەرپێ کورتەکەمدا شاردمەوە و لەگەڵ خواردنی پەرداخێک ئارەق و دووحەب ڕۆچوومە دیوارەکانەوە،

کاتێک پیاوی قامچی بەدەستەکە منی بەوشێوەیە بینی چاوەکانی لەسەر ڕانە سپی و گۆشتنەکانم نابوو، جارجارێک زمانە زەردوو زبرەکەی لەلێوەکانی دەخشاندوو بەسەر شەڕواڵەکەیەوە دەستێکی بەچوکە ڕەقبووەکەیدا دەهێنا، بەو ڕەفتارەی دڵنیابووم لەوەی جەستەم هەستی بزواندووە، بەخەندەیەکی دەستکردەوە بەرەو ڕووی چووم وتم «دەمەوێت ئەمشەو میوانی تۆ بم» چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، بۆئەوەی دڵنیابێت لەوەی کەس ئاگای لێمان نییە، بەدەستەکانی ئیشارەتی ئەوەی بۆکردم بەدوایدا بڕۆمە نێو خانووە کەوە، ترسێک زۆر هەنگاوەکانی تێکەڵ کردبووم بەڵام ئومێدی پلانەکەم بۆ قوتارکردنی پەریسا وای لێکردم بەخۆم بێمەوەو هێزێک بەخۆم بدەم.

کە لەگەڵیدا چوومە ژوورەوە، دەرگاگەی لە دوامانەوە کڵۆم داو داوای لێکردم بەرەو ئەو ژوورەی پشتەوە

بڕۆم، کە چرایەک بەکزی تێیدا دەسوتا و ڕۆشناییەکی کەمی بەژوورەکە دا بوو، من لەو ساتەدا گوێیەکانم بۆ دەنگی پەریسا هەڵخستبوو بەڵام دەنگی نەبوو، پێدەچوو لەخەوێکی قووڵدا بێت، بۆئەوەی گومانم لێ نەکات لەناوەڕاستی ژوورەکەدا دەستمکرد بەسەمایەکی هەستبزوێنانە، بۆئەوەی لەجەستەی خۆمدا مەستی بکەم،

ئەو بەردەوام چاوە پڕلە شەهوەتەکانی لەسەر جەستەم بوو، دواتر هاتە نێزیکمەوە و زللەیەکی توندی بە کەفەڵمداکێشاو پرچی لەدواوە گرتم و بە دەمە بۆگەنەکەی لێوەکانی دەمژیم، ئەو بۆنە ناخۆشەی لەدەمیەوە دەهات هێڵنجێکی قووڵی بەگەدەم ئەدا، بەڵام بۆئەوەی لەخۆمدا مەستی بکەم و کاری خۆم تەواو بکەم، ناچار بووم بەویستی ئەو ڕەفتارم بکردبا. تاوناتاوێک زمانە زبرو بۆگەنەکەی دەخستە دەممەوە، بەو ڕەفتارەی زانیم تەواو هەستی بۆم بزواوە، بەپاڵێک لەخۆمم دوور خستەوە و لەسەر ئەو ڕاخەرەی بۆنی ڕیخی ئاژەڵی لێدەهات بە پشتا پاڵکەوتم، تائەو کاتەی شەرواڵ و کراسەکەی لەبەری خۆی داماڵی، من چەقۆکەم لە دەرپێ کورتەکەمدا دەرهێناو خستمە ژێرخۆمەوە و ژێرکراسەکەم هەتا سەرسنگم بۆهەڵماڵی، ئەو کە دیمەنی منی بینی ئارامیی لێبڕا، ئەوەندە برسیبوو بەتاوێک خۆی بەسەرمدا داو چوکی لەناو لەشم نا،

منیش بۆئەوەی تەواو مەستی بکەم تاوناتاوێک لەگەڵ تەکانەکانیدابەئاهێک لەخۆمم هار دەکرد، تاوای لێهاتبوو لەناو چێژی خۆیدا مەست ببوو، هەستمکرد دۆخەکە زۆر لەبارە بۆئەوەی کاری خۆم تەواو بکەم، بەهێمنی چەقۆکەم لەژێرخۆمدا دەرهێناو هەتا هێزم تیابوو لەپشتیم چەقاند.

هاواری پیاوی قامچی بەدەستەکە، پەریسای بەئاگا هێنایەوە، لەو ساتەدا دەنگی گریانی پەریسا تێکەڵ بە هاواروناڵەی پیاوی قامچی بەدەستەکە ببوو، بەدەم ئازارەوە لەسەرم هەڵساو بەلادا کەوت، دڵنیابووم لەوە ئەو پیاوە کەتەو زلە ئەستەمە بەچەقۆیەک کۆتایی بەژیانی بێت، بۆئەوەی زیاتر دڵنیابم لەمردنی هەڵسام و چەقۆکەم لەپشتی دەرهێناو جارێکی تر بەهەموو هێزم لەسەر دڵیم چەقاند.ئەو لەهەوڵی ئەوەدا بوو چەقۆکە لەسنگی خۆی دەربێنێت بەڵام چەقۆکەم ئەوەندە بەتوندی لێدابوو دڵنیابووم لەوەی بەناو دڵیدا ڕۆچوو بوو.

لە دوای چەند هاوارێک کەفێکی زەردی لینج لەدەمی هاتە دەرەوە و بەتەواوی هێزی لێبڕا، بەبینینی ئەو دیمەنە ئەوەندە پەشۆکابووم، نەمدەزانی بەرەو کوێ بڕۆم، گریانی بەردەوامی پەریسا وەکئەوەی بانگم بکات و بۆنی هاتنمی کردبێت بەخۆی هێنامەوە، بەپەلە لەژوورەکە هاتمە دەرەوە، خۆم بەو ژوورەدا کرد کە

پەریسای لێبوو، لەئامێزم گرت و بەڕاکردن لەماڵە کە هاتمە دەرەوە و بەرەو قوولاّیی ئەو دەشتە ڕۆیشتم، کە نەمدەزانی بەرەو کوێم دەبات، بۆئەوەی پشوویەک بدەم، لەژێر سێبەری دارێکدا دانیشتم و لەچاوە گەشەکانی پەریسام ڕوانی، کە تەواو بە چاوەکانی نامۆ دەچوون، بەهەموو هێزم بەخۆمەوە نوساندم و بۆنی لامل و گەردنیم دەکرد. ئای کە بۆنێکی خۆشی لێدەهات، ئەوەندە بۆنمکرد هەتا لەنێویدا مەست ببووم،

کەبەئاگا هاتمەوە بە دەستەکانم خۆم لەئامێز گرتبوو، هەستم بەبوونی پەریسادەکرد لەباوەشی خۆمدا، ئەو شەوە بەئارامیی خەوتم، پیاوی قامچی بەدەستەکە ئاسەواری لە دیوارەکاندا نەما، تەنها دەنگی پەریسا نەبێت لەگەڵ گریانیدا ئامێزم بۆ دەکردەوە، ئەویش بەهەست و خۆشەویستی من ژێر دەبۆوە، ئێستاش هەموو شەوێک من لەدوای خواردنەوەی پێکێک ئارەق و ئەو حەبە، هەست بەبوونی پەریسا دەکەم، لەئامێزی خۆمی دەگرم و ئازارەکانی خۆمی پێ ئەڕەوێنمەوە.

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ڕۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن

ژمارە :
ڕۆژ : / /کوردی ٢٧١٩

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية
ژمارە : ٢٥٠٩
بەروار : ١١/ ١٢/ ٢٠١٩

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
ڕۆیشتوو

بۆ/ چاپخانەی چوارچرا

بابەت / ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی( ٢٦٩٠ ) ی ساڵی ٢٠١٩ تەرخانکراوە بۆ کتێبی (پیاوە قامچی بەدەستەکە) کە لە نووسینی (جەبار عوسمان)ە، بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە ، کە بابەتەکەی (ڕۆمان )ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکرێت.

لەگەڵ ڕێزماندا

فەرمانبەری بەشی سپاردن

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
ژمارە
ڕۆژ ٢٠١٩/١٢/١١

ئالان محمد ڕۆوف
بەڕێوەبەر

تێبینی:

١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە.
٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.
٣- ئەم نووسراوە سکان بکرێت ولە دوا لاپەڕەی کتێبەکەدا دابنرێت .

وێنەیەك بۆ/
- دوسیەی سپادرن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com
ژمارەی تەلەفۆن/ ٣٢٠٢٧١٦